■ ژمارە (٥٣) ■ تەموزی ٢٠٠٨ ■ ساڵی پێنجەم ■ نرخ (٧٥٠) دینار

# نەوەند

گۆڤارێکی سیاسیی رۆشنبیریی گشتیی ئازادە

■ خاوەنی ئیمتیاز: ئارام عەزیز
■ سەرنووسەر: ستیڤان ئەحمەد (شەمزینانی)
■ بەڕێوەبەری نووسین: ئاسۆ عوسمان
■ دەستەی نووسەران: سەناریا خالید
سۆران محەمەد    شەنگە جەلیل
■ ئەدرەس: سلێمانی- شەقامی گۆران -بازاڕی خۆشی - نهۆمی سێیەم



حەمەغەفور

دواکەوتوویی دەسەڵاتی کوردیی

٣٠



٣
کێشەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان



٣٣
مێنتەلێتیی خێڵ و زمانی یەکگرتوو

٤٢

دکتۆر ئیمانوێل مارتا*

قەیرانی نرخی خۆراک: کێ بەرپرسیارە؟






٣٥
تورک کێن؟ ئەتاتورک کێیە؟



٣٧
راپەڕینی خەڵکی قیرغیزستان ..

پەیوەندییەکان: ٠٧٧٠٥٠٠٤٢٨٩    ٠٧٧٠١٤٥٩٩٢٢    ٠٧٣٠١١٢١٦٤١    Newand_rozhnama@yahoo.com

■ تیراژ: (١٠٠٠) ■ تایپ : مەڵبەندی کۆمپیوتەری کازیوە ■ دیزاینی بەرگ و بابەتەکان

وێنەی بەرگی یەکەم: تۆفیق جاف

# ئەوكاتەی
# دەسەڵاتی کوردیی کەرکووك بە نەوت دەفرۆشێت!



**موحسین ئەدیب**

کورد دەمێکە خۆی بەخاوەنی راستەقینەی کەرکووك دەزانێت ودەمێکە شەڕی لەسەر دەکات، دەمێکە بابەتی سەرەکیی دانوستانەکانییەتی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندییدا، زۆرجار هۆکاری شکستی دانوستانەکانیشی بووە لەگەڵ بەغدا، کەرکووك لەئەدەبیاتی سیاسیی وغەیرە سیاسییشدا ئامادەگیی بەرجەستەی هەیە، لەوانەیە ئەمەش زۆر بەزەقی لەوەدا دەربکەوێت کەبارزانی بە (دڵی کوردستان) و تاڵەبانی بە(قودسی کوردستان)ی لەقەڵەمداوە. هەموو ئەوانە بەڵگەنەویستن کەمەسەلەی کەرکووك مەسەلەیەکی جەوهەریی بووە لای کوردو پارت ودەسەڵاتی کوردیی و کەم تازۆریش، زۆرێك لەنەهامەتییەکانی کورد دەشێت بەهۆی کەرکووکەوە هاتبێتە ئاراوە (چونکە ئیدی مەسەلەی کەرکووك لەوە دەرچووە کەپەیوەندیی بەجوگرافیایەکی دیاریکراوەوە هەبێت و بووەتە رەمزی نەتەوەیەك)، لێرەشەوە شەهیدبوونی هەزاران رۆڵی کورد وکاولبوونی ٤٠٠٠گوند وئەنفال وهەڵەبجە دێنە ناو مێژووی میللەتێکەوە. لەبەرامبەردا چەندێك کورد خۆی بەخاوەنی کەرکووك زانیوە زیاتر لەوە (ئەویدی) کەرکووکی بەکورد رەوا نەبینیوە، بەردەوام دەسەڵاتی بەغدا وهەندێجار بارودۆخی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ وبارودۆخی ناوخۆی کەرکووك، یان هەموویان پێکەوە ئیشیان لەسەر ئەوە کردووە کەرکووك لەکوردستان دابڕن. بێگومان ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە (ئەویدی) کار لەسەر ئەوە بکات ئێمە نەبینە خاوەنی کەرکووك، تاراددەیەك ئەوەش ئاساییە لاوازیی دیبلۆماسییەت وهێزی سەربازیی پارت و دەسەڵاتی کوردیی نەیانتوانیبێت ئەو شارە بخەنەوە سەر کوردستان، ئەوەش ئاساییە دەسەڵاتی کوردیی خۆی و میللەتیشی بەوە هەڵخەڵەتاند کەلەرێگای دەستوور ویاساوە ئەو مەسەلەیە یەکلایی دەکەنەوە، تاراددەیەك ئەوەش ئاساییە بەهۆی کەمتەرخەمیی وخۆشباوەڕیی دەسەڵاتی کوردیی بە ئەمەریکا نەیتوانی ماددەی ٥٨ی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت بەهیچ شێوەیەك بجووڵێنێت وهەنگاوی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەیی بنێت، بۆ دەسەڵاتێکی وەك دەسەڵاتی کوردیی لاواز وکەمتەرخەم ونەزان و خۆبەکەمزان لەبەرامبەر ئەویدیدا، لەوانەیە هەموو ئەمانەی ئاماژەمان پێکردن تاراددەیەك ئاسایی بن، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ومایەی قەبوڵکردن نییە ئەوەیە: (کەرکووك بەنەوت بفرۆشرێت)، چونکە ئەم مەسەلەیە رەهەندێکی ئەخلاقی قووڵی هەیەو ئەو بڕوایەمان لا تۆختر دەکاتەوە کەدەسەڵاتی کوردیی لەپێناو سەروەت وسامانیدا ئامادەیە میللەتەکەی خۆی بفرۆشێت. کاتێك دەسەڵاتی کوردیی کەرکووك بەنەوت دەفرۆشێت پێماندەڵێت: من ئامادەم لەپێناو مانەوەو دەوڵەمەندبوونی هەرچی زیاتری خۆمدا مێژووی خۆم بفرۆشم، ئەدەبیات ودروشمە بریقەدارەکانی خۆم زەڕبی سفر بکەم، (دڵی) کوردستان بکەم بە (سپڵ)ی کوردستان، ئامادەم پیرۆزی (قودس)ەکەی کوردستان بخەمە ژێرپێی دۆلاری (پیرۆز)ەوە، ئیدی فرۆشتنی میللەت چییە؟ کاتێك دەسەڵاتی کوردیی کەرکووك بەنەوت دەفرۆشێت ئیدی گەندەڵی ئیداریی وئابووری بەیەکجارەکی ئاوێتەی گەندەڵی سیاسیی وهەڵوێست فرۆشتن دەبن وئەوەندەی دی ئاسۆی هیچ هیوایەك بەدیناکەین بۆ ریفۆرم وچاکسازیی. کاتێك دەسەڵاتی کوردیی کەرکووك بەنەوت دەفرۆشێت،ئەو بڕوایەی نەیارە مێژوویەکانمان پشتڕاست دەکاتەوە کەکورد بەتەنیا لەبەر نەوت کەرکووکیان ویستووە، ئەوەتا ئێستا لەبەرئەوەی نەوت لەچەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا دۆزراوەتەوە ئیدی منەتیان بە کەرکووك نەماوە وئەوەتا وەك (یوست هیلتەرمان) لەگروپی تەنگژە نێودەوڵەتییەکان دەڵێت (پێدەچێت دەسەڵاتی کوردیی لەبەرامبەر ئەوەی رێگای پێبدرێت نەوت لەرێگای تورکیاوە رەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکات رازیبێت دەستبەرداری کەرکووك ببێت)!، هاوکات سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش لەئیماراتەوە رایگەیاند (ئەوان ئامادەن دەسەڵاتی سیاسیی لەکەرکووك دابەشبکەن) لەوە مەترسیدارتر ئاماژەی بەوەشکرد (مەرج نییە مەسەلەی کەرکووك بەتەنیا بەریفراندۆم یەکلایی بکرێتەوە)! ئەمەش بێگومان مانای زیندەبەچاڵکردنی ماددەی ١٤٠ە، لەکۆنگرە رۆژنامەنووسییە هاوبەشەکەشی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەماندا، کاتێك پرسیاریان لەوبارەیەوە لێکرد، نێچیرڤان بارزانی ئەو لێدوانەی رەتنەکردەوە. هەرچەندە من هیوادارم ئەو قسەیەی هیلتەرمان راست نەبێت و ئەو لێدوانەی سەرۆکی حکومەتیش لەوێوە سەرچاوە نەگرێت و ئەوەی ماسمیدیاکانیش سەبارەت بەو مەسەلەیە بڵاویانکردۆتەوە راست دەرنەچێت، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە وادەربچێت وکەرکووك بە(نەوت) بفرۆشرێت، ئەوا قوڕەکە خەستتر دەبێتەوە، چەندێك خەتەرتاك وشەرمهێنە دەسەڵاتی کوردیی کەرکووك بدۆڕێنێت، لەوە مەترسیدارتر ئەوەیە کەرکووك بە (نەوت) بفرۆشێت، چونکە فرۆشتنی کەرکووك بەنەوت بەتەنیا فرۆشتنی شارێك نییە، بەڵکو لەوە گرنگتر فرۆشتنی مرۆڤەکانی ئەو شارەشە، کێشە جەوهەرییەکەش ئەمەیە. بۆیە دەبێت لەئەزعەفول ئیماندا بەلامانەوە ئاسایی بێت بەهەر هۆکارێك کەرکووك بدۆڕێنین بەڵام بە نەوت نا.

# کێشەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان



**ئاسۆ کورد - بەرلین**

رەگوریشەی کێشەکانی ناو (ی.ن.ك) بەندن بەکێشە کەڵەکەبوو وهەڵئاوساوەکانی رۆژانی رابردووی شاخەوە، کەهەر هەمووی لەئاکامی نەبوونی (بڕوا، متمانە، پڕۆژەی چارەسەرکردنی هاوچەرخانە، یەکتری قەبوڵکردن، دەروونی "نەفسییەت) ساغ وبەهێز، راستگۆیی، روونبینی "شەفافییەت"، دادپەروەریی، دەستپاکیی، بەخشندەیی، لێبوردەیی، ژیربینی، ددانپیانان بەهەڵەکاندا) سەرچاوەیان گرتووە. هەندێك لەکێشەکانی رابردوو کە سەریانهەڵدابوو، سەد مخابن لەرەگوریشەوە چارەسەریان بۆ نەکرابوون و بە(پینەوپەڕۆ) بۆ ماوەیەکی کاتی، بۆ گەیشتن بەئامانجێکی کەمخایەن، دامرکاونەتەوە، پاشان دوای تەواوبوونی کاریگەریی دەرمانە کاتییەکە، ئیدی شێرپەنجەکە (سەرەتان) ەسەرلەنوێ بەئازارێکی بڕ سوێوە سەریهەڵداوەتەوە، لەبێبەختی کوردە، کەهەندێك لە کەسانی خۆ بەکوردزانیوو، نابەرپرسانە لەدەرەوەو ناوەوەی (ی.ن.ك)دا، لەباتی گەڕان بەدوای چارەسەردا، نەشتەر لەزامەکان دەچەقێنن. لەبیریان چووەتەوە، کەیەکێتی نیشتمانیی کوردستان وهەموو پارتە کوردییەکانی دیکەش، بەهەموو نێگەتیڤ وپۆزەتیڤەکانیانەوە، سامانێکی نەتەوەیین بۆ کورد. لەباتی خستنەرووی پڕۆژەی چاکسازیی (ریفۆرم) و رەخنەی راستگۆیانە ولۆگیکانە، رۆڵی دوژمنانی نەتەوەی کورد دەبینن ودوژمنمان پێخۆش دەکەن، کاتێك سەرۆکی هەرێم لەیادی دامەزراندنی یەکێتیدا لەسلێمانی وتی: شکستی یەکێتی شکستی پارتیشە. چونکە باش دەزانێت هەمووان پێکەوە جوانن، پێکەوە بەهێزن. تاکی کورد باشترە بزانێت کە نەتەوەی کورد، خاوەنی ئەم پارتانەیە بەچاك وخراپیانەوە بەرهەمی ئاوەز وبیرکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکن و ناکرێت و ناشێت هێڵی چەپ و راستیان بەسەردا بهێنین، دیرۆکی قوربانییەکانیان، کەخۆمان بەشداربووین، بسڕینەوەو تەنیا خراپەکانیان ببینین. سەرکردەو پارتی گەندەڵ، بەرهەمی عەقڵی(ئاوەز)ی گەلی گەندەڵە، ئەرکی هەموو تاکەکانی کوردە، کەهەریەکەو لەلایەن خۆیەوە دەست بەچاکسازیی بکات و راستگۆیانەو دەستپاکانە و لەخۆبردووانە،دان بەهەڵەکانی خۆیدا بنێت وچاکیان بکاتەوە، مرۆڤ نییە بێ هەڵە بێت، (سروشت)یش هەڵەی هەیەو پێرفێکت(تەواو)نییە، مرۆڤیش بەشێکە لەسروشت. کەواتە چارەسەر چییە؟: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وەك خێزانێك وایە، بۆیە کێشەکانیشی هەر لەناو خێزانەکەی خۆیدا، چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە، بەمەرجێك هەریەك لەجەمسەرە پەیوەندیدارەکان بەکێشەکانەوە، (راستگۆیانە، دەستپاکانە، دڵپاکانە، دەمپاکانە، روونبینانە، لۆگیکانە، ژیربێژانە وژیربینانە، بەگیانی بەخشندەییانە) دەردەکان، کێشەکان، گرفتەکان،تەنگژەکان، خاڵ بەخاڵ و بەند بەبەند دیاریی ودەستنیشان بکرێن وهەموو ئەگەرەکانیان بۆ دابنرێن.

ئەمە وەك هەنگاوی یەکەم زۆر گرنگە، چونکە کاتێك دەردەدارێك (ناساغ، نەخۆش، خەستە) بۆچارەسەر دەچێت بۆ لای دکتۆر (نوژدار، پزیشك)، یەکەم هەنگاو دکتۆرەکە دەست بە (تشخیص) دەستنیشانکردنی جۆری نەخۆشییەکە یان میکرۆب (ڤایرۆس)ەکە دەکات، پاشان بیر لەدۆزینەوەی دەرمانەکەی دەکاتەوە ودەیداتە نەخۆشەکە. لەشی (جەستەی) یەکێتی نیشتمانیی کوردستان نەخۆشەو کار وابڕوات بەرەو خراپیی دەچێت، پێموایە تائێستا دکتۆرەکەی، یان بەهەڵە دەرمانی داوەتێ یاخود ئەوەتا دەرمانەکەی کاتی بەسەرچووەو کاریگەریی لەسەر ڤایرۆسەکە نەماوە. من وەك مرۆڤێکی کورد بەرپرسیارێتی وخەمهەڵگریی هەموو ئازارەکانی گەلەکەمم لەکۆڵ ناوە، ئازارەکانی(ی.ن.ك)یش (ئەگەر ئەندامیشی نەبم یان ببم، رۆڵ نابینێت) بەشێکی دانەبڕاوە لەئازارەکانی نەتەوەکەم، بۆیە تکا لەهەموو سیمبۆل وجەمسەرەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەکەم، کەخەمگەرمیی زیاتر بنوێنن بۆ چارەسەری تەنگژەکان وهەرچی زووترە (دەست لەناو دەست، بۆ یەك مەبەست) لەرەگوریشەوە کێشەکان بۆ هەتاهەتایە بنبڕ بکەن وسەرلەنوێ هەموو دۆست وئەندامەکان، لەژێر چەتری ریفۆرم،چاکسازیی،دادپەروەریی،راستگۆیی،روونبینی، یەکسانیی، یاسای سەروەر، کۆ بکەنەوە وکۆنفرانسێکی سەربەرزانە بۆ تۆخکردنەوەی گەوهەری سۆسیال دیموکرات لەسەرانسەری ئەم نیمچە ئازادەی خاکی کورد، پراکتیزە بکەن.



# بەپێكەوەیی بووایە باشتر دەبوو

## لەپەڕاوێزی ناكۆكییەكانی نێو باڵەكانی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان



**مەهدی كاوانی**

برادەرێكی پێشمەرگە كۆنەكانم لەگەڵ چەندانێكی تر لەگەڵیدا

سەردانێكیان كردم و تا درەنگە شەو پێكەوەماینەوە. پێشتریش ناوناوە هاوڕێكانی شاخ سەردانیان دەكردم وهەر هەموویان تابلێیت تامەزرۆی مێژووی خۆیان بوون ودەیانەویست بەشێوەیەك لەشێوەكان ئاخ وكەسەری مێژوویان وبەیەكنەگەیشتنەوەی ئێستایان لای من بوروژێنن. كورتییەكەی ئەو برادەرەی ئەوجارەم دەرەجەدارێكی سەربازیی ئێستا وحیسابكراو لەسەر تەكەتولی كاك كۆسرەت بوو، لەگەرمەی باس وخواسە بەیەكنەگەیشتنەكانمان، ئەو بەپێكەنینەوە گوتی: مامۆستا مەهدی ئەوەی ئێوە لەسەردەمی شاخ دەتانبینی لەنا وناتۆرەو ئیتیهامكردن وهەڵپەساردن، ئێمەش بەهەمان شت وبەزیاتریشەوە تێیكەوتووین. خۆ ئێمەش كەزانرابێت لەسەر تەكەتولی ئەو بەڕێزە ساغ بووینەتەوە هیچمان بۆ ناكەن، بەراستیش ئەو هەر وەك كۆنینەكە

بەناوی هاوڕێیی وبەرێزلێنانێكی زۆرەوە ئاخاوتنی دەكردو ناوناوەش دەیگۆت: من شانازیت پێوە دەكەم وبەڕێزت مامۆستای من بوویت وتۆش بوویت منت هێناوەتە ناو تێكۆشان. منیش هەمدیسان بەپێكەنینەوە گوتم: خەتای خۆتانە، خەتای ئەو برادەرە بەڕێزەتانە كەوای لەخۆی دەكات، كەشتەكان وەها بكەوێتەوە كەلەپەڕاوێزكردنێكەوە بۆ پەڕاوێزكردنێكی تر بەرێبكەوێ. بەراستیش جیلی ئێستای یەكێتی بەتایبەتی گەنجانیان لەگێڕانەوەی چیرۆكە كۆنەكان و هەریەكەیان بەشێوەیەكی جیاوازەوە، بەولاوە هیچی تر لەمێژووی ئەو پارتە نازانێ. دەزگای فەرمیی ئێستای ئەو پارتە نەهاتووە باهەڵسەنگاندنێكی ناواقیعانەش بێت، لێدوان لەسەر مێژووی خۆی بكات. هەر بابایە سەركردەیەو كە دێتە سەر باس وخواسەكان، تان وشەكەت لەخۆی





دەدات وخۆی بەیەکێك لەقارەمانەکانی ناو حکایەتەکە نیشان دەدات ودەمیشی بڕیوەتە ناو ئاخاوتنەکانی بەڕێز مام جەلال و ئەوچی لەئەجیندای نیشان بدات، ئەمیش وەك سروود دەیڵێتەوە. دیارە بەڕێز مام جەلالیش هەر سەردەمەو جۆرە ئاخاوتنێك دەکات و لەسەر ئەوەش مێژووی هەیە کەلەقسەکانیدا هەمیشە سەردەمە کۆنەکانی بەئێستای دەشووبهێنێ وشتەکان بەتەندروست شی دەکاتەوەو موریدەکانیشی بۆی دەهۆننەوە. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەسەردەمی شاخ خۆی بەرێکخراوێکی نیمچە بەرەیی دەناساندو دەشیگوت ئەو بارەی رێکخراوەکەمان، رەنگدانەوەی باری جیاوازی کۆمەڵی کوردەوارییمانە کە لەچین وتوێژی کۆمەلأیەتی جیاواز پێکهاتوون وهەمووشیان بەرژەوەندییان لەسەرخستنی شۆڕشی کوردەوەیەو هەریەکەیان بەئایدیایەکی وابەستە بەخۆیەوە، بۆیە ئێمە رێز لەو بیروباوەڕە جیاوازانە دەگرین و باهەریەکەیان لەناو رێکخراوی وابەستە بەخۆیان، خۆیان رێکبخەن ویەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش وەك بەرە یان نیمچە بەرەیەك کۆیانبکاتەوە. تا ئێرە دروستە، زیاد لەوەش ئەوەی ئەو پارتە لە سەیرەوی خەباتی سەرکەوتنی سیاسیی وچەکداریی وڕێکخراوەیشی بەدەستهێناوە، بەری رەنجی داهێنانی لەو بابەتەیە. بەلأم ئەوەی ماوەتەوە بیلێین ئەوەیە: ئایا ئەو پارتە توانی بەسەردەمی شاخیشەوە ئەو مەهامە وەك هەیە وبانگێشەی فەرمیی بۆ دەکرد لەژیانی رۆژانەیدا بەکرداری بگەیەنێ؟ پرسیارگەلی وەها زۆرەو وەلأمی دروستت لێیەوە چنگ ناکەوێ.

کەکاتەکانی کۆنفرانسی یەك ودوو وسێی کۆمەڵە دێنمەوە پێش چاوی خۆم، وا دەزانم هەر ئێستایە، جوان بیرمە کەزۆرێك لەو خەڵکانەی ئێستا دەسترۆیشتوون لەناو یەکێتی چ جۆرە ماستاوێکیان بۆ بەڕێز کاك نەوشیروان مستەفا دەکرد. ئای چەند جوان لەبیرمە کەچۆنچۆنی چیرۆکی بێ بنەمایان لەسەر ئێمە دروستدەکرد، هەر هەمووی بۆ ئەوە بوو ئەو بەڕێزە لەئێمە گومڕا بکەن. قسەو لێدوانەکانیان هەر کاکە نەوەی خۆشەویست بوو کە تاکە سەرکردەی لێهاتووی یەکێتییە. بەئاشکراو نهێنی دەدوان ودەیانگۆت: بەبێ کاکە نەوە یەکێتیی بوونی مەحاڵە. کە کاکە نەوە پاش راپەڕین دوورکەوتەوەو کاك کۆسرەت وەك سەرکردەیەکی دەسترۆیشتوو بەدەرکەوت وکەدەشیانزانی ئەو بەڕێزە لەلای مام جەلال رەقەمەکەی بەرزە، لەلایەن زۆرانێك لەوانەی کەبەسەر نەوشیروانیاندا دەگۆت، کاکە نەوەی خۆشەویست گۆڕدرایەوە بە کاکە کۆسرەتی خۆشەویست. ئێستاش کە ئەو بەڕێزە رەقەمە بەرزەکەی جارانی مام جەلالی پێوە نەماوە، بەئاماژەکەی سەرەوە ناوزەندی دەکەن. گۆڤاری لڤین وزۆرێکی تر بواری رۆژنامەگەریی ئازادی کوردیی کە ئاخاوتنەکانیان دەبەنەوە بۆ مێژوو لێدوانی جۆراوجۆر لەسەر پێکهاتەکانی سیاسیی ورێکخراوەیی و... یەکێتی دەکەن. یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش وێڕای کارە نێگەتیڤەکانی لەشەڕە ناوخۆییەکانی پێشتری و رووبەڕووبوونەوە ناواقیعییەکانی لەناو تەشکیلە فکریی وسیاسییە جیاکانی ناوخۆی پێشتریان و ئەو دیاردە گەندەڵیی وتەکەتولی بێفکری ئێستایان،

بەلأم بەئەزموونێکی نوێی بزاڤی سیاسیی وچەکداریی نیشتمانیمان دەدرێتە قەڵەم. بەڵێ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وێڕای کاردانەوە تاڵ وتفتەکانی، داهێنانێکی نوێ و هەستانەوەیەکی سیاسیی رێکوپێکیشی هێنایە ئاراوە. دەتوانم بڵێم ئەو تەنویعە سیاسییەی ئێستای ناو بزاڤی کوردایەتی، پشکی گەورە وەك مێژوو بەر یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەکەوێت. بەقەناعەتی خۆم ئەگەر بۆ لەمەودواش یەکێتی هەنگاوی کردارانە بهاوێژێ بۆ بنبڕکردنی گەندەڵیی سەرکردەکانی ناوخۆیان ونەهێشتنی تەکەتولی بێفکر، دەتوانێ بەدوایەوە عافیەی خۆی بگەڕێنێتەوە. چونکە ئەو پارتە ئێستاشی لەگەڵدابێ لەرووی حرەکەی جەماوەریی بەپلەی یەکەم یان دووەمی حیزبەکانی باشووری کوردستانەوە دێت. دیاردەی تەکەتولی سیاسیی لەناو پارتی سیاسیی لەکۆنەوە تا ئێستاکە هەر هەبووەو هەر دەشبێت. ئاریال شارۆنی سەرۆکی پارتی لیکۆدی ئیسرائیلی وشیمون پیرزی پارتی کاری ئیسرائیلی، هەردووکیان پارتی کەدیمەیان دروستکرد و لەهەڵبژاردنیش بەسەر هەردوو پارتە پێشترەکەی خۆیان کەلیکۆد وحیزبی کار بوو سەرکەوتن. شیمۆن پیرز لەژیانی سیاسیی خۆیدا چەندجاری تریش هەو هەڵگێر ووەرگێڕەی کردیە. سیاسەتەکانی جاك شیراکی سەرۆکی پێشتری فەرەنسی وسارکۆزی ئێستایان جیاوازیی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، دیارترینیان هەڵوێست وەرگرتنە لەمەڕ سیاسەتی ئەمەریکیی. یەکەم نەیهێشت ئەمەریکا بەتەمریری نەتەوە یەکگرتووەکان بچێتە ناو شەڕی رووخانی سەددام، کەچی دووەمیان



خەریکە سیاسەتەکانی لەعێراق وناوچەکە وەك هی ئەمەریکی لەزۆر بوارەوە وەك یەك ڕێکدەخاو لەناو یەك پارەتی سیاسیشدانە. تۆنی بلێر چ ما نەیکات لەبەرژەوەندیی ئەمەریکا هەردوو شەڕی ئەفگانستان وعێراق تا تێکرای کارو وچالاکییەکانیان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ کەچی گۆردن براون بەجۆرێکی تر تەماشای ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە دەکات ودەشیهەوێت بەجەدوەلێکی زەمەنیی هێزەکانی خۆی لەعێراق بکشێنێتەوە. کۆلن پاوڵ لەبەر جودایی لەسیاسەتەکانی جۆرج دەبلیو بوش لەوەزیری دەرەوە دوور خرایەوەو کۆندەلیزا رایز شوێنی گرتەوە. ئەوانە هەموشیان لەناو یەك پارتی سیاسیی بوون، بەڵام ئەجیندای جیاوازیان لەگەڵ یەکتر هەبوو. نموونەی تەعەدودی سیاسیی وفکریی لەجیهان لەناو یەك پارتی سیاسیی ئەوەندە زۆرە، لەبڕان نایەت. بابەتە بچووکەکەی منیش شوێنی هەمووانی تیا نابێتەوە. تەکەتولی سیاسیی وفکریی ئەگەر لەروانگەی پەراوێزنەکردنی یەکترەوەو بەبیرو بۆچوونی سیاسیی وفکریی پۆشتکرابێت چی تێدایە؟ با ئەو پارتە شوێن بۆ هەمووانیان بکاتەوەو هەمووانیان ئاڕاستەکانی خۆیان لەناو شانەی حیزبایەتی دەربڕن نەك یەکتر پەراوێزکردن. لەئەدەبیاتی سیاسیش فکرو ئاڕاستەی جیای سیاسیی لە بەرژەوەندیی پارتەکەوەیە، لەرێگەیەوە ئەو پارتە لەدۆگمایی دەپارێزێ و تەکانی دەداتە بەر بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوون. لەژیانی سیاسیشدا سەرهەڵدانە دیکتاتۆرییەکان لەوکاتانە سەریهەڵداوە کەفکر و لێکدانەوەی سیاسیی لەناو ئەو پارتە بنبڕ کراوە. شوێنێك نییە لەجیهان پێی بگوترێ لەناو تەنویعی سیاسیی و فکریی دیکتاتۆرییەت سەریهەڵدابێ. چاوپێکەوتنەکانی(حامید جبوری)کە لەسەردەمی ئەحمەد حەسەن و سەددامدا چەندەها جار پلەی وەزیری هەمەجۆری وەرگرتووە، لەگەڵ کەناڵی ئەلجەزیرە کەهێشتا ئەڵقە یەك لەدوای یەکەکانی کۆتایی نەهاتووە، شاهیدحاڵی ئەوەن، کەسەددام تا زنجیرەیەکی فراوانی تەسفیەی سیاسیی لەناو پارتی بەعسدا نەکرد، نەیتوانی بەدوایەوە ئەو پارتە بەرەو پارتێکی دیکتاتۆریی ببات ولەرێگەیەوە ئەو نەهامەتییەی بۆ تەواوی گەلانی عێراق بەکوردیشەوە بنێتەوە. هیتلەریش لەسەردەمی خۆی سەددام ئاسا لە رێگەی تەسفیەی سیاسیی ناو پارتەکەی وئەوانی تر، بەدوایەوە ئەو دیکتاتۆرەی لێکەوتەوە کە ئەو هەموو نەهامەتییانەی بەسەر کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا هێنا. (ستالین)یش لەتەسفیەی سیاسیی کەمتری لەپێشینینەکانی خۆی نەکردووە. هەر ئەویش بوو پارتی بەڵشەویك واتە پارتەکەی لینینی مەزنی بەرەو هەڵدێر بردو بەهۆیەوە دەریایەك لەدەسکەوتەکانی مرۆڤایەتی وبیری سۆسیالیستیی لەگرنا. بەڵێ نموونەی لەو بابەتانە ئەوەندە زۆرن نابڕێتەوە. یەکێتیش ئەگەر بەناو ئەو هەموو تەسفیە سیاسیانەی پێشتری نەڕۆیشتبا کەلەسەرەتاوە ئاڵای شۆڕشیان پاردا، دواتر سرەی کاك نەوشیروان هات و بۆ کاك کۆسرەتیش پاردانی دووەمیش بەرێوەیە، ئەگەر ئەو رەنگدانەوانە نەبوونایە، دەتوانم بڵێم لەرۆژگارێکی وەك ئەمڕۆمان ئەو پارتە دەبوو بە بەهێزترین پارتی سیاسیی لەتەواوی کوردستاندا. یەکێتی ئێستاشی لەگەڵدابێ دەڵێ ودەیڵێتەوە، ئەگەر جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش نەبووایە باری ئێستامان زۆر زۆر باشتر دەبوو. باشە هینەکەی ئاڵای شۆڕش ئەوە روویداوەو خەتای هەرکامیان یان هەر هەموویان بێت، تازە ناگەڕێتەوە، دە دووبارە وچەند بارەی مەکەنەوە. لێبگەڕێن مادامەکینێ تەکەتولەتەکان لەدەرەوەی کۆنترۆڵن ، با بەدیموکراتییەتی حیزبایەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت وهەر تەکەتولە و بەرنامەو دیدی فکریی خۆی ئامادە بکات وهەر هەمووانیشیان کارەکانیان بەبرایانە لەشانەی حیزبیی ساغ بکەنەوە. با لێگەڕێین وهەر بابایەی تەکەتولەکان ئەسپی خۆیان تاودەن وچەند توانایان لەناو ئەو پارتە هەیە، باشوێنی خۆیان بکەنەوە، نەك وەك ئەوەی ئێستای ئەو پارتە کە هەر بابایەو تەکەتولێکی بێفکر لەناو هەوادارانی پێکدەهێنێ ودەشڵێت من تەکەتولی مام جەلالم. ئاخر ئەرکی بەڕێز مام جەلال تەکەتولە یان ئاڕاستەکردنی تەکەتولەکانە بەبێ جیاوازیی؟ بەهەموو قەناعەتی خۆشمەوە لەکۆنەوە تاوەکو ئێستا بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەناو یەکێتی پەیدام کردووە، شوێنێك نەبووە پێی بگۆترێ نا بۆ مام جەلال، بەڵێ بۆ بەدیلی. هەموو ئاڕاستە جیاوازەکانی یەکێتی پێشوازییان لەو بەڕێزە دەکرد بۆ سەرکردایەتیکردنیان. بەڵام بەداخەوە ئەو بەڕێزە لەهەموو دەرفەتەکان ویستوویەتی بۆ خۆی دەستنیشانی ئاڕاستەی ناو سیاسەتەکانی یەکێتی بکات و تا زۆر رادە کەسەکانیشی بۆ دەستنیشان بکات، نەك سەرکردایەتیکردنی ئاڕاستە لەیەك جیاکان بکات. لەو نێوەندەدا هەمیشە پشکی بەهێز بەر لاوازەکان کەوتووە، بەهێزەکان دەرپەڕێندراون، سیاسەت وفکر و هەمەڕەنگیی لەناو ئەو پارتە مرێندراوەو نەهێڵراوە گەشە بکات. بەڵام بەدیوی تر هەر هەمووی خەتای ئەو

بەڕێزە نییە، پێکهێنەرانی هەریەکەو بەشبەحاڵی خۆی بێبەش نییە لەو پەراوێز وپەراوێزکارییەی ناو یەکێتی. ئەگەر وەختی خۆی هەموو تەکەتولەکان لەدژی ئالأی شۆڕش یەکیان نەگرتبایە، لەوانەبوو ئەمەکەی دوایی ڕێگای جودابوونەوەی هەڵنەبژاردبایە. بەدەنگی یەکەمی کاك نەوشیروانەوە لەکۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە کاك کۆسرەت هێنرایە پێشەوەو دواتریش بۆ هەرەمی دەسەلأت بەرزکرایەوە، کەچی لەدوای ڕاپەڕین کە کاك نەوشیروان دوورخرایەوە، نەدەبووایە کاك کۆسرەت ئەوەی تێدابێت، شوێنی ئەو بگرێتەوە. ئەوەش کەڕوویداوە ڕوویدا وەك عەرەبەکان گوتەنی (توبوا بعد خراب البصره). واتە کاك کۆسرەت بەهێنانی بەڕێز بەرهەم ساڵح پەراوێزکراو نەوشیروانیش هەمدیسان هاتەوە ناو وەزعەکەو هەموو لایان بەخۆیاندا چوونەوەو تاراددەیەك خۆیان لەناو یەك تەکەتول دیتەوە کەپێی دەگوترا دژە مام جەلال، بەلأم لەراستیدا ئەگەر بەرقەرار بکرابایە زیاتر بۆ چاککردنی باری یەکێتی بوو نەك دژی مام جەلال، کەچی کاك کۆسرەت بوو لەناوی دەرهات یان تەکەتولەکە هەڵوەشایەوە یان جۆرێکی تر بوو. بەهەموو حاڵەتەکان ڕەنگدانەوەی هەڵبژاردنی مەڵبەندەکانی دوا مانگی ساڵی ٢٠٠٦ی لێکەوتەوە. بەقسەی زۆرانێکی زۆری ناو هەرەمی دەسەلأتی یەکێتی بەکارەسات ناوەزەدی دەکەن. ئەو لێدوانە بەو مانایە نییە وەك بڵێم ئەگەر بهاتبایە ئەو ریزبەندییەی نێوانی نەوشیروان وکۆسرەت سەریگرتبایە، بەدوایەوە کار وچالاکییەکانی یەکێتی بەتەواوەتی بەرەو تەندروست بوون دەڕۆیشتن چونکە لەحاڵەتی وەهاشدا برینە کۆنەکانی یەکێتی و ئەو دیاردە گەندەڵیی وبێفکرەیەیان وەها ئاڵۆز بووە، بەهۆیانەوە وەها ئاسان نییە یەکێتی بتوانێ پێی بپەڕێتەوەو ئەمجادی خۆی سەرلەنوێ بەشکڵێکی مۆدێرن بنیاتنێتەوە. بەلأم دوو ناوەندی دەستڕۆیشتووی دەسەلأتیش با لەناو یەك پارتیش بێت باشترە لەوەی کە یەك ناوەند بەتاکڕەوایەتی کارەکان بڕوێنێ. زۆر کەس هەن ئەو ڕەنگدانەوانە بۆ کاری دروستبوونی بنەماڵەیی لێکدەدەنەوە. لێرەش ئەگەر لێدوانەکان ڕاستیش هەڵگرێ لەوبارەی ئێستای کوردستان وجۆرە تەنویعە سیاسییەکەی و هەبوونی ئەمەریکییەکان وبنەمای سیاسیی وفکری یەکێتی وتەوازنی سیاسیی نێوان یەکێتی وپارتی و زۆرانێکی تر ڕێگرن لەبەردەم ئاقار ڕۆیشتنی یەکێتی بۆ ژیانی بنەماڵەیی. بەڵێ یەکێتی ئێستاکەی زیاتر لەناو حاڵەتی بوون ونەبووندایە. مەبەستم لەبوون ونەبوون مانای فیفتی بەفیفتیانە لەگەڵ پارتی. بەقسەی زۆرانێك لە لێدواندەران کەپشکی دەسەلأتی فراوانیشیان لەو قەوارەی ئێستای یەکێتیدا هەیە، لەسەر ئەو ڕایەن ئەگەر بێتوو لەهەر هەڵبژاردنێکی دیکە بەجیاوازییان لەگەڵ پارتی، دەسەلأتی فیفتی بەفیفتی لەدەست بدەن، بەدوایەوە دەبن بەهێزی سێیەم، واتە دەکەونە خوار یەکگرتووی ئیسلامیی. لەحاڵەتی وەهادا کاری بنەماڵەیی لەماندووبوون بەولاوە و زیاتر هاتنە خوارەوەی قەوارەی یەکێتی، چیتری پێوە نامێنێ. بۆیە ئەو قسەیەم دەڵێم ودەیلێمەوەو بۆ چەندجار دووپاتی دەکەمەوەو دەڵێم ئەگەر بهاتبایە هەردوو باڵی نەوشیروان وکۆسرەت بەهەموو کەموکوڕییەکانشیانەوە لەناو یەکتر نەهاتبانە دەرێ یان دووبارە ڕێککەونەوە زیاتر بەقازانجی تیمارکردنەوەکانی یەکێتییەوەن و لەو جۆرە نێوەندەدا نە مام جەلال زەرەر دەکات، نەئەوانی تر ولەڕێگای هەلومەرجی وەهاشدا جۆرە تەباییەك لەنێوان باڵەکانی یەکێتی دێتە کایەوە. لەهەڵبژاردنی مەڵبەندەکان لەرووی ژمارەوە وادەزانرا کەمام جەلال بردوویەتییەوە. بەلأم لەرووی عەمەلییەوە هەموو لاکان دۆڕاندیان بەمام جەلالیشەوە. یەکێتی دۆڕاندی، مێژووەکەی زیاتر شێوێندرا، تەکەتولی بێفکر بردییەوە، گەندەڵیی بردییەوە، چونکە ئەوانەی خۆیان بەتەکەتولی مام جەلال دەناساند لەراستیدا وانەبوون. ئەوان بۆخۆیان لەناو چەند دەستەیەکی جیا لەیەکتری دابەشبووبوون وهەر یەکەیان کاری بۆخۆی دەکردو بەرووکەشیش خۆی بەمام جەلالەوە بەستبۆوە. پێموانییە ئەگەر مام جەلال نەگەڕێتەوە بۆ ناو مێژووی ڕەسەنی دروستبوونی یەکێتی، لەتوانایدا بێ بەو جەماعەتانە هیچ بەهیچ بکات.



**کۆنفرانسی یەك ودوو و سێی کۆمەڵە دێنمەوە پێش چاوی خۆم، زۆرێك لەو خەڵکانەی ئێستا دەستڕۆیشتوون لەناو یەکێتی چ جۆرە ماستاوێکیان بۆ نەوشیروان مستەفا دەکرد**

# لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتی و پێشهاتە نێگەتیڤەکان بۆ ئایندەی نەتەوەییمان



هەورامان عەلی تۆفیق

کۆمەڵگای کوردیش وەك هەموو کۆمەڵگەیەك بێبەش نییە لەدیاردەی گەندەڵی.. هەرچەندە وڵاتانی دەوروبەری عێراق و ناوچەکە بەشێکی کاران لەو دیاردە ترسناکەی کە بنەماکانی کۆمەڵگاو دەسەڵات هەڵدەوەشێنێتەوە و ئایندەو پاشەڕۆژ تاریك و نادیار دەکات تەنانەت سەرچاوەی گەندەڵی شێوەکانی لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە زۆر لەلاسایی کردنەوەو دووبارەکردنەوەی رەفتارەکانی ئەوانن ئێمەشیان تووشی ئەم هیستریایە کردووە.. رەنگە هەڵسەنگاندن وکاریگەریی ئەم دیاردەیە بۆسەر باری ئایندەی نەتەوەییمان جیاوازتر بێت لەوەی کە کاریگەریی بۆسەر کۆمەڵگایەکی عەرەبی لەناوچەکە یان وڵاتانی تری دەوروبەرمان هەبێت.. ئەمە لەو کاتەی کە نەتەوەکانی دی لەچوارچێوەی دەسەڵاتیاندا کەخاوەن مافە نەتەوەییەکانی خۆیانن و لەئارامی سیاسییدا دەژین سەرەڕای بوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی وسەرکوتکەرانە لەزۆربەی ئەو وڵاتانەدا دەکرێ بوونی ئەم دیاردەیە ئەو پەیوەندییە توندەی وەك باری کورد نەبێت بۆ لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتی.. ئێمەی کورد ئەمڕۆ لەدوێنێ زیاتر پێویستمان بەوە هەیە هەستی نەتەوایەتی وخۆشەویستی بۆ نیشتمان و بڕوابوون بەئایندەیەکی نەتەوەیی و زیاتر بوونی هەوڵەکان و وەلانانی جیاوازییەکان و ئاوێتەبوون لەرۆحی کوردایەتی و وەلانانی کێشە تایبەتی و لاوەکییەکان و بەرجەستەکردنی گیانی تەبایی تا بتوانین خەونە نەتەوەییەکانمان بەدەست بێنین تابتوانین ئەوەی چەند ساڵە بەدەستهاتووە لەدەستی نەدەین و خەونەکانی دیشمان بەدی بهێنین.. ئەمەش پێویستی بەزەمینە خۆشکردن وخۆ ئامادەکردنە تا ئەو رادەیەی ئێمەی کورد گونجاوبین بۆ هەر گۆڕانکارییەك.. یەکێك لەکێشەکانی ئێمەی کورد ودەتوانین بەیەکێك لەخاڵە لاوازەکان دیارییان بکەین ئەوەیە خۆ خۆشویستن و بیرنەکردنەوە لەکەسی دی،تەنیا روانین لەبەرژەوەندییە تاکییەکان وخۆشەویستی پارەو زوو گەیشتنە سەروەت وسامان وخۆشەویستی بۆ کورسی دەسەڵات و کێشەی گرنگ ترمان قبوڵنەکردنی یەکترە و بیر وبۆچوون و ئایدۆلۆژیاکان دەخرێنە پێش خواستە نەتەوەییەکانەوە ئەگەر عەلمانی بن یا ئیسلامی ئەمەش بۆچوونێکە زیان بەئایندەی نەتەوەکەمان دەگەیەنێت.. گلەیی و گازندەی و نارەزایی جەماوەر لەدەسەڵات و بوونی رێژەیەکی زۆر دیار و بەرچاو لەدیاردەی گەندەڵی کە هەندێجار راستەوخۆ پەیوەندیی بەدەسەڵاتەوە هەیە، هێندە کاریگەرە بۆ لاوازبوون وخاوبوونەوەی مێشکی کەسایەتی کورد و دروستکردنی هەستێك بەنائومێدیی هەندێجاریش تارادەی نامۆبوون.. ئەمە گرفتێکە پێویستە دەرکی پێبکرێت و دەبێ دەسەڵات بەدواداچوونی بەردەوامی هەبێت وچەندین دەزگاو پەیمانگای لێکۆڵینەوەی هەبێت لەم بارەیەوە هەڵسەنگاندن و بەدیارخستنی هۆکارەکان و دۆزینەوەی رێگاچارە تا بتوانرێت لە کاتەوەختێکی کەمدا کێشەکان بنبڕبکرێن و رێگا بەتەشەنە سەندیان نەدرێت، پێویستە دەسەڵات بە هەموو بەشەکانییەوە لەبێدەنگی باوەڕنەبوون بەوەی کە کێشەو دابڕان هەیە لەنێوان ئەوان وجەماوەردا پێویستە ئەو راستییە وەك واقیعێك قبوڵ بکەن و کار بۆ چاککردنەوەی ئەو شتانە بکەن.. وەك ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت.. راستە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان وەك پێویست نین و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان لەئاست خۆیاندا نین و کەمتەرخەمی و لاوازیی و سستی بەرچاوە، بێ بەرنامەیی دووبەرەکی و هەرکەس بۆ خۆی و هەنگاوە سلبییەکان و بۆچوونە هەڵەکان لەوپەڕی لوتکەی گەندەڵیدان.. لەگەڵ ئەوەشدا کارکراوەو بەردەوامیشە لەجێبەجێ کردن.. سەرەڕایی هەموو ئەمانە ئێمەی کورد ئەمڕۆ لەئاستەنگ کێشەیەکی گەورەتر و مەترسیداردایین و ئەوەی چەندین ساڵە قوربانی لەپێناودا دەنرێت ئەوەی کە چەندین ساڵە بەم نەتەوەیەی دەبەخشین و ئەمڕۆ کۆنە بەعسی و کەسانی حازرخۆرو هیچ لەبارا نەبوو بەپێش چاومانەوە لافی پێوە لێدەدەن و لەولاشەوە کێشەی نەتەوایەتی ومافەکانی کورد لەوپەڕی مەترسیدایە، کێشەی سنووری هەرێمی کوردستان کێشەی یەکلابوونەوەی کەرکووك و ناوچەکانی تری کوردستان لەئاستەنگدان، هەمان ئەو هۆکارانەش وایانکردووە ئەو هەستە دڵسۆزیی و خۆشەویستییە بۆ نیشتمان و نەتەوە کەمدەبێتەوەو لاوازو سست دەبێت.. ئەگەرچی تێنەگەیشتن و لێك دوورکەوتنەوەی دەسەڵات و جەماوەر هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەو سستییە، ئەمەش دیاردەیەکی دی نوێیە بەدەسەڵاتی کورد کەچاوساغ و کەسانی باوەڕپێکراوی ئەوان لەنێو جەماوەردا کە بەتەواوی بڕواوە کاری لەسەر دەکرێت بەرێچکەیەکی هەڵەوە مامەڵەی لەتەك دەکرێت بەو شێوەی کە دەسەڵات خۆی دوورەپەرێز دەگرێت و لەرێگای چەند کەناڵێکەوە دەیانەوێت لەجەماوەر نزیك ببنەوەو کارەکانی خۆیان دەکەن ئەمەش هەموو دەسەڵاتەکان دەگرێتەوە سیاسیی و ئیداریی و حزبی و تەنانەت ئەمنییەکانیش کەهەموویان بەیەك رێچکە کار دەکەن ئەو کارکردنەش زیاتر لەوە خۆی دەگرێتەوە کە خۆ دوور خستنەوەو دابرانە لەجەماوەر و ئەو کەسانەش خەڵکانێکی بێ بڕواو هەلپەرست و هەمیشە بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەگەڕێن وهەندێکیش لەوانە کۆنە بەعسی بوون و ئەمڕۆش هەمان سیاسەتی جاران لەگەڵ بەرپرسەکانمان دەکەن و تارادەیەکیش سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.. بوونی دیاردەی گەندەڵی و نایەکسانی بوونی جیاوازیی نێو چینەکان بەشێوەیەکی دیارو بەرچاو نائاسایی، کەمی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دیوارێکی کۆنکرێتی لەنێو دەسەڵات وجەماوەردا دروست کردووە.. دەبێ بۆ دووبارە بوژانەوەی هەستی نەتەوەیی و دروستبوونەوەی ئەو پەیوەندییە رۆحییەی رۆژانی رابردوو بەهەنگاوی خێرا لەهەردوو لاوە چارەسەر بکرێت.. هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی وچاکسازیی و بیرکردنەوەی لەپێش بۆ کاری خزمەتگوزاریی و خەمی هاووڵاتیان پێش بیرکردنەوە لەدابینکردنی پێداویستییەکانی بەرپرسان، پاککردنەوەی دەوروبەری خۆیان لەو کەسانەی کەخۆشەویستی جەماوەر نین و ئەوانەی کە دەستیان لەخوێنی کورد دایە ئەوانەی کە گەندەڵن و بەئاشکرا ناسراون بەڵام پلەو پایەیان بەرزدەکرێتەوە.. والاکردنی دەرگای دروستکردنەوەی پەیوەندییەکان.. جەماوەریش پێویستە بڕوا بەدەسەڵات بێنێتەوەو خۆی لەگومان دڵەڕاوکێ رزگاربکات و ئەویش وەك رۆڵەیەکی بەئەمەك و دڵسۆزی ئەم نەتەوەیە بێتەوە مەیدان و ئەو رۆحییەتەی جاران و رۆژانی سەختی کوردایەتی بکاتەوە بەر، چونکە ئەم رۆژانەی ئێستەمان و رۆژانی داهاتووش لەرۆژانی چیا سەختترەوە پێویستی بە ماندووبوون و کار و خەباتە، ئەوکات دوژمن دیاربوو دەمانزانی لەگەڵ کێ دەجەنگین و دوژمنەکەمان یەکێك بوو بەڵام ئەمڕۆ دوژمنەکان زۆربوون و لەو دوژمنەی پێشوو درندەترو ترسناکترن و تەنانەت لەماڵی خۆشماندا لەگەڵمان دەجەنگێن.. ئەمڕۆ دوژمنەکان دیارنین و چاك وخراپ لێك جیاناکرێنەوە.. دەبێ دەسەڵات وەك بەرپرسی یەکەم بیر لەم هەنگاوانە بکاتەوە چونکە ئێمەی کورد ئەگەر بەم شێوەیە هەنگاو بنێین و بەمشێوەیە کێشەکانمان چارەسەر بکرێن ئەوە رۆژگارێکی سەخت و دژوار چاوەڕوانمان دەکات دەبێ ئێمە لەرووی فیکریی و زانستی و ئاوەدانی و بنیاتنان و کارکردن و سیاسەت و پەروەردەو رۆشنبیرییەوە هەستی نەتەوایەتی پتەوتر بکرێت تا خواستە نەتەوەییەکانمان بێنەدی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان لەئاستی پێویستی خۆیدا بیانپارێزین.

# هەڵەبجە و فڕۆکەخانە !



**مهاباد کوردی**

دوێنی شەو کەبەخێرایی تەماشای چەند ماڵپەڕێکی کوردیم کرد، لەیەکێکیاندا کەبەداخەوە ناوەکەیم لەزەیندا نەماوە، باس لەکردنەوەی فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتیی لەسەر شێوەی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر وسلێمانی کرابوو. دیارە وەك کوردێك پێمخۆشە لەگشت شارەکانی کوردستاندا فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەبن، هەرچەندە کارێکی وا کات وپارەو توانای زۆری دەوێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا فڕۆکەخانە هەموو شتێك نییە لەژیانی مرۆڤ وبەتایبەتیش بۆ ئەمڕۆی ژیانی هاووڵاتیان لەباشووری کوردستاندا. خۆ ئەگەر باس لەپێویستییە ڕۆژانەییەکانی خەڵکی هەڵەبجەش بکەین، بێگومان باش دەزانین ئەوان چییان پێویستەو بەدەستی چ گیروگرفتێکیشەوە دەناڵێنن؟. سەران ولێپرسراوانی کورد لەخوارووی وڵات وایانلێهاتووە، ئەگە سەریشیان ژان بکات، سواری فڕۆکە دەبن وئەوروپا خۆت بگرە واهاتین، بەگیرفانی گەرمی پڕ لەدۆلارەوە بەرەو نەخۆشخانە بەناوبانگەکانی پایتەختی ئەو دەوڵەتە ئەوروپییانە دەکەونە ڕێ. وەك ئەوەی لەکوردستان نەخۆشخانە قات بوو بێت، دکتۆری باش دەست نەکەوێت،ددانساز وپرۆفیسۆر وخاوەن بڕوانامەو پزیشکی باوەڕپێکراو نەبن، هەربۆیە سەرکردەکان ودەسەڵاتداران چاریان ناچارەو هەردەبێ ڕوو بکەنە هەندەران و وڵاتانی پێشکەوتوو تا حەکیم و لوقمانان ببینن ودەردە گرانەکانیشیان دەرمان بکەن! لەهەڵەبجەی شەهید وکیمیابارانکراویش هێشتا برینداران و جگەرسووتاوانی ئەو شارە لەسەرخۆ گیان دەدەن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش گوێبیستی ئەوە دەبین کەئەوە چەندەمین قوربانی وبرینداری کردەوە دڕندانەکەی بەعس لەبەر ئازارە جەستەیی ودەروونییەکانی سەری نایەوە وگیانی پاکیشی بەخاکی هەڵەبجەو کوردستان سپارد. دانیشتووانی شاری هەڵەبجە کەدەبووایە لەهەر شار وشارۆچکەو دەڤەرێکی دیکەی باشووری کوردستان قەدریان زێتر بگیرایەو خزمەتیان بکرایە، هەنووکەشی لەگەڵدابێ لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاریی دەرد وئازار دەچێژن، جێی داخیشە هەرگیز وەك پێویست نازیان ڕانەگیراوەو ڕاناگیرێت. لەشارێکدا کەخەڵك پێویستییان بەئاو،کارەبا،دەرمان،نەخۆشخانە، خزمەتی کۆمەڵایەتی، نانی ڕۆژانە، دڵدانەوەی دەروونی وزۆری تریش بێت، داخوا دەبێت کردنەوەی فڕۆکەخانە وباڵەخانەو شتخانەی دیکە،تاچەند لەتەنگوچەڵەمەو گرفتە هەنووکەییەکانی هاووڵاتیان کەم بکاتەوەو سوودیان پێبگەیەنێت؟ کەس لەدژی ئەوە نییە لەهەڵەبجە یان لەهەر شارێکی دیکەی کوردستان فڕۆکەخانە بکرێتەوەو دەستیش بکرێت بەپرۆژەی ئاوەدانکردنەوەوبیناکردنەوەی گەورە گەورە. ئەوەی کەلێرەدا گرنگ و وەك پێویستییەکی هەنووکەیی وڕۆژانەشە، بێگومان بەپلەی یەکەم بژێویی هاووڵاتیان وچارەسەرکردنی پرسە ڕۆژانەییەکانی خەڵکە، جاچ لە هەڵەبجە یان لەهەر شوێن وشارێکی تری وڵات بێت. لەشارێکی وەك هەڵەبجەی شەهید هێشتا بەتەواوەتی ئاسەوارەکانی کیمیاباران وبەکۆمەڵ قڕکردنی کورد نەسڕاوەتەوە. تاکو ئێستا قوربانییەکانی ئەك کارەساتە مەزنە بەجۆرەها شێوەی دەروونی وجەستەیی شەو وڕۆژ بەدەست ئازارەوە دەناڵێنن. ماڵبات وکەسوکاری شەهیدانی سەربەرز لەهەڵەبجە وگەلێ جێی ئەم کوردستانەدا نەك هەر وەك پێویست وئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە، بگرە زۆر بەداخەوە تەنانەت هەندێجار لەلایەن خودی دەسەڵاتدارێتی کوردییەوە مافەکانیان وەبن پێ نراوەو سووکایەتی جۆراوجۆریشیان پێکراوە. خۆ ئەگەر لەنموونایش بگەڕێین ئەوە نەك هەر ئەم چەند وشانە، بەڵکو بەدەیان کتێبیش بەشی ئەوە ناکات تا کردەوە ناشیرین ودزێوەکانی سەران وبەرپرسە حوکمڕانەکانی ئێستای باشووری کوردستان باس بکەبن. دیارە پرسێکی ئەوها لای خەڵك ئاشکرایەو چ پێویستیش بەوە ناکات خۆمانی پێوە ماندوو بکەین. دەسەڵاتدارانی کورد ئەگەر بەڕاستی بیانەوێ برینداران ولێقەوماوانی شاری هەڵەبجەی شەهید بەرەو ئەوروپا ببەن، خۆیان ئاسا، با لەهەردوو فڕۆکەخانەی سلێمانی وهەولێرەوە بیاننێرن بۆ دەرەوە وچارەی نەخۆشییەکانیان بکەن. دروستکردنی فڕۆکەخانە کەبێگومان کارێکی باش وشارستانی وپێشکەوتووانەیە، بەڵام چ گومانی تێدا نییە لەشوێنێکی وەك هەڵەبجە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە بەرکەوتووان وقوربانیانی چەکی کیمیایی بەمەبەستی چارەسەرکردنیان لەڕووی پزیشکیی ودەروونییەوە، دەجار وسەد جاریش زیاتر بەکەڵکی خەڵکی شارەکە دێت لەچاو فڕۆکەخانەیەك. دیسان ئەگەر حکومەتی کوردستان ئەوەندە خەمخۆری دانیشتووانی شاری هەڵەبجەی شەهیدە،با بێت لەخودی خەڵکەکە بپرسێت تابزانێت نەخۆشخانەو دوکتۆر و دەرمان وپێداویستییەکانی ڕۆژانەیان دەوێت یانیش فڕۆکەخانە؟. هەر کارێك کە لەسەر شێوەیەکی وا ئەنجام بدرێت، وەرگرتنی رای خەڵك وپرس پێکردنیان لەمەڕ مەسەلەیەکی تایبەتی، لەهەر کات وجێگایەکدا باشترین نموونەی دیموکراسی وخۆبەڕێوەبردن بووە. لەگەلێ وڵاتی تری جیهان شارێکی وەك هەڵەبجە، لەڕووی ژمارەی دانیشتووان وجوگرافیا ومێژوو وکولتوور وقەبارەی کارەسات وئەو نەهامەتییە زۆرانەی کەبەسەری هاتووە، کاربەدەستان لەمێژبوو بیریان لەئەنجامدانی چەندین پڕۆژەی گرنگ وپێویست دەکردەوە، گەر هەڵەبجە بەشێك با لەوان، شارێکی وڵاتەکەیان بووایە، هەرنا خەڵکی ئەو وڵاتانە خۆشیان وەك میللەت لەکورد خەمخۆرتر دەبوون. دیارە وتەیەکی وەها بەمانای ئەوە نایەت کەتا ئێستا لەهەڵەبجە هەر لەبنەوە هیچ نەکراوە، یانیش خوانەخواستە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بەدەردی دسەڵاتدارانی کورد گوتەنی تەمبەڵ ولنگ ڕاکێشەرن و تەمبەڵخانەیان داناوە. نەخێر کورد وەك میللەت ونەتەوە تابڵێی خۆڕاگر وهەناسە درێژ بووە، بەڵام هەر کە مەسەلە گەیشتە سەر سەردار وسەرکردەکانی، ئەوسا هاوکێشەکە بەلایەکی دیکەدا دەکەوێتەوە کەبێگومان قەت نەدەبوو وابێ. من پێموایە هەڵەبجە وگشت کوردستان وخەڵکەکەی هێشتا زۆر شتی گرنگی ژیانی ڕۆژانەو خزمەتگوزاریی تریان پێویستە لەبری فڕۆکەخانەو گەلێ(سەیر)خانەی دیکەش، کەمرۆڤ پێی شەرمە ناوی هەندێکیان هەر بهێنێت.

# فرانك سلايپەر باسی چەكە كیمیاوییەكانی عێراق و رۆڵی هۆڵەنداو كۆمەڵگای نێودەوڵەتیی لەجینۆسایدی خەڵكی كوردستاندا دەكات



ئا: ئەمیر قادر

(١-٢)

فرانك سلایپەر لێكۆڵەرەوە لەرێكخراوی (كەمپەینی دژ بەبازرگانیی چەك لەهۆڵەندا)و ئەندامی كۆمیتەی هەڵەبجەو لێكۆڵەرەوە لەسەر ئەو كۆمپانیاو كەسایەتییە سیاسییانەی كەهاوكاری رژێمی بەعس بوون بۆ بەرهەمهێنانی چەكە كیمیاوییەكان. لەدیمانەیەكدا بەوردی باسی دۆزی جینۆسایدی گەلی كورد دەكات و لەهەمان كاتدا رۆڵی نەرێنی رۆژئاوا و هۆڵەندا لەو پرۆسەیەدا دەخاتە روو.

ئەمیر: پێمان خۆشە كورتەیەكمان لەسەر خۆت و لەسەر كەمپینی دژی بازرگانیی چەك بۆ باس بكەیت؟

فرانك: من ناوم فرانك سلایپەرە لێكۆڵەرەوەم لەم رێكخراوەیەدا، رێكخراوەكەی ئێمە دوو بنكەی هەیە، لەئەمستردام وخرۆنینگن. رێكخراوەكەی ئێمە نزیكەی ١٠ ساڵ تەمەنییەتی، ئێمە درێژبووەوەی رێكخراوی (ئامۆك)ین كەبەكوردییەكەی دەبێتە (ناوەندی هاوكاریی دژی میلیتاریزم بۆ لێكۆڵینەوە)، ئێمە رێكخراوێكی تایبەتین لەسەر بازرگانیی بەچەكەوە لەهۆڵەندا. بۆ نموونە لێكۆڵینەوە لەسەر بازرگانیی چەكی هۆڵەندیی بۆ توركیا، بۆ ئەندەنوسیا، ئێمە هەوڵدەدەین دەوری هۆڵەندا لەبازرگانییكردن بەچەكەوە لەئاستی ناودەوڵەتییش بۆ خەڵك روون بكەینەوە، هەرلێرەوەش خەڵك ئامادە بكەین وناڕەزایەتییان هەبێت دژ بەبازرگانیی بەچەك و وێرانكاریی. من بواری ئابووریم خوێندووە لەزانكۆی خرۆنینگن، دوای ئەوەش لەگەڵ رێكخراوی ئامۆك دەستبەكاربووم، هەر لەوێش تێزی زانكۆكەم ئامادەكرد، كەتایبەت بوو بەرۆڵی هۆڵەندا لەپڕ چەككردنی وڵاتانی دنیاو وڵاتانێك كەلەشەڕدان. ساڵانێك بەخۆبەخش كارم بۆ ئامۆك دەكرد ولەم ساڵانەی دواییدا لەپای كارەكەم حەقدەست وەردەگرم. نزیكەی ١٤ ساڵە لەم بوارەدا كاردەكەم، چوار ساڵی لەئامۆكدا و دواتر لەدروستبوونی كەمپەینی دژی بازرگانیی بەچەكەوە لەم رێكخراوەدا كار دەكەم. لەم ١٠ ساڵەی دواییدا بۆم دەركەوت كەبەروبوومی كار ولێكۆڵینەوەكانمان خەریكە دەردەكەوێت. بێگومان هێشتا كارمان تەواو نەبووەو پێویستمان بەكاری زۆر وكاتی زۆر هەیە تا كارەكانمان بەئەنجام بگەیەنن.

ئەمیر: باپرسیار لەسەر ئەو كتێبە بكەین كەئێوە ئامادەتان كردووە بەناوی (هۆڵەندا وچەكە كیماوییەكانی عێراق) تۆ یەكێك لەنووسەرانی ئەم كتێبەیت، ئەگەر لەوێوە دەستپێبكەین، لەسەر جیاوازییەكانی دوو وەزارەتی حكومەتی هۆڵەندا لەساڵانی ١٩٨٠دا وكێشەیان لەسەر بازرگانییكردن بەم چەكانەوەو ناردنیان بۆ عێراق. جیاوازیی وەزارەتی كاروباری ئابووری كەئەوكات بەدەست لیبراڵەكانەوە بووەو وەزارەتی دەرەوە كە ئەوكات بەدەستی پارتی دیموكراتی مەسیحییەوە بووە، بەتایبەت لەسەر لیستی ماددە كیمیاوییە مۆڵەتپێدراوەكان. وەزارەتی ئابووری ٢١ ماددەی داناوەو وەزارەتی دەرەوە خوازیاری ١١ ماددە بوو. گرنگترین گرێ وگۆڵەكان و جیاوازییەكانی ئەو دوو

وەزارەتە لەكابینێتی ئەوكاتەی حكومەتی هۆڵەندییدا لەسەرچی بووە؟.

فرانك: ئەمە بەراستی سیناریۆیەكی زۆر كلاسیكە. سیناریۆی فرۆشیارێك كەوەزارەتی ئابوورییە وسیناریۆی پیاوچاكێك كەوەزارەتی دەرەوەیە. من نموونەی وا روون وئاشكرام بەدەگمەن بینیوە. وەزارەتی دەرەوە لەئەمەریكا وبەریتانیاوە ئاگادار دەكرێتەوە لەسەر ئەو برە زۆرەی ماددە كیمیاوییەكان كەلەهۆڵەنداوە دەگەنە دەستی رژێمی بەعس وچەكی كیمیاوییان لێسازدەكرێت لەعێراقدا، لەولای ترەوە بولكستاین وەك وەزیری ئابووری بەتوندیی پێدادەگرێت كە ئەم نارەزایەتیانە گرنگ نین.

گرنگ ئەوەیە كەدەبێت كۆمپانیا هۆڵەندییەكان لەقازانجكردن وبازرگانیی بەردەوام بن ولەسەر ئەمە زۆر بەتوندیی پێدادەگرێت. نموونەی ئەوە دێنێتەوە كەشەری عێراق كۆتایی هات، سەددام حسێن سەیری دۆستەكانی لەشەڕو تەنگانەدا دەكات و ئەگەر ئێمە هاوكاریی شەڕ وسەهەمان نەبێت، دواتر سەددام حسێن كەمترین كانس وكۆنتراكتمان دەداتێ لەبەرهەمهێنان و بنیاتنانەوەی عێراقدا، ئەمە لەقسە وهەڵوێستی هەندێك پەرلەمانتاریشدا دەردەكەوێت كەپێدادەگرن ودەڵێن نابێت پەیوەندیی وبازرگانیی لەسەر حیسابی بێلایەنیی هۆڵەندا وماق مرۆڤ بێت. ئەمە كاتێك زیاتر روون دەبێتەوە كەوەزیری ئابووری بولكستاین لەئۆكتۆبەری ١٩٨٨دا سەردانی پێشانگای ناودەوڵەتی لەبەغدا دەكات و هەر لەو سەردانەدا ژمارەیەك كۆنتراكتی گرنگی ئابووری لەگەڵ عێراقدا ئیمزا دەكات. لاموایە ئەمە زیاتر وەڵامەكە روون دەكاتەوە، ئەگەر لەئەمرۆداو بەچاوی ئێوە كەئەو شەڕ ومالوێرانییەتان بینیوە پارادۆكسی ئەوەی كەوەزارەتێك دژەو وەزارەتێك هەموو هاوكارییەكانی لەگەڵ دەوڵەتی بەعسدا دەباتە پێشەوە لەسەر حیسابی كەسانی تر و لەپێناوی قازانجدا ئاگری ئەم شەرە خۆشدەكات.

ئەمیر: ئەگەر لەسەر ئەوە قسە بكەین و زیاتر بابەتەكە روون بكەینەوە، كەی عێراق دەستی بەبەرهەمهێنانی گازە كیمیاوییەكانی كردووە؟ لەكەیدا بەرهەمهێنانی ئەم چەكانە زۆر پەرەیسەندووە و دەگاتە ئەوپەری خۆی؟.

فرانك: بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی ئێمە كردوومانە، عێراق لەسەرەتای ساڵانی ١٩٧٠وە خەریكی بەرهەمهێنان وبناغەدانانی پرۆژەی گازە كیمیاوییەكانی بووە، هەر لەسەرەتای ساڵانی ١٩٨٠وە لەگەڵ دەستپێكردنی جەنگی عێراق وئێراندا بەپەلەتر وبەهەنگاوی خێراتر كاریان لەسەر ئەم پرۆژانە كردووە. لەسەرەتاوە پرۆژەیەكیان بووە كەكۆدەكەی ١٩٢٢ بووە، لەساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٣دا بەرهەمهێنانەكان بەشێوەیەكی فراوان گەشەیان كردووە، نەك هەر لێكۆڵینەوەكانیان وتاقیكردنەوەكان بەڵكو مەبەستم بەرهەمهێنانیشە. لەبەرئەوەی عێراق پیشەسازییەكی وای نەبووە كەزۆربەی پارچەكان وشتەكان خۆی ئامادەی بكات یان بەرهەمیانبهێنێ پەنای بردۆتە بەر بازرگانی كڕینی




كتێبی (هۆڵەنداو چەكە كیمیاوییەكانی عێراق)

پارچەو زۆرێك لەكەلوپەلە پێویستەكان لەدەرەوە. بۆ ئەوەش كۆمپانیا ئەمەریكی ویابانی و ئەوروپییەكانی راسپاردووە، كەهەم پارچەكانیان بۆ كڕیوە وهەم قۆناغی سەرەتایی بۆ بەرهەمهێنان و ئامادەكردنیان بۆ ئەنجامداوە، بۆ نموونە كۆمپانیا ئەوروپییەكان بەبڕی زۆر ئەم ماددەو كەلوپەلانەیان بۆ عێراق كڕیوە وپەیداكردووە، لەوڵاتانی ترەوە كەعێراق بەهۆی شەڕەوە گەمارۆی لەسەر بووەو خۆی بۆی نەبووە ئەم ماددانە بكرێت. بۆ ئەم كارە لەرێگەی تۆڕێكی زۆر شارەزای ناودەوڵەتیی لەبازرگان وكۆمپانیاكان بەرێگەی بەندەرەكانی ئوردون وتوركیا ورێگای وشكانی وبەدزییەوە ئەم چەك وكەلوپەلانەیان بردووە بۆ عێراق. تا ئەو كاتەی كەلەساڵی ١٩٨٤دا یاسایەك بۆ بازرگانیی وقاچاغكردنی هەندێك لەم ماددەو كەلوپەلانە هاتۆتە ئاراوە لەنەتەوە یەكگرتووەكاندا، كاتێك ئەمەریكاییەكان چوونە ژێر باری ئەوەی كەلەمانگی مارسی ساڵی ١٩٨٤دا عێراق لەشەڕەكانیدا گازی كیمیاویی بەكارهێناوە. بەپێی ئەم یاسایە زۆربەی كۆمپانیاو وڵاتان لەم ماددانەو ئامانج لێیان ئاگاداركراونەتەوە. هەر لەم كاتەوە بەدەستهێنانی ئەم ماددانە بۆ عێراق وئێران دژوار بووە، لێرەشەوەیە كەسانی وەك فرانس ڤان ئانرات وبازرگانەكانی تری وەك چارلس تەنەكە دەوری گرنگتریان بەردەكەوێت.

ئەمیر: ئەوەی لام سەیرە، هۆڵەندا خۆی پێش هاتنی یاساكەی ١٩٨٤ لەنەتەوە یەكگرتووەكاندا كەئەوكات ئەندامی یەدەگ بووە، داوای یاسایەكی كردووە بۆ بەرگرتن بەبازرگانییكردن بەم ماددانەوە تا لەداخوازییەكەی هۆڵەندادا ناو ولیستی ماددەكانیشی دیاریكردووە كەبریتین لە٢١ ماددە تا قەدەغە بكرێن ودواتر بەلیستی ٢١ ماددەكە دەناسرێت، هەر هۆڵەندا وبولكستاین دەیانكات بە١١ ماددەو دواتر بریار دەدرێت ٧ ماددە بازرگانییان پێوە نەكرێت، سەیرتر ئەوەیە كە كەسایەتی وكۆمپانیا هۆڵەندییەكان بەشی شێریان هەیە لەم بازرگانیی وپڕ چەككردنەی عێراقدا، ئەم دووفاقییە لەقسەوهەڵسوكەوتی جیاوازدا دەكرێت چۆن لێكبدەینەوە؟.

فرانك: لێكدانەوەی ئەمە دەبێت لەوكات وساتەی خۆیدا سەیر بكەین، ئەوكات وەزارەتی دەرەوە لەژێر دەستی پارتی دیموكراتی مەسیحیی (ڤان دێرستۆل)دا بووەو هەمان ساڵیش هۆڵەندا ئەندامی یەدەگی شورای ئەمنیی نەتەوە یەكگرتووەكان بووە كە ئەم داخوازییەی كردووەو تا دەقی داخوازینامەكە بەزمانی هۆڵەندیی نوسراوە كە لەبەڵگەنامەكاندا هەیەو خوازیاری قەدەغەكردنی ئەو ماددانەیە كە لەسەرەوە باسمانكرد، هەر لەو دۆكۆمێنتانەدا نامە نارەزایەتییەكانی بولكستاین وەزیری بازرگانیی هەن كەنارەزایەتی بەم داخوازییانەی وەزیری دەرەوە دەردەبرێت وهەڵسوكەوتەكانی وەزیری دەرەوە بەخراپ ولەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندییە باڵاكانی هۆڵەندا ناو دەبات. بەڵام دەبێت لەوەش ئاگاداربین كە بەوشێوەیەش نییە كەوەزارەتی دەرەوە هیچ گرنگییەكی بە بەرژەوەندییەكانی هۆڵەنداو بازرگانییكردن نەدابێت، بۆ نموونە سەفیری هۆڵەندا (داڤید سخۆرد)كە لەبەغدا بووە لەلایەكەوە رەخنەی لەعێراق هەبووە لەسەر بەكارهێنانی چەكی كیمیاویی و زۆرجاریش حكومەتی هۆڵەندای ئاگادار كردۆتەوە دەربارەی

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراقەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا بەشێکی گرنگیش بووە بۆ ڕێکخستن وفرۆشتن وبازرگانییکردنەکانی کۆمپانیا هۆڵەندییەکان لەگەڵ عێراقدا، ئەو خۆیشی یەکێك لەو کەسانە بووە کەلەگەڵ بولکستایندا لەساڵی ١٩٨٣دا کۆنتراکتەکانی ئیمزا کردووە، هەروەها لەهەموو ئەو تەلەکسانەی ئەو کاتەشدا کەلەنێوان وەزارەت وسەفارەتی هۆڵەندا بووە وهەم پشتیوانیی سیاسیی بۆ بڕیارەکانی وەزارەتی دەرەوە دەردەبڕێت وبازرگانیی وفرۆشتنی کەلوپەلەکانی لا گرنگە، بەڵام بەگشتیی دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجامەی کەوەزارەتی بازرگانیی دژایەتی تەواوی سیاسەتی دەرەوەی هۆڵەندا دەکات لەپەیوەندیی بەمەسەلەی گازە ژەهراوییەکان ولەولای ترەوە بەپێچەوانەوە وەزارەتی دەرەوە مەسەلەی قەدەغەکردن و ڕێزگرتنی لەیاسای قەدەغەکردنی ئەم ماددانەی لا گرنگە.

ئەمیر: لەلێکۆڵینەوەکەدا بێجگە لەسەردانەکانی وەزیری کاروباری هۆڵەندیی بۆ عێراق، سەردانی ئەفسەران و بەرپرسانی عێراقیم بۆ هۆڵەندا بینی، کەسەردانی وەزارەتەکان ودواتر هەندێك لەکۆمپانیا هۆڵەندییەکانیان کردووەو زۆر بەگەرمیی پێشوازییان لێکراوە، ئەمەش لەکاتێکدا بووە هەم حکومەت وهەم میدیاکان ئەوەیان بیستبوو کەعێراق خەریکی بەرهەمهێنان وبەکارهێنانی ئەم گازە کیمیاوییانە بووە، بۆ نموونە سەردانی کۆمپانیاکانی خوارووی هۆڵەندایان کردووە بۆ ئیستیشارەی ئەندازیاریی ودابینکردنی نەخشەو پارچەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی چەکەکانی عێراق، لەمبارەیەوە چەند ئاگاداریت؟.

فرانك: بەڵێ ژمارەیەکی زۆری هاتوچۆ وسەردان هەن، بێجگە لەوانەی تۆ ئاماژەت پێدان، دەکرێت ئاماژە بەوەش بدەین کە بۆ نموونە دوای کیمیابارانی هەڵەبجەش چەند ڕۆژ دواتر دەلەگاسیەکی عێراق سەردانی هۆڵەندایان کردووەو هاتوونەتە شاری دینهاخ. کە ئەم وەفدە وەزیری بازرگانیی ئەوکاتەی عێراق سەرۆکایەتی کردووەو چاویان بەوەزیری بازرگانیی وچەند وەزیری تر وکەسانی پایەبەرزی دەوڵەتی هۆڵەندا کەوتووە. دەتوانین ئەوە ببینین کەبازرگانیی زۆر بەرۆتینی درێژەی هەبووەو مەسەلەی چەکە بەکۆمەڵکوژەکان وکیمیاباران ومردنی هەزاران کەس باسیان لێنەکراوە. لێرەدا زۆر پرسیار دێتە ئاراوە کەرەنگە واقیعیترینیان ئەوەبێت: کەئایا هەر بەراست حکومەتی هۆڵەندا ئاگاداری ئەم تاوانە گەورەیە نەبووە یا ئاگاداری بانگهێشتکردنی ئەو وەفدە نەبووە؟ ئەگەر وایە چۆن وەفدێکی ئاوا گەورە




فرانك سلایبر لەکۆنگرەی بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی کورد

بانگهێشتی هۆڵەندا کراوەو خەریکی کڕین وپەیداکردنی ماددەو بازرگانی بوون؟ ئایا پرسیارێك لەچارەنووسی ئەم هەزاران کەسەی کە تا ئەوکاتە لانی کەم بوونە قوربانیی ئەم ماددە کیمیاوییانە کراوە لەکەسانی سیڤیل و سوپاییەکانی عێراق وئێران وکورد؟. لەکاتێکی ئاوادا دەبینین کەهۆڵەندا چاوی خۆی لەڕاستییەکان دادەخات وخەریکی بازرگانییکردن وقازانجی زیاترە لەعێراق وئێران دەستی بکەوێت. ئەوەمان لەبەرچاو بێت ئێران لەوکاتەدا بەسەرکردایەتی خومەینی دۆستێکی باش نەبووە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمەریکا و زۆربەی دەرگاکان بەرووی ئێراندا کەمتر کراوە بوون، ئەوەشمان بیر نەچێت ئێران لەدەورانی شادا مشتەرییەکی گرنگی بازرگانیی هۆڵەنداو غەرب بووە، بازرگانیی و چوونە سەری کڕینی ماددە کیمیاوییەکان لەلایەن عێراقەوە بەتایبەت لەساڵانی ١٩٧٩ بەدواوە زۆر بەجیددی گەشەی کردووە.

ئەمیر: لەشەڕی کەنداودا ودواتر لەکاتی شەڕی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسدا باسی ئەوە دەکرا کەهۆڵەندا سەگی هەوسارکراوی ئەمەریکایە، بەتایبەت کە لەو شەڕەدا وێڕای نارەزایەتییەکانی خەڵکی هۆڵەندا دژ بەم شەڕە، حکومەتی هۆڵەندا پشتیوانیی سیاسیی خۆی لەشەڕ دەربڕی! ئایا لێرەشدا هەمان شت دووبارە دەبێتەوە لەپەیوەند بەچەکە کیمیاوییەکانی عێراقەوە، بۆ نموونە ئەوەی لەکاتی شەڕی عێراق وئێراندا ئەمەریکا لایەنگری عێراق بووە؟.

فرانك: بەڵێ ئەمە بەتەواوەتی ڕاستە، دەبینین بۆ نموونە کاتێك ئەمەریکا (دۆناڵد رامسفێڵد)ی لەساڵی ١٩٨٧دا ڕەوانەی عێراق کردووەو کۆنتراکتەکانی چەکی لەگەڵدا مۆرکردووە، لەهەمان کاتداو بۆ هەمان مەبەست هۆڵەندا بولکستاینی ناردبووە عێراق وکۆنتراکتی چەك وماددەکانی مۆر کردووە. هەر لەلێکۆڵینەوەیەك کە ئێمە کردوومانە ئەوە دیارە کەوەختێك ئەمەریکا (بەتایبەت دوای مقۆمقۆ لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا) بازرگانیی هەندێك لەماددەکان قەدەغە دەکات ئیتر هەمان شت لەهۆڵەنداش دەبێتە بابەت وقسەی لەسەر دەکرێت. وێڕای ئەوەش کەهەر لەزووەوە دەزگاکانی هەواڵگریی ئەمەریکا وهۆڵەندا ئەوەیان بەحکومەتی هەردوولا ڕاگەیاندبوو: کۆمپانیا هۆڵەندییەکان چەك وماددەی کیمیاوییان بەڕژێمی عێراق فرۆشتووە، بەڵام تەنیا کاتێك ئەمەریکا قەدەغەی بازرگانییکردن بەکۆمەڵێك لەو ماددانەوە دەکات، هۆڵەنداش بڕیارێکی کەم ناوەڕۆك و ناجیددی تر لەوبارەوە دەردەکات ولیستی هەندێك ماددە کەژمارەیان زۆر کەمترە لەوانەی ئەمەریکا قەدەغە دەکات.



فۆتۆ : یەحیا بەرزنجی

# دیموکراسیی لەکوردستان .. لەنێوان دروشم و واقیعدا

ئامادەکاری تەوەرە: سەرنووسەر

چەمکی دیموکراسیی یەکێکە لەو چەمکە بەربلاَوانەی ئەدەبیاتی سیاسیی کوردیی، کەلەلایەن پارتە سیاسییە دەسەلاَتدارەکانی باشووری کوردستانەوە هەمیشە بانگەشەی بۆ دەکرێت و خۆی پێوە بادەدرێت، تەنانەت راگەیاندنەکانی سەر بەدەسەلاَت باسی ئەزموونێکی ناوازەو تاقانە دەکەن لەدیموکراسیی لەکوردستان کەوێنەی نییە لەناوچەکەو نابێتەوە. ئەوەتا بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە لەکوردستان مۆدیلێك لەپیادەکردنی دیموکراسیی لەئارادایە کەنەك بەس نییە تەنیا لەسنووری ولاَتێکدا تاقیبکرێتەوە، بەلَکو وەك سیمبۆلَی دیموکراسیی رۆژهەلاَتی ناڤین دەیبیننەوە، هەربۆیە بەم هۆیەوە باسی سەفسەتەی گواستنەوەی ئەم مۆدیلە لەحکومداریی و(دیموکراسیی) دەکرێت لەکوردستانەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی رۆژهەلاَت بەتایبەت بۆ عێراقی نوێی پڕ ئاژاوەو فەوزای سیاسیی. بەلاَم لەبەرامبەردا بەشێکی بەرچاو لەکەنالَەکانی راگەیاندنی دەرەوەی پارتەکان وهەندێك دامودەزگای کۆمەلَگەی مەدەنیی وجەماوەریی، ئەوە رەتدەکەنەوە لەکوردستان دیموکراسیی پیادە بکرێت، بەلَکو رایدەگەیەنن ئەوەی ئەمڕۆ لێرە روودەدات پێچەوانەی کۆی سیستمی دیموکراسییە، بەتایبەت لەرووی مامەلَەکردن لەگەلَ دەسەلاَت و دابینکردنی ئازادییە گشتییەکان و رەخساندنی فەزایەکی کراوە بۆ گوزارشتکردن لەخۆی هەموو بۆچوونە جوداکان. بەشێوەیەکی گشتیش ئەوەی لەتابلۆی راستەقینەی کوردستانەوە دەردەکەوێت: ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە، واقیعی کوردستان وسیستمی حکومڕانیی کوردستان هەرچییەك بێت، دیموکراسیی نییە بەلَکو بەشێوەیەك لەشێوەکان واقیعەکە بەهیچ کلۆجێك پالَپشتیی لەپیادەکردنی دیموکراسیی ناکات، چون دیموکراسیی بەبڕیارێکی سیاسیی ولەسەرەوە ناسەپێت بەلَکو پرۆسەیەکە لەژێرەوە بۆ سەرەوە دەستپێدەکات. رۆشنبیرانی سەربەخۆ خۆ ئارایشتکردنی پارتە کوردییەکان بەپۆلێشی دیموکراسیی، بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کەدیموکراسیی بەتایبەت دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد وەك سیستمێکی براوە وناوازەو مۆدیلێکی نوێی دەولَەتداریی وبەڕێوەبردن خۆی دەنوێنێت، پارتە کوردییەکان بۆ خۆ سازاندن لەگەلَ ئەم رەوتە نوێیەو راکێشانی سەرنجی ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بانگەشە بۆ دیموکراسییەت دەکات، ئەمەش تەنیا لەسنووری بانگەشەکردندا ماوەتەوە نەك پیادەکردن وزەمینەخۆشکردن بۆ پراکتیزەکردنی لەکۆمەلَگەدا. ئێمە لێرەوە ولەمیانەی ئەم تەوەرەدا پرسیاری دیموکراسیی دەکەین لەکوردستاندا، ئاخۆ دیموکراسی لەکوردستان لەدروشمەوە تێپەڕیوە بۆ کردار؟ ئایا پارتە بالاَدەستەکانی باشووری کوردستان بەجیددی لەهەولَدان بۆ پیادەی دیموکراسیی وئامادەکردنی کۆمەلَگە بۆ قەبولَکردنی سیستمێکی لەو جۆرە؟ هەروەها پرسیار دەکەین ئاخۆ بەکام رێگەو هەنگاو کۆمەلَی کوردەواریی رووەو کۆمەلَگەیەکی دیموکراسیی رێگە دەگرێتە بەر؟ بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسەو چەند پرسێکی تری گرێدراو بەمەسەلەی ئەزموونی دیموکراسیی لەکوردستان وئەگەری پیادەکردنی لەکوردستاندا، هەر یەك لەم نووسەر و رۆشنبیر وپسپۆرانە وەلاَمی پرسیاری تەوەرەکەیان داینەوە:

- •هەندرێن - نووسەر و رۆشنبیر، دانیشتووی ولاَتی سوێد.
- •ئیبراهیم مەلازادە - نووسەر ورۆشنبیر، دانیشتووی بەریتانیا.
- •تامان شاکر - نووسەر و چالاکی کۆمەلَگەی مەدەنی.
- •سمکۆ یەزدانپەنا - سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان.
- •دلَشاد عومەر کاکی - نووسەر و رۆژنامەنووس، دانیشتووی ولاَتی ئەلَمانیا.
- •سلێمان عەبدوللاَ یونس- نووسەر و رۆژنامەنووس، دانیشتووی بەریتانیا.

هەندرێن - نووسەر و رۆشنبیر:

# تائێستا ئەوەی بۆتە لەمپەر لەبەردەم پراکتیزەکردنی دیمۆکراسی لەکوردستان خودی پارتە کوردییەکانن



نێوەند: هەمووماں لەسەر ئەوە کۆکین دیموکراسیی لەکوردستان لەدروشمێکی سیاسیی بەولاوە چیتر نەبووە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ لەوە بپرسین: ئایا لەسایەی دەسەڵاتی پارتە کوردییەکانی ئەمێستای کوردستاندا ئەگەری ئەوە هەیە دیموکراسیی لەکوردستان پراکتیزە بێت؟ بەمانایەکی تر ئایا خودی پارتە کوردییەکان رێگرێکی بەردەمی پرۆسەی دیموکراتیزەی کوردستان نین؟.

هەندرێن: راستییەکەی لەکوردستاندا نەك هەر "دیموکراسیی لەدروشمێکی سیاسیی بەولاوە چیتر نەبووە" بەڵکو کۆی ئەو بانگەشەو دەستەواژانەی کەلەجیهانێکی تر، واتا رۆژئاوای نوێباوەوە وەك مۆدە گوازراونەتەوە، لەدروشمێکی سەرزارەکیی بترازێ هیچی تر نین. لەوەش بترازێین، کەئەو چەمك ودروشمە مجگێزخۆشکەرانە، بەهۆی ئەو بونیاتە رۆشنبیرییە ئاست رووکەشە وقەدەرە وابەستەییەی جڤاکی کورد بەدەسەڵات ورۆشنبیریی نەتەوەگەلێکی پاشکۆ وداماوی وەك عەرەب، فارس، بەتێگەیشتنە لینگەوقووچەکانیانەوە بوون بەگاڵتەجاڕیی، لێ کارەساتەکە ئەوەیە تۆ لەجڤاکی کوردستاندا بەدەر لەدەسەڵاتی ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارە، پارتی ویەکێتی هێزگەلێك لەبواری رۆشنبیریی یان حیزبیی جیاوازی دیکە یان هێزێکی کارای سیاسیی دیکە شك نابەی کە لەئاستێکی ماریفیی وسیاسییدا ویستێکی هیدڵیی (جیددی)یان بۆ تێگەیشتن وپێڕۆکردنی "دیموکراسی" هەبێت. لێرەوە، هەروەك من بەگوێرەی توانا، لەوتاری (چەمکی دیموکراتی لەگرێکەوە بۆ کوردستان)و چەند گفتوگۆو وتاری دیکەدا گوتوومە،چەمکی دیموکراتی، وەك چۆن بریتییە لەکۆ چەمکێك، هاوکاتیش تێگەیشتن و پیادەکردنی، پەیوەستە بەکۆئاگاییەکی جڤاکیی، پرۆسەیەکی بزۆك ولەخوارەوە بۆ سەرێ پێڕۆ بکرێ نەك بەپێچەوانەوە. لەو دیدەوە، دوور لەحیکایەتگەلی "رەشبینی" و هاوواتاکردنی کەلەسەر زاری زۆرێك لەپیاوانی حیزب ونووسەرانیان دایە، ئەگەر دوای ١٧ ساڵ خۆڕازاندنەوەی حکومەتی ئەو دوو پارتە کوردییە وهەڵڕشتنی ئەو هەموو قسەکردنە لەقەڵەم وزاری زانا ونەزانی کوردییەوە لەمەڕ ماناو بەهای "دیموکراسی" وچەمکگەلی ترەوە، تازە بەتازە خۆمان بەخەیاڵاندنی ئەگەری (پراکتیزەکردن) و(پراکتیزە)نەکردنی دیموکراسی لەلایەن ئەو دوو پارتەوە سەرقاڵبکەین، رەنگە بێجگە لەسەرقاڵکردنی زمانەوە هیچی تر رانەپەڕێنین. راستییەکەی من دەمێکە وایدەبینم، کەئەمڕۆ ئاخێوەری کورد، وەك بوونەوەرێکی بێناسنامە، بێ ئامانج، بێباك، بەهۆگەلی ناوکۆیی مێژوویی، جڤاکیی، پاشکۆیی،خێڵسالاریی، گەندەڵسالاریی، وجاخکوێریی لەتاکەکەسگەلی روحی خودان پرینسیپی ئازادیی، دواجاریش بەهۆی مۆدەبوونی رۆژنامەوانیی، رۆمانووسیی وتاد...، بەدەر لەلاساییکردنەوە بەرژەوەندیی ماددیی وهەڵەپاسایی، لەقسەکردن بۆ قسەکردنێکی رووت بترازێ هیچ ئاڕاستەیەکی دیکەی بەرەو کۆئامانجێکی جڤاکیی ونەتەوایەتی لەهەگبەکەیدا نییە. لەبۆیە قسەکردن لەمەڕ کۆی پرسیار، گرفت ودیاردەکانی جڤاکیی، سیاسیی، نەتەوایەتیی، بوونە بەکاڵافرۆشیی وبەکاڵاکردنەوەی رۆژانە، یان بەتاڵن لەمەبەستێکی کردەیی. هەرچۆنێك بێت، لەو رەوشە ئاڵۆزەی کەجڤاکی کورد لەبەردەم دووڕیانێك، یان لەنێوان دوو هێز: هێزی نەریتسالاریی، کۆنەخوازیی، خێلسالاریی ونوێخواز و مەیل کراوە گیری خواردووە،

ئەگەر ئەو دوو پارتە وپارتە هاوپەیمانەکانیان پشت بەو هێزە نوێخوازە ساوا وپەرتەوازەی ناو جڤاکی کورد نەبەستن و ویستی دابڕانیان لەو هێزە کۆنخواز، نەریتسالار، دژە دیمۆکراتییە تێدانەبێ، پراکتیزەکردنی "دیمۆکراسی"، بێجگە لەدروشم وچەواشەکاریی، دەستخەڕۆدان و تەڵەکەبازیی، هیچی تریان لێ چاوەڕوان ناکرێت. لێرەوە تائێستا ئەوەی کەبۆتە لەمپەر لەبەردەم پراکتیزەکردنی "دیمۆکراسی"، خودی پارتە

## پرۆفایل

* لەشاری هەولێر لەدایکبووە.
* ساڵی ١٩٨١ لەدوا ساڵی خوێندنی ئامادەییدا دوای دەرچوونی بڕیاری گرتنی، روویکردۆتە شاخ وبووەتە پیشمەرگەو تاساڵی ١٩٨٨ بەردەوام بووە.
* لەساڵی ١٩٨٨ سەفەری دەرەوەی وڵات دەکات ودوای بڕینی سنوورەکانی ئێران وتورکیا و رووسیا، دواجار لەساڵی ١٩٩١ دەگاتە سوێد وتائێستا لەوێ دەژی.
* لەپێشمەرگایەتیدا و لەساڵی ١٩٨٦ یەکەم کۆشیعری بەناوی ( لەسێبەری کێوەکاندا ونت دەکەم، لەپێدەشتێك ونت دەکەم)چاپکردووە.
* لەسوێد دوای خوێندنی ئامادەیی وێڕای ماجستێر لەمێژووی هزر تا بەکەلۆری فەلسەفەی خوێندووە.
* لەپاڵ ئەوەشدا وەك بەردەوامییەك لەرشتەکەی(مودێرنیزم پۆست مۆدێرنیزم)، زمانی گریکیی کۆن، رەوانبێژیی، مێژوو، گەشەسەندنی زمانی منداڵ ومۆدێلی کۆمەڵگای رەفاهی سوێدیی وئەوروپاشی خوێندووە.
* یەك ساڵ (پەروەردەی پراکتیکیی) کەبریتی بووە لەمێژوو وتیۆرییەکانی پەروەردەو پراکتیکی بۆ وانەوتنەوە خوێندووە.
* جگە لەبواری وەرگێڕان بەدەیان نووسین ولێکۆڵینەوەی لەرۆژنامەو گۆڤار ومالپەڕەکاندا بلاوکردۆتەوە.
* خاوەنی ١٣ بەرهەم( کتێب)ی چاپکراوە کەبریتین لەنووسینی خۆی و وەرگێڕان وتێکستی ئەدەبیی.
* بەشێك لەبەرهەمەکانی بەتایبەت شیعرەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی سوێدیی، وەك کۆ شیعری (سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لەبخوور).

کوردییەکانن، چونکە ئەو پارتە کوردییانە، لەلایەك بەهۆی پێکهاتەی خودی خۆیان ومێژووەکانیان، کەزادەی مۆدیلی ستالینیزم وبەعس وحیزبە نەریتییەکانی رۆژهەلأتن، لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی خولیای مانەوەی ئەبەدی خۆیانەوە، پشتبەستن بەهێزە کۆنخواز وهەڵپەسەکانی ناو جڤاکی کورد، کەزۆرینەی هێزی کوردیین، بەمەش هەوڵیاندا رەهەندی دیمۆکراتی، وەك جیوە، بەکاربهێنن: لەو شوێنەی کەئەگەر ئەو دیمۆکراتییە بەرژەوەندیی حیزبایەتیی ومادديی خۆیان وهێزە کۆنخواز ونەریتسالارەکانی جڤاکی کوردیی نەورووژاندووە، بێدەنگیان لێکردووەو لەو شوێنەش کەهەستیانکردووە ئەو دیمۆکراتییە رەفتاری سەرکردەو بنکردەکانیان، کەلای ئەو پارتە کوردییانە پیرۆزن، ناکرێ بخرێنە ژێر پرسیار، سەرکۆنە کردووەو پایەو رەفتاری هێزە کۆنخوازەکانی وابەستەی خۆیانی هەژاندووە، ئەو کاتە هەڵپەرستانە، تەڵەکەبازانە وبەزەبروزەنگەوە دژی پیادەکردنی ئەو دیمۆکراتییە وەستاونەتەوە. بەمجۆرە ئەو پارتە کوردییانە هەوڵیانداوە لەژێر بانگەشەی هەبوونی"تاراددەیەك" دیمۆکراتی یان ئەو "دیمۆکراتییەی کەلەکوردستاندا هەیە لەزۆر لەوڵأتانی ناوچەکەدا" نییە، رەوایەتیی بەو تەرزە دیمۆکراتییە نیوەچڵە بدەن. لێرەوە ئایندەی ئەو چەشنە تێگەیشتنە مجگێز، میزاجیی، نیوەچڵ وتەڵەکەبازییە لەدیمۆکراتییەتی پارتە کوردییەکان، یان ئەو گەرەلأوژەی کەئێستا لە کوردستاندا لەئارادایە بەرەو بێهوودەیی، ئاژاوەگێڕیی، بەرەلأیی دەبا، یانیش بەرەو دیکتاتۆریی دەبا. لێ ئەزموونەکانی ئەو تەرزە دیمۆکراتییە نیوەچڵە لەحکومەتە ساواکانی رۆژهەلأتدا ئەوەمان بۆ جەختدەکەنەوە، کەئایندەی ئەو دیمۆکراتییە بەدیکتاتۆریی خەتم دەبێ. کەواتە نەبوونی ئاکار وبەرنامەیەکی روون، دوای ١٧ ساڵ لەحکومڕانیی ئەو پارتە کوردییانە سەبارەت بەئایندەی دیمۆکراتییەوە، ئەوەمان پێدەڵێ کەئەو پارتە کوردییانە نەك هەر رێگرن لەبەردەم پراکتیزەکردنی دیمۆکراتیی، بەڵکو سازێنەری ئەو تێگەیشتنە کلۆڵ و گومانە خەمهێنەرەی ئاییندەی ئەو دیمۆکراتییەن کە شادەمارێکە بۆ بەرهەمهێنانی جڤاکێکی بەرهەمهێنەر و بەختەوەر.

نێوەند: بۆ ئەوەی لەکوردستان ببینە خاوەنی ئەزموونێکی پیادەکراو وسەرکەوتووی دیموکراسیی چی هەنگاوێگ کاراو کاریگەرە؟ بەدەربڕینێکی دیکە ئەو هەنگاوە گرنگانە چین کەکوردستان دەپەڕێنێتەوە بەرەو قۆناغی دیموکراسیی؟.

هەندرێن: بەکوردیی وبەکورتی، کەسێك سەرڕاستانە بخوازێ لەچەمك ورەهەندی دیمۆکراسی تێبگا وبزانێ بۆ ئەوەی دیمۆکراتی لەئێستاو ئاییندەدا ببێتە سیستمێکی نوێ وکارا، دەبێ هاووڵأتیان لەئاستی ئاگایی، ئامانجی هاوبەش، بەختەوەربوونی جڤاك، بەهای دادپەروەریی ویەکسانییەوە هەم متمانەیان بەو پارت و حکومەتەوە هەبێت کەخۆیان هەڵیانبژاردووە، هەمیش متمانە بەیەکتر بکەن. مەرجی دیمۆکراتی ئەوەیە کەهاووڵأتیان بە کۆئاگاییەك بەویست وئازادییەوە چارەنووسی خۆیان نەك هەر بخەنە دەستی ئەو دەمڕاستە سیاسییانەی کەخۆیان ئازادانە نەك بەرێگای "بەرتیل"، "تەقاویتکردن"، "مووچەپێدان" وتاد.. دەنگیان پێداون، بەڵکو متمانەیان بەو سیاسییانەش هەبێت کەهاوپەیمانن لەگەڵ ئەو پارتانەی کەدەنگیان پێداون و وەك نوێنەری خۆیان هەڵیانبژاردوون. بەمجۆرە هەبوون ونەبوونی دیمۆکراتیی ئەوکاتە دەردەکەوێ کەهاووڵأتیان هەستیانکرد نوێنەرە سیاسییەکانیان بەرانبەریان دڵسۆزن وخزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەکەن یان درۆیان لەگەڵ دەکەن وبەرژەوەندییە گشتییەکانی ئەوان جێبەجێ ناکەن. لەو دیدەوە، ئایا پاشخان وپێکهاتەی پارتە کوردییەکان، یان حکومەتی پارتی ویەکێتی وحیزبە پاشکۆکانیان هەڵگری ئەو پرینسیپ وئاکارە دیمۆکراتیخوازەن، کەبێجگە لەبەرژەوەندیی دەستەی سەروەری حیزب وئەندام ولایەنگیرەکانی خۆیان زیاتریان بۆ گرنگ بێت؟. ئەڵبەت شتێکی ئاشکرایە ئەو پارتە حکومڕانانەی کوردستان نەك هەر بەرژەوەندیی کۆی هاووڵأتیانی کوردییان لەژێر پێی خۆیان ناوە، بەڵکوو دزیی وتالأنکردنەکانیان ئاستی هەموو بەها ئەخلاقییەکانی بەزاندووە. ئەمەش چونکە نەك هەر دەستەیەك لەئەندامانی مەکتەبی سیاسیی لەهیکرا بوونەتە بازرگان وخاوەن کۆمپانیای جیهانیی، بەڵکوو پێرێك لەکۆنە سەرۆك جاش وخیانەتکاریان لەسەر حیسابی ئەنفالکراو وگروپە هەژار وماڵوێرانکراوەکان بەدەستی رژێمی رماو وپاشانیش شەڕی خۆکوژیی خۆیانەوە کردۆتە خاوەن پایە ئابووریی وسیاسیی. کەواتە "ئەو هەنگاوە گرنگانە چین کە کوردستان دەپەڕێننەوە بەرەو قۆناغی دیموکراسیی؟".وەڵامی ئەو پرسیارە هێندە سەخت نییە، ئەگەر مەبەست لەبوونی ئەو بابەتەش دووبارەکردنەوەی "حیکایەتی مێشێ" نەبێ، دەکرێ لەچەند رستەیەکدا چڕی بکەینەوە:

١- دەبێ ئەو حیزبانەی کەخۆیان بەنوێنەری خەڵك دەزانن وبانگەشەی ئەوە دەکەن کە "بەئینقلاب نەهاتوونەتە سەر حکوم"، لەئاستی کردەیی نەك قسەو دروشمدا قانوون بکەن بەسەرچاوەی ئەرك وماف کۆی هاووڵأتیان و خودی سەرۆك وبنسەرۆك وئەندام ولایەنگرانی خۆیان.

٢- دەبێ ئەو هەموو مەقەرەی کەهی حیزبەکانیانە ولەژێر پەردەی "رێکخراوی مەدەنی"یەوە، کۆمەڵێ دیکۆریان بەناوی "رۆژنامەی ئازاد"، رێکخراوی "ژن ئافرەت"، "کۆمپانیای ئازاد"، "پێشمەرگەی دێرین" وتاد...، قووتکردۆتەوە دابخەن ولەبری ئەوە بوار بۆ خەڵکی کارای ئازاد خۆشبکەن کەلەپێناو چاودێریی دیمۆکراتیی، بەرژەوەندیی





گشتیی، بەرقەرارکردنی ئازادیی وماڤی خەڵك، ئەفراندن وبەرهەمهێنانی تاکەکەسی ئازاد، بیر ورای جیاواز وتاد.. لەسەر بنەمایەکی بێلایەنی رێکخراوگەلێکی ئازادی بەراستیی بواری ژن، خوێندکار، بازرگانیی، مامۆستا، کارکەنار، رۆژنامەی ئازاد وتاد.... بسازێنن.

٣- دەبێ ئەو حکومەتەی کەخۆی بەنوێنەری زۆرینەی خەڵکی کوردستان هەڵدەکێشێ، لەروانگەی فرە کولتووریی، فرەحیزبیی، پرۆسەیەکی بزۆکەوە سەیری جڤاکی کوردستان بکا. بەدەربڕینێکی کراوەتر دەبێ ئەو پارتە حکومڕان وهاوپەیمانەکانیان واز لەخولیای حیزب حیزبێنە، مەراییکردن بۆ خێڵ وئێلی خاوەن هێزەکان بهێنن. بەخەونی مانەوەی تائەبەدی خۆیان وخەساندنی هەموو هێزە جیاواز وسەربەخۆکانەوە، چیتر بەرێگەی سەروەت وسامانی خەڵك وحکومەتەوە کۆی هێز وتاکەکەسەکانی کورد لەبۆتەی حیزبەکانیاندا کەڵەکە نەکەن. ٤- دەبێ ئەو پارتە کوردیی وحکومەتەی کەخۆی بەبۆیاخی دیمۆکراتییەوە رازاندۆتەوە بڕوا بەوە بێنێ کە مەرجی دیمۆکراتی ئەوەیە، کەحیزبێك دوای ماوەیەکی دیاریکراو دەبێ رێگا بۆ حیزبەکانی تر خۆشبکا کە حکومڕانی بکەن. بەمجۆرە دەبێ ئەو دوو حیزبە، ئەگەر لەمانای دیمۆکراتی تێبگەن وبیانەوێ تێبگەن، کە لەسیستمێکی دیمۆکراتییدا ناکرێ تەنیا هەر خۆیان سوودبەخش بن وحیزبەکانی دیکەو هاووڵاتیانی سەر بەوان هەمیشە زەرەرمەندبن. بۆیە ناکرێ بەهۆی قۆرخکردنی دەسەڵات وسەرچاوەی ئابووریی خەڵك و حکومەتی هاووڵاتیانەوە هەمیشە لەسەر حکوم بمێننەوە.

٥- دەبێ ئەو حیزبە حکومڕانانەی کوردستان سیاسەت وەك ئەرکێکی ئێتیکی تێبگەن، کەئەمەش پێشمەرجێکە بۆ نزیکبوونەوە لەخەڵك ومتمانەبەخشین بەهاووڵاتیان. تێگەیشتنی سیاسەت وەك کردەیەکی ئێتیکی بریتییە لەسازکردنی چەشنە دۆستایەتییەك لەگەڵ هاووڵاتیان وکۆی هێزە جیاوازەکانی ناو جڤاکی کوردیی. ئاکامی ئەمەش مانای وایە کەحکومەت وهاووڵاتیان لەئاستێکی یەکساندا یەکتر قەبووڵ دەکەن ودان بەماف وئەرکی یەکتر دەنێن. ئەگەر حیزبی کوردیی وحکومەتەکەی خاوەن ئەو پرینسیپانە بوون، چیتر خەڵك بەوادەی کاتیی و دوور لەراستیی فریو نادەن. بەواتایەکی تر: بێ بوونی پرینسیپی سەروەریی، بەختەوەریی، دەستپێوەگرتن، سەرکەوتنی کۆی هاووڵاتیان، شتێك نییە ناوی حکومەت وسیستمی دیمۆکراتی بێت. بۆ ئەوەی ئەو سیستمەش لەئاستێکی کاراو دڵسۆزدا پیادە بکرێت، دەبێ ئەو حکومەت یان حیزبە کوردییانە بەشێوەیەکی کراوەو راستگۆیانە بەرنامەکانی خۆیان بەخەڵك رابگەیەنن. دەبێ هاووڵاتیان، تاکەکەسە توانا جیاواز وبەرهەمدارەکان سەرچاوەو دینەمۆی ئەو حکومەتە بن، نەك سەرۆك و ئەندام وکەسە جامبازەکانی حیزب، مشەخۆرەکانی ناو جڤاك، کۆنەجاش وتاد.... دواجاریش بەزەمینە خۆشکردنی ئەو زەمینە دۆستایەتییە لەنێوان حکومەت و هاووڵاتیاندا، تاکەکەسەکان واز لەبەرژەوەندیی خۆیان دێنن وپێکڤە بەویستێکی ئازادو متمانەوە لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی وئاییندەیەکی شکۆمەندو بەختەوەردا دەکەونە کێبەرکێوە. لێ ئەو کاتەی کەخودی ئەندامانی سەرکردایەتی، کادیر ولایەنگرانی ئەو پارتە حکومڕان وبێدەسەڵاتە کوردییانە وبگرە ئەو توێژە عەنتیکەی کورد کەناوی "روناکبیر"ە، نەك هەر وەك دەمڕاستێکی جڤاك، خودان کولتووری دۆستایەتییەکی حیزبیی ورۆشنبیریی نین، بەڵکو خەریکی سازکردنی کودەتای بێدەنگ وبوغزی خێڵەکین لەنێوان خۆیاندا، گەلۆ دەکرێ لەنێوان ئەو تەرزە پارت وروناکبیرە حکومڕانە سیخناخە بەبوغزاندنەو هاووڵاتیانی ناخ برینداری کوردستاندا، روناکییەك لەو ویست و وزەیە لەپێناو سازاندن وفەراهەمکردنی پەیوەندییەکی دۆستانە بەدیبکرێ. بەرسڤی ئەو پرسیارە بۆ ئاییندەی ئەو حیزب و روناکبیرە قسەکەرە بێ بیرکردنەوە حکومڕانانە دەهێڵینەوە کەلەمیدیاکانیانەوە دەمڕاستی دیمۆکراتییەتی سەر زار، هاووڵاتیانی حیزب و پاشانیش دۆستایەتی گیرفانی خۆیانن!.

## ئیبراهیم مەلازادە - نووسەر وپارێزەر:

# سەرکردەکانی کورد خۆیان بەمۆدێرن و دیموکراتخواز دەزانن، بەلاَم داوای ئەوانیش وەك داوای نەخوێندەوارێك وایە بلێت من مامۆستای زانکۆم



### پرۆفایل

*لەساڵی ١٩٦٦ لەدایکبووە وساڵی ١٩٩١ کۆلیژی قانوون وسیاسەتی لەزانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە.
* تاساڵی ١٩٩٦ لەکوردستان سەرقاڵی رۆژنامەنووسیی و پارێزەریی بووە لەدادگای هەولێر.
*لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٦ کوردستانی جێهێشتووەو لەهۆڵەندا جێگیربووە.
*لەهۆڵەندا ئامۆژگایەکی سێ ساڵەی لەبواری ئیجرائاتی قانوونیدا خوێندووە.
*ماوەی پێنج ساڵ لەبواری ئیمیگرێیشندا وەك سەرپەرشتیی قانوونی کاریکردووە.
*ئەندامی لیژنەی یاسایی ناوەندی چاکەو پرۆژەی خوێندنی بالاَی لەبەردەستدایە.
* خاوەنی چوار منداڵەو ئێستا لەبەریتانیا نیشتەجێیە.

نێوەند: هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین دیموکراسیی لەکوردستان لەدروشمێکی سیاسیی بەولاوە چیتر نەبووە، بەلاَم ئێمە دەمانەوێ لەوە بپرسین: ئایا لەسایەی دەسەلاَتی پارتە کوردییەکانی ئەمێستای کوردستاندا ئەگەری ئەوە هەیە دیموکراسیی لەکوردستان پراکتیزە بێت؟،بەمانایەکی تر ئایا خودی پارتە کوردییەکان رێگرێکی بەردەمی پرۆسەی دیموکراتیزەی کوردستان نین؟.

ئیبراهیم مەلازادە: ئەگەر بڕیار بێت باس لەکۆنسێپتەکان بکەین وەکو هەن نەك وەکو دەمانەوێت، ئەوا نابێت باس لەدیموکراسییەت بکەین لەکوردستان. پارت یاخود حیزبیش یەکێکە لەو کۆنسێپتانەی کەمانا وناوەڕۆکی خۆی هەیە، ئەوەی کەپێکهاتەی حیزبی مودێرن بەیەکەوە دەبەستێتەوە بەر لەهەموو شتێك بەرژەوەندیی کۆمەڵگایە، بەرژەوەندییەکانی نەتەوەن. بەلاَم ئێمە بەرلەوەی باس لەوە بکەین کەئایا پارتە کوردییەکان رێگری بەردەمی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کوردستانن؟ دەبێت ئەو پرسیارە بوروژێنین، ئایا ئێمە پارتی مودێرنمان هەیە؟ ئەو حیزبانەی کەئێستا دەستەلاَتی کۆمیونێتیی کوردستان بەڕێوە دەبەن، پارتی مودێرنن؟ یان هەر پێکهاتەیەکی خێڵەکیی عەشایەرن لەبەرگی حیزبدا خۆیان مانیفێست دەکەن؟ بۆیە لەسەرەوەش کۆنسێپتی کۆمیونێتیی کوردستانم بەکارهێنا، چونکە ئێمە پرسیارمان لەسەر چەمکی کوردبوون هەیە وەکو نەتەوە. ئایا کورد پێکهاتەیەکی تەندروستە؟ ئایا پێناسەی نەتەوەی بەسەردا دەبڕێت؟ یان هەر کۆمەڵێك عەشایەر وتیرەو پێکهاتەی بەرژەوندیی جیاواز وخەون جیاوازن؟

ئەگەر باوەڕ بەوە بێنین کەکورد هێشتا وەکو نەتەوە نەیتوانیوە خۆی مانیفێست بکات ولەسەر شانۆی نێودەوڵەتیی وەك پێکهاتەیەکی یەکگرتوو ویەك بەرژەوەندیی نەیتوانیوە دەربکەوێت، کەبەداخەوە دەڵێم هەر ئاواشە، ئەوا ئەو کاتە باوەڕ بەوە دێنین کەپارتە کوردییەکانیش لەکونە شاخەکانەوە نەهاتوونەتە دەرەوە، ئەوانیش کوڕی ئەو گروپ وپێکهاتە وتیرەو تایەفانەن کە لەشار ولادێکانی کوردستان نیشتەجێن. ئەوان رەنگدانەوەیەکی سروشتی ئەو کۆمیونێتیانەن. هێشتا سیستمی ئامادەباشیی لەناو کورددا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. بۆیە لەهەلومەرجێکی ئاوادا باسکردن لەدیموکراسییەت وەك ئەوە وایە بچیت بۆ لادێیەکی بیست خێزانیی زانکۆیەکی گەورە بینا بکەیت وداوا لەخەڵکەکەی بکەیت وەرن زانستی سۆسیۆلۆژیا بخوێنن!. راستە سەرکردەکانی کورد، خۆیان بەمودێرن ودیموکراتخواز دەزانن، بەلاَم داوای ئەوانیش وەك داوای نەخوێندەوارێك وایە کەبلێت من مامۆستای زانکۆم. بەلاَم لەراستیدا هۆڵێکی زانکۆشی نەبینیوە. ئەگەر داوای ئەوەشی لێبکەین بچێت بۆ زانکۆ وانەیەك بڵێتەوە، هەڵەیەکی گەورە دەکەین. بەلاَم تێگەیشتنێك هەیە بۆ ئەو بارودۆخەی کەکۆمیونیتێییەکانی کوردستان پێیدا تێپەڕیون. خۆ نابێت لەبیری بکەین تائێستاش ولاَتێکی بەشبەش وکارتێکراومان هەیەو کۆمەڵێك بەرژەوەندیی دەوڵەتە هەرێمییەکان هەن شەو لەرۆژ گرێ دەدەنەوە بۆ ئەوەی کورد نەتوانێت لەپێکهاتەیەکی عەشایەریی تیرەگەرییدا تێپەڕببێت. ئەمەش بەو مانایە ناڵێم کەهەرەسەکانی خۆمان بخەینە سەر ملی ئەو دەوڵەتانە. چونکە ئەوەی ئەوان دەیکەن کاردانەوەیەکی سروشتییە وبچووکترین گۆڕان لەبەرژەوەندییەکانی ئەوان دەدات. خۆ نابێت ئێمە بەتورکیا بڵێین بێ زەحمەت دوو ساڵ شەڕی خۆت لەدژی کورد رابگرە تائێمە دەبینە کۆمەڵگایەکی تەواو وتا حیزبەکانیشمان دەبنە حیزبی نیشتمانیی ولەسنووری خێڵ وشار ولادێ دەردەچن! دەی کەئەوەش ناکرێت خۆ ناشبێت تاهەتایە بڵێین ئێمە چاومان جوانەو قژمان زەردەو بالاَمان بەرزە. ئەم زمانە نان دروست ناکات، ئەم زمانە زمانێکی بکوژە. زمانی ئەو رژێمانەیە کەلەدرێژیی وپانیی ولاَتە عەرەبییەکان پەرت وبلاَوبوونەتەوە وبچووکترین گۆڕانکارییان بۆ دروست ناکرێت. ئەوەش کەهەمیشە لەرواڵەتە نەك لەناوەڕۆك. راستە لەکوردستان کۆشك و تەلاری گەورە دروست دەکرێن وبەرزە

پرد وباخچەی رازارە بینا دەکرێن وئۆتۆمبیلی مودێل بەرز دەهێنرێنە کوردستان. ئەمە کێشەی مرۆڤی کورد نییە، کێشەی رۆژانەی مرۆڤی کورد نان وکارەبا وخزمەتگوزاریی تەندروستییە کەتا ئێستا چارەسەریان بۆ دانەنراوە. حکومەتی حیزبیش لەکوردستان تائێستا نەیتوانیوە ئەو سێ خزمەتگوزارییەش وەك پێویست بۆ هاوولاتیان دابین بکات. کێشە لێرەدا تاکی کورد نەیتوانیوە وەکو ئەکتەر دەربکەوێت. لەبەرئەوەی تاکی کورد تاکێکی ئازاد نییە، بەشێوەیەکی ئۆتۆنۆم بیناکراوە. کەدەشڵێم بیناکراوە مەبەستم ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتییەیە کەتاك هەر لەیەکەم ساڵی قوتابخانەوە لەرووی پەروەردەیی وزانستی و وەرزشی وهونەریی وتادوایی بەها زانستییەکانی تر بینا ناکرێت. بەکوردیی تاکی کورد تاکێکی دەستەمۆکراوی خۆبەکەمزانی بێگانە بەزۆرزانی بەکەم رازیبووی ناتەبای لەدونیا حاڵییە. بۆیە لەو گەڕەلاوژێیەی کە لەعەقڵ وماڵ وفەرمانگەو حیزب ومزگەوت ودادگا و قوتابخانەکانماندا هەستی پێدەکەین، ناکرێت باس لەدیموکراسییەت بکەین. ناکرێت باس لەئازادیی بکەین. ناکرێت باس لەحکومەتێکی خاوەن دەزگا وهەیمەنەدار بکەین بەسەر حیزب وخێڵ وعەشیرەت وهەموو پێکهاتە کۆمیونیتی دەستەلاتدارەکاندا. هەتا ئێستا لەکوردستان (**المؤلفشة قلوبهم**)هەن، نەبادا پاڵ بدەن حیزبێکی ترو ریزی ئەوان رەش وبۆر بکەن. ئاخر بەدەیان جاش وگەندەڵچی لەریزی حیزبە دەستەلاتدارەکاندا شوێنیان بۆتەوە، ناشیانەوێت دەستیان لێبدەن، نەبادا بچنە ریزی حیزبی بەرامبەر، یان زەڕێکیان لێبدات. ئەمەش هەنگاونان نییە بەرەو نەتەوەبوون، یان بەرەو کۆمەڵگا چوون وپێشی ناگوترێت دیموکراسیەت. بۆیە دەتوانین بڵێین حیزبی کوردیی خودی خۆیان کۆسپن لەبەردەم پرۆسەی دیموکراسیی، بەلام ئەو تاوانبارکردنەش لەجێی خۆیدا نییە، چونکە ئەوان ئەو پێکهاتە مودێرنە نەتەوەییە نین بێن دیموکراسیی پیادە بکەن. ئەوان تاهەنووکەش عەشایەریی بوونی خۆیان پیشانی دونیا دەدەن. ئاخر مەگەر چەندجار زانیومانەتەوە کە لەبەغداد لەسەر پۆستێك رێکنەکەوتوون ودوایی داویانە بەعەرەبێك. ئەمە بۆ ئەوە باشە لەپشتی چیسەلان بنووسرێت. ئەمە وامان لێدەکات شەرم لەوجۆرە کوردبوونەش بکەینەوە. ئەو حیزبانەی دەیان ساڵ خەباتیان بۆ کەرکووك کردووە، بەلام چەندین کێشەی نێوان خۆیان لەکەرکووك بۆ یەکلایی نەکراوەتەوەو کەرکووك ئیتر دیزە بەدەرخۆنە کرا. بۆیە ئەو وێنانەی ئەوان پیشانی دەدەن وێنایەکە هەموو شتێکە تەنیا دیموکراسییەت نەبێت، هەموو شتێکە تەنیا کوردایەتی نەبێت. ئەمەش لەخودی خۆیدا ئەگەر کێشەش بێت، بەلام لەوە کێشەتر ئەوەیە کەتاکەکانی کورد رۆڵی خۆیان نەبینن، بوار بدەن بەوەی ببنەوە بەقوربانیی، بەلام ئەمجارەیان قوربانییەکی ناوەخۆ ولەشێوازێکی تردا. بۆیە حیزبەکانی ئێمە بەرپرسی یەکەمن لەبەتاڵکردنەوەی دیموکراسیی لەهەموو ماناکانی خۆیدا.

نێوەند: بۆ ئەوەی لەکوردستان ببینە خاوەنی ئەزموونێکی پیادەکراو وسەرکەوتووی دیموکراسیی چی هەنگاوێگ کاراو کاریگەرە؟ بەدەربڕینێکی دیکە ئەو هەنگاوە گرنگانە چین کە کوردستان دەپەڕێنێتەوە بەرەو قۆناغی دیموکراسیی؟.

ئیبراهیم مەلازادە: بەپێی بۆچوونی (ئالان تۆرین) دیموکراسیی لەسەر سێ پرانسیپ دادەمەزرێت، ئەوانیش (سنووردارکردنی دەستەلات، نوێنەرایەتییکردن وهاوولاتیبوون). -١- هەریەك لەو پرانسیپانە بشێوێنرێت ئەوا دیموکراسییەت لەماناکانی بەتاڵ دەکاتەوە. ئەگەر بێینە سەر یەکەم خاڵی ئەو پرانسیپانە، بۆمان دەردەکەوێت داخوا تاچەند لەکوردستان دەکرێت دیموکراسییەت هەبێت. پرسیاریش لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەتوانین دەستەلاتی پارتی ویەکێتی کەم بکەینەوە ونەیدەین بەحیزبیك وهێزێکی تر بەڵکو بیدەینەوە بەو حکومەتەی کە بەخۆیان بەڕێوەی دەبەن؟ ئایا رازی دەبن بەبێ کێشە ئەو کارە بکەن؟ ئەوەی روونە ولەبەر چاومانە نەك هەر نەیانکردووە بەڵکو لەگەمە ناقانوونییەکانیشیاندا هەر بەردەوامن. هەتا ئێستا پێوەرەکان هەر حیزبیین و دامودەزگانیش هەر موڵکی حیزبن. سەرەداوەکانی ئابووریش هەر لەدەستی حیزبدان، ئاو وهەوا وخواردن و ژیان ومردنیش هەر حیزب دابەشی دەکات، دامەزران وکارکردن بەپێی گەواهینامەی حیزبە، هەندێك جاریش هەر حیزب بەس نابێت بۆ گەواهینامە بەڵکو دەبێت بەرپرسێکی بالای حیزبیش پشتیوانیی لەکەسەکە بکات. ئەمەش ئیشکالییەتی هاوولاتیمان بۆ دێنێتە پێشەوە. خاڵی دووەمی پرانسیپیەکانی دیموکراسی نوێنەرایەتیکردنی خەڵکە. راستە ئێمە پەرلەمانمان هەیە ودانیشتنەکانیان لەتەلەڤزیۆنەکانەوە راستەوخۆ دەگوێزرێنەوە. بەلام ئەو نوێنەرانە تاچەند دەتوانن سەرۆك وەزیران راکێشنە پەرلەمان وکورت ودرێژیی لەگەڵدا بکەن؟ کوا پەرلەمانتاری کورد دەتوانێت لەرێنوێنییەکانی حیزبەکەی لابدات وبەپێی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و گەل رەفتار بکات؟ بەکورتی ئەو ئازادییە دەستەبەر نییە کەپاکیی وبێلایەنیی نوێنەر بپارێزێت، چونکە خودی ئەو نوێنەرە بەسەدەقەی حیزب لەو شوێنەیەو ئەو پۆستەی وەرگرتووە. بۆیە ئەستەمە بۆ ئەو بێ نمەك دەربچێت وبەرژەوەندیی حیزب بەلاوە بنێت، کاتێك لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی تێکدەگیرێن. خاڵەکەی تریش کەگرنگی لەوانی تر کەمتر نییە، هاوولاتیبوونە. هاوولاتی ناوەند وسەنتەری دەوڵەت وحیزب وکۆمەڵگایە. ئەگەر هاوولاتی نەبێت هیچ کامێك لەوانەی ناومان هێنان نابن. بۆیە هاوولاتی بەقەد پێکهاتەکەی رۆڵی دەبێت لەدەزگاکانی دەوڵەت وحیزب وتادوایی پێکهاتەکان. کەهاوولاتی بەئاگاو لێهاتوومان هەبوو ئیتر لەسیما تایبەتەکانی کۆمەڵگا نزیك دەبینەوە. کەهاوولاتی بەئاگامان هەبوو رازی نابێت مافەکانی پێشێل بکرێن و بەرپرس وسەرکردەکان بکرێن بەخوا. هاوولاتی رۆڵی سەرەکیی دەبینێت لەسنووردارکردنی دەستەلات، لەمانابەخشین بەنوێنەر و بەتێکڕای دەزگاکانی دەوڵەت. لەسەر ئەو بنەمایانە دەتوانین وەلامی ئەو پرسیارە بدەینەوە. کەی توانیمان دەستەلاتی حیزب سنووردار بکەین وبەگەمەی دیموکراسی رازی بوون، بەو مانایەی رازی بن دەستەلات ئالوگۆڕ بکەن. رازی بن بەوەی یەکێك بچێتە پانتایی ئۆپۆزیسیۆن ورۆڵی بەرهەڵستی پۆزەتیڤانەی خۆی بگۆڕێت. دەوڵەت سەروەریی خۆی هەبێت وحیزب نەتوانێ لەو سەروەرییەی کەمبکاتەوە. پێوەرەکان نیشتمانی ونەتەوەیی بن بۆ تووڕەبوون وهەڵچوون ورەخنەگرتن. سەروەرییەکانی هاوولاتی بپارێزرێن وگرەنتی ئازادییەکانی بکرێت بۆ ئەوەی هاوولاتییەکی کارا وتەندروست دەربچێت. تێناگەم سەرکردەکانی ئێمە بۆ نایانەوێت دابەزنە ناو جەماوەر ولەئێش وئازارەکانیان تێبگەن ولێیانەوە نزیك بن؟ سەرکردەی نەتەوەیی نابێت خاوەن حیزبێك بێت وبشڵێت من سەرکردەی نەتەوەییم. چونکە ئەو کاتە چی بەو کەسانە دەڵێت کەسەر بەحیزبی ئەو نین. لەگەڵ تێبینیمان لەسەر رژێمی



ئێران ودرێژەدانی بەنەهامەتییەکانی گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان، کەحکومەتی ئیسلامیی لەئێران سەقامگیربوونی خۆی بەدەستهێنا، خومەینی حیزبی ئیسلامی هەڵوەشاندەوەو گوتی: ناکرێت ئێمە خۆمان بەنوێنەری هەموو خەڵك بزانین و حیزبیشمان هەبێت. ئاخر لای ئێمە نەك هەر ئەوە نییە، حیزبیش دیلی دەستی سەرۆکە وتاهەتایە هەر بەسەرۆکیی دەمێنێتەوە. دەی ئەگەر باوکێك لەگەڵ منداڵەکانی خۆی دیموکراتی نەبێت دەبێت لەدەرەوە چۆن بێت لەگەڵ خەڵك؟.
پێموایە تاکە چەکی کورد لەو قۆناغەدا بۆ رووبەڕووبوونەوە وجێگیرکردنی مافەکانی، دیموکراسییەت وکرانەوەیە بەرووی دەرەوەو دەستەبەرکردنی ئازادییەکانە. بەراستیی من لێرەدا هیچ غەرەزێکی حیزبیی وکەسێتیم نییە بەرامبەر هیچ کەسێك وحیزبێکی کوردستان، بەڵام تا ئەو ساتەی ئێمە لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان وگەلەکەمان قسە بکەین دەبێت رەخنە بگرین، ئەو ئاواتەی کەرۆژێك گوێ لەو رەخنانە بگیرێت وسەرەتایەك بۆ کۆتایی هێنان بەو نەهامەتییە دابنرێت کەگەلی کوردی شەکەت کردووە. پێموایە هەنگاوە گرنگەکان خۆیان لەچەند خاڵێکدا دەبیننەوە، لەوانەش:

–چۆن یەکێتی وپارتی رێککەوتنی ستراتیژییان بەست بۆ بەرژەوەندییەکانی هەردوو حیزب ودابەشکردنی تەنانەت ئاو وهەواش لەکوردستان. دەبێت بەوشێوەش رێککەوتنێکی ستراتیژیی ببەستن، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێککەوتنامەیەو لەجێیدا لەسەر هیچ رێکنەکەون تەنیا لەسەر یەك دێڕی دیباجەو دووخاڵ نەبێت: دیباجەکە، ئەوە بێت بڕیار بدەن ببنە دوو حیزبی مودێرن و واز لەخێزان وعەشیرەت وشارو ناوچەگەریی بێنن و هیچ شوێنێکی کوردستان بەتەنیا بۆ کەس پاوان نەبێت، بێجگە لەدوژمنانی کوردستان. دوو خاڵەکانیش: یەکەمیان: بڕیار بدەن دەست لەکاروباری حکومەت وەرنەدەن وئیتر حکومەت جڵەوی ئەوان بگرێتە دەست، نەك بەپێچەوانەوە، وەکو ئەوەی ئێستا هەیە. دووەمیش: رازی بن بەگەمەی سیاسیی، بەئاڵوگۆڕی دەستەڵات، بەرەهاکردنی ئازادییەکان.

– چاککردنی سیستمی پەروەردە بەشێوەیەکی کارا وجیددی تر ودوورخستنەوەی هەموو کاریگەرییەکانی حیزب وهەموو ئایدۆلۆژیایەکی حیزبیی وئاینیی لەخوێندنگاکان وپانتاییەکانی خوێندندا.

– لەیەك جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان بەشێوەیەکی راستەقینەو چاکسازییکردن لەو دەستەڵاتانە.

ئەم خاڵانە دەبنە هەنگاوێك بۆ رۆیشتن بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی وپتەوکردنی چەمکی نەتەوە ورێزگیرانی زیاتر لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لەو ئەزموونە وپاراستنی. بێجگە لەوەی کەخەڵکیش ئەو ساتە بەجیددی تر ئەو ئەزموونە بەموڵکی خۆی دەزانێت.

پەراوێز:

١– لەفەیسەڵەوە تا تاڵەبانی، نووسینی عادل باخەوان، پاریس ، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٢٤

## تامان شاکر - نووسەر وچالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی:

# دەسەڵاتدارانی لای ئێمە خۆیان بە نێردراوی خودا دەزانن بۆیە پیادەکردنی دیموکراسی بەمانای هەرەسی دەسەڵاتی ئەو حیزبانەیە



نێوەند: هەمووما‌ن لەسەر ئەوە کۆکین دیموکراسیی لەکوردستان لەدروشمێکی سیاسیی بەولاوە چیتر نەبووە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ لەوە بپرسین: ئایا لەسایەی دەسەڵاتی پارتە کوردییەکانی ئەمێستای کوردستاندا ئەگەری ئەوە هەیە دیموکراسیی لەکوردستان پراکتیزە بێت؟، بەمانایەکی تر ئایا خودی پارتە کوردییەکان رێگرێکی بەردەمی پرۆسەی دیموکراتیزەی کوردستان نین؟.

تامان شاکر: لەکۆمەڵگەیەکی داخراوی وەك کۆمەڵگەی کوردەواریی کەحیزب وئاین ودابونەریتە سەپاوەکان تاوەکو ئێستا گەورەترین رۆڵ دەبینن لەدارشتنی فیکری تاکی کورد، درزێك نەماوەتەوە بۆ هەناسەدانی ئەوانەی دەیانەوی ئەو کۆت وبەندە بشکێنن وبیری ئازاد لەدایك ببێت، مرۆڤی کورد بتوانێ سەربەخۆ بێت لەهەڵبژاردنی ژیانی، دابەشکردنێکی نارێك لەبواری ئابووری (هەندێك کەس ئەربابی لۆرت وهەندێ کەس نانی نییە). نەبوونی یاسا وبوونی واستەو واستەکاریی رێکەوتنی دووحیزبی دەسەڵاتدار لەوڵاتدا بەپاساوی هەڵنەگیرسانەوەی شەری ناوخۆ دابەشکردنی پارەو دەسەڵات لەنێوانیاندا وهەرەشەی بەردەوامی داگیرکەرانی کوردستان و نەبوونی حکومدارییەکی شەفاف و لەسەروی هەمووشیانەوە نەبوونی ئۆپۆزسیۆن لەوڵاتدا، کەواتە باسکردن لە دیموکراسییەت درۆیەکی گەورەیە. پارتە سیاسییەکانی کوردستان ئەگەرچی خۆیان لەزۆر بۆنە باس لە سیستمی دیموکراسی دەکەن بۆ خەڵەتاندنی دونیایی دەرەوە بەڵام با پێمان بڵێن ئەوان لە کۆێی پرۆسەی دیموکراسیدان؟ کوا دەنگ ورەنگە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواریی؟ کوا هەڵبژاردنێکی خاوێن کام لەم حیزبانە بەدەنگی خەڵك حوکم دەکەن؟ کوا پرۆسەی هەڵبژاردنی راستەقینە؟ حیزبەکانی کوردستان لەبەرئەوەی خاوەنی خەباتی شاخن، لەشاریش دەسەڵاتیان قۆرخکردووە نایانەوێ خەڵك بەشداری دەسەڵاتی سیاسی بێت، ئەگەر لەسایەی دەسەڵاتی خۆیان نەبن یان هیچ نەبێ لایەنگری ئەوان نەبن، یان سەری زمان وبنی زمانیان پێداهەڵگوتن بێت بەبالای دەسەڵاتدارانی وڵات، بۆیە ئەمرۆ کۆمەڵێك ماستاوچی دەوری دەسەڵاتیانداوە وناهێڵن کەسانی لیبراڵ وخاوەن ئەزموونی باش دەنگیان دەربێ، هەموو داهات وپۆستە هەستیارەکانیش وەك برابەش کراوە، ئەی کوا دەسەڵاتی خەڵك ودەنگی جیاواز؟ رەنگە ئەگەر پرسیار لەهەندێك سیاسەتمەدار بکەیت وباسی ئۆپۆزیسیۆنی لەگەڵ بکەیت، باس لەچەند رۆژنامەیەك بکات، کە ئەوانیش لە ژێرەوە بەپارەی حیزبەکان بەرێوە دەچن، راستە هەندێك حیزبی تر هەن کەجارجار خۆیان وەك ئۆپۆزیسیۆن نیشان دەدەن،بەڵام ئەوانە حیزبی دوو روون لەگەڵ دەسەڵات دەخۆن ودەیانەوێ واش لەخەڵکی سادە بگەیەنن کەئەوان نارازین، ئەوەش دادیان نادات خەڵك دەزانێ ئەوانیش هەڵگری هەمان کولتوورن، ئەگەر دەسەڵات بگرنە دەست هەناسەمان لێدەبرن. دەسەڵاتی کوردیی لەحوکمدا نەیتوانی سیستمی وڵاتێکی تر بەنموونە بهێنێتەوەو بەشێوازێکی جیاواز لەسیستمی داگیرکەرانی کوردستان حوکم بکات بەڵکو سیستەمەکەی ئەوانی بەشێوازێکی کوردیی پراکتیزەکرد، ئەویش تەنیا بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆی. چونکە لەرۆژهەڵاتی ناوەراست هیچ حاکمێك بەدەنگی خەڵك نایەتە سەرکورسی تا بەدەنگی خەڵك دەسەڵاتی لێبسەندرێتەوە، هەمیشە یان بەمردن یان بەکودەتای سەربازیی واز لەدەسەڵات دەهێنێت. من پێموایە ئێمەش بەشێکین لەگەلانی رۆژهەڵات و ئەو شێوازە لای ئێمەش پیادەکراوەو دەکرێت. چونکە بەپیادەکردنی سیستمی دیموکراسی دەبێت بەدەنگی خەڵك رازیبیت وبەرگەی شکست بگریت بەڵام دەسەڵاتدارانی لای ئێمە خۆیان بە نێردراوی خودا دەزانن تا لەژیان مابن خۆیان بەشایستەی حوکم دەزانن، ئەوان فێر نەبوون کەسی تر

### پرۆفایل

* لەدایکبووی شارۆچکەی کۆیەی باشووری کوردستان.

*دەرچووی بەشی کوردیی کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین.

* چالاکی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی ومافی ژنان و رۆژنامەنووسیی.

* لەئەڵمانیا دوو ساڵ لەبواری پەروەردەکردنی منداڵان خوێندوویەتی.

*ئێستا بەرپرسی نووسینگەی راگەیاندنی وەزیری رۆشنبیرییە.

* دەیان نووسین و وتاری لەرۆژنامەو گۆڤار وپێگەکانی ئینتەرنێت بڵاوکردۆتەوە.

بێجگە لەداگیرکەری ولاتەکەیان حکومیان بکات. بۆیە پیادەکردنی سیستمی دیموکراسی بەمانای هەرەسی دەسەلاتی ئەو حیزبانەیە، من پێموانییە ئەوان بیانەوێ ئەو هەموو دەسەلات و داهاتی ئەو ولاتە لەگەڵ کەس دابەش بکەن، بۆیە خۆیان گەورەترین بەربەستن لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆسەی دیموکراسی، کێ دەزانێ داهاتی کوردستان چەندە؟ کێ دەزانێ موچەی بەرپرسەکان چەندە؟ کێ دەزانێ گریبەستەکانی نەوت چۆن کراون، کێ پارەکەیان وەردەگرێت؟ ئەمەو سەدان پرسیاری تر، کە لەسیستمێکی دیموکراسیدا هەموو شتێك ئاشکرا دەکرێت، کەواتە دەبێت ئێمە لەدوورەوە بۆنی دیموکراسییەت بکەین.

نێوەند: بۆ ئەوەی لەکوردستان ببینە خاوەنی ئەزموونێکی پیادەکراو وسەرکەوتووی دیموکراسیی چی هەنگاوێگ کاراو کاریگەرە؟ بەدەربڕینێکی دیکە ئەو هەنگاوە گرنگانە چین کە کوردستان دەپەڕێنێتەوە بەرەو قۆناغی دیموکراسیی؟.

تامان شاکر: سەرەتا دەبێت ببینە خاوەنی گوتاری نەتەوەیی بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیمان لەجیهان و ناوچەکەدا، بەبێبوونی پاڵپشتێکی کوردیی بەهێز بۆ باشووری کوردستان، لەحاڵەتی دروستبوونەوەی دەوڵەتی عێراق وهەرەشە بەردەوامەکانی ئێران تورکیا، کوردستان ناتوانێ بەمشێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە، کەواتە کارکردن بۆ دروستکردنی یەکێتی نەتەوەیی، دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی، کەخاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ بێت، نەك هەمیشە خەریکی سواڵکردن بێت لەحکومەتی ناوەندیی، بایەخدان بەبواری خوێندن بەتایبەتی لەزانکۆکان بۆ ئەوەی چی تر زانکۆ فەرمانبەر بەرهەمنەهێنێ بەڵکو خەڵکانێکی خاوەن فکر دروستبکات بڕوای بە ماف وئازادیی هەبێت، لەداهاتوو کار بۆ



پرۆسەی گۆڕان بکات، هەوڵبدرێت ئۆپۆزیسیۆن دروست ببێت بۆ ئەوەی حیزبەکان بەشێوەیەکی تەندروست کاربکەن و رکابەریی بکەن لەسەر ئەنجامدانی کاری باش بۆ هاوولاتیان، لەهەڵبژاردنەکاندا کەسانی سەربەخۆش بتوانن بەشداریی لەپرۆسەی هەڵبژاردن بکەن وخەڵك فێر بکرێن کەحوکمی گەل لەسەرووی هەموو شتێکەوەیەو کەس پیرۆز نییە تەنیا ئەوانە نەبێت کە خزمەت بەخەڵکی کوردستان دەکەن و بیر لە داهاتووی ئەم ولاتە دەکەنەوە بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ نەوەکانی داهاتوو. بۆیە دەبێ خەڵك رابهێنرێ لەبواری دەروونییەوە کەکورسییەکەی نەما شەڕ نەکات بۆ گەڕانەوەی، ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە کەدەبێ سیاسەتمەداری ئەم ولاتە فێری بن بەمشێوەیە دەتوانین هەنگاو بۆ دیموکراتیزەکردنی کوردستان بنێن.



سمکۆ یەزدانپەنا - سکرتێری یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان:

# تا سەربەخۆیی و ژێرخانێکی ئابووری بەهێز نەبێت دیموکراسی لەهیچ شوێنێك ناگاتە ئامانج

نێوەند: هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین دیموکراسیی لەکوردستان لەدروشمێکی سیاسیی بەولاوە چیتر نەبووە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ لەوە بپرسین: ئایا لەسایەی دەسەڵاتی پارتە کوردییەکانی ئەمێستای کوردستاندا ئەگەری ئەوە هەیە دیموکراسیی لەکوردستان پراکتیزە بێت؟، بەمانایەکی تر ئایا خودی پارتە کوردییەکان رێگرێکی بەردەمی پرۆسەی دیموکراتیزەی کوردستان نین؟.

سمکۆ یەزدانپەنا: بەراشکاویی و بێ پێچ وپەنا پێتاندەڵێم کەمن ناکۆکم لەگەڵ دەسپێکی پرسیارەکەتان، کێ دەڵێ دیموکراسی لەکوردستان لەدروشمێکی سیاسی بەولاوە هیچی تر نییەو دەیکەن بەرای هەمووومان؟ دیموکراسی چەمکێکی زۆر کۆنەو لەهەر وڵاتەو لای هەرحکومەتێك وحیزبێك فۆرمۆڵەی جیاوازی هەیە. دیموکراسی لەهەمانکاتدا جگە لەوەی کەچەمکێکی دێرینە لەم سەردەمەشدا کە بەسەردەمی نوێگەرایی و پێداچوونەوە بەچەپ و راستدایەو سەردەمی جیهانگیرییەو بەهۆی پێشکەوتنی بەرچاوی تەکنۆلۆژیا دونیای بەرینی رابردوو ئێستا بچووك بۆتەوەو مرۆڤ لەم گۆشەی دونیا بۆ ئەو گۆشەی دونیا لەچرکەیەکدا لەدەنگ و باسی دونیا ئاگادار دەبێت، بەڵام بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لەم جیهانە بەرفراوانەدا، لەروانگەی منەوە بەردی بناغەی دیموکراسی جیاواز لەوەی کەوشەیەکی لێکدراوە بەیۆنانییەکەی مانای دەسەڵاتی خەڵك دەگەیەنێت، لە هەمانکاتیشدا بریتییە لەئازادیی بیرو را دەربڕین ودابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، دابەشکردنی ئابووری بە شێوەیەکی راست ودروست. ئێستا کەدێینە سەر باسی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، کوردستان وڵاتێکی چەند سەدە داگیرکراو وئابورییەکی رووخاو، داگیرکەرانی سیستماتیك بۆ رووخانی ئابووری و لەناوبردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی کاریان کردووە. دووەم: حیزبەکانی کوردستان لەهەر چوارپارچەی کوردستان، حیزب و رێکخراوی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بوون بە واتایەکی تر حیزبی بەرهەڵستکاری داگیرکەران بوون، ئێستا لە باشووری کوردستان بە هۆی هاوکێشە سیاسییەکان لە ساڵی ١٩٩١ وە شۆڕش بەئاکام گەیشتووە، هەر لەم ماوە کورتەدا کەکورد لەباشووری کوردستان دەسەڵاتی سیاسی بەدەستهێناوە، بەسەرنجدان بەوەی کەحیزبە سیاسییەکان ئەزموونی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی نەبووە ئەزموونی حکومداریی وئیداریی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی نەبووە دەبینین بەپێوەری ئەو خاڵەی کە لەسەرەوە باسمکرد واتە بەردی بناغەی دیموکراسی وئازادیی بیروراو عەدالەتی کۆمەڵایەتی ودیموکراتیزەکردنی ئابووری هەنگاوی زۆر گرنگ هاوێژراوە، بۆ نموونە دەرچوونی سەدان گۆڤارو رۆژنامە بوونی دەیان تیڤی، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی کولتووری بەعس و رەخساندنی هەر جۆرە دەرفەتێك بۆ بازرگانی ودابینکردنی ئەمنییەت بۆ سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. ئەگەرچی لەلایەن دەوڵەتانی دراوسی بەردەوام لەهەڕەشەدایە،جا ئەم ئەتمۆسفیرە لەبارە کەپراکتیزەکردنی دیموکراسی بەو پێوەرانەو ئەو هەلومەرجە تایبەتیانەی کە لەسەرەوە باسمکرد تۆ بڵێ کاری ئیمدادی غەیبی بێت یا کاری حیزب و رێکخراوە دڵسۆزەکانی نەتەوەی کوردە بەهاوکاریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پاشان لەهەموو دەوڵەتە مۆدێرنەکان خەڵك لەرێگای حیزبەکانیانەوە دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستدەگرن واتە حیزب نوێنەری خەڵکە.

نێوەند: بۆ ئەوەی لەکوردستان ببینە خاوەنی ئەزموونێکی پیادەکراو وسەرکەوتووی دیموکراسیی چی هەنگاوێگ کاراو کاریگەرە؟ بەدەربڕینێکی دیکە ئەو هەنگاوە گرنگانە چین کە کوردستان دەپەڕێنێتەوە بەرەو قۆناغی دیموکراسیی؟.

سمکۆ یەزدانپەنا: زۆر لە شرۆڤەکەری سیاسیی جیهانی باس دەکەن، کورد کلیلی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەراستن، کورد لەباشوری کوردستان لەپرۆسەی دیموکراسیدایەو بەڵام بۆ گەیاندنی بەئاکامێکی پۆزەتیف دەبێت حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەپشت ئەستوور بوون بەئیرادەی خەڵکی کوردستان بگەنە دەوڵەتی سەربەخۆ، ئابوورییەکی سەربەخۆ وگەشەکردوو تاوەکو سەربەخۆیی وژێرخانێکی ئابووری بەهێز نەبێت دیموکراسی لەهیچ شوێنێك ناگاتە ئامانج و هیچ واتایەکی نابێت.



### پرۆفایل

*لەساڵی ١٩٧٠ لەناوچەی فەیزولاّبەگی، لەرۆژهەلاّتی کوردستان لەدایکبووە.

* لە ساڵی ١٩٨٦ وە چەکی پێشمەرگایەتی کردۆتە شان.

*ئێستاش سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستانە رۆژهەلاّت.

* وەك نووسەر دەیان نووسینی سیاسیی لەرۆژنامەو سایتەکاندا بلاّوکردۆتەوە.

*لەشاری هەولێری پایتەختی باشووری کوردستان نیشتەجێیە.



### دڵشادی عومەر کاکی - نووسەر و رۆژنامەنووس:

# دیمۆکراتییەت پرۆسەیەکی بچووك وئاسان نییە چەند پارتێکی براوەی دەسەڵات بەگەل و نەتەوەی ببەخشن

**پرۆفایل**

* سالّی ١٩٦١ لەشاری هەڵەبجەی شەهید هاتۆتە ژیانەوە.
* خوێندنی سەرەتایی لەهەڵەبجەو ناوەندیی وئامادەیی لەسلێمانی تەواو کردووە.
*ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی کردووە بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و بۆتە کادێر وپێشمەرگە.
* ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردستان (شاخ)بووە.
*وەك شاعیر یەکەم بەرهەمیی شیعریی لەساڵی ١٩٧٩ بڵاوبۆتەوە.
*ماوەی ساڵێك لەتورکیا و سیانزە ساڵیشە لەئەڵمانیا نیشتەجێیە.
*دیوانێکی شیعریی هەیە بەناوی (کزەی شیعرو وێنەکانت).
*خێزاندارەو تەنیا کچێکی هەیە.
* ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانە.

نێوەند: هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین دیموکراسیی لەکوردستان لەدروشمێکی سیاسیی بەولاوە چیتر نەبووە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ لەوە بپرسین: ئایا لەسایەی دەسەڵاتی پارتە کوردییەکانی ئەمێستای کوردستاندا ئەگەری ئەوە هەیە دیموکراسیی لەکوردستان پراکتیزە بێت؟،بەمانایەکی تر ئایا خودی پارتە کوردییەکان رێگرێکی بەردەمی پرۆسەی دیموکراتیزەی کوردستان نین؟.

دڵشاد کاکی: دەشێ پارتە دەسەڵاتدارەکان نەیانتوانیبێ تائێستا رووخسارێکی جوانی دیموکراتیی لەدرێژەی حکومکردنیاندا نیشان بدەن، ئاخۆ ئەوەش ئایدۆلۆژییەت وسیاسەتی حیزبەکانە ئەمە دەخوازێ یاخود کۆنترۆڵیان لەدەست دەرچووەو دەستە وکۆمەڵانێك سەردەستەن، کەلەقازانجیاندا نییە دیمۆکرات ودیمۆکراتخواز بن؟ ئەمانە وهەندێ ئەگەری تر. حەزیش دەکەم پرسیارەکەت بەپرسیار دەوڵەمەند بکەم تا وەڵام، ئاخۆ دیمۆکراتییەت ئەو تێزەیە زۆرینەی کورد پێویستی پێیەتی؟ کورد لەناوچەکەدا توانیوویەتی لەگەڵانی دەوروبەر خۆ جیابکاتەوەو بەبەرچاوی گەلانی بندەستی حکومەتە نادیمۆکراتەکانەوە سەرقاڵی دروستکردن وبیناکردنی دەوڵەتێك بێت لەیاسا ویەکسانیی وشارستانیی کە(دیمۆکراتییەتە)؟ ئاخۆ زۆرینەی کورد خوێندەوارەو قەیرانی دیمۆکراتییەت وەك قەیرانی ئابووری رەچاو بکات؟دواجاریش دەپرسم:ئاخۆ لەکوردستاندا بەرەی دیمۆکراتخواز هێندە هەن، کاریگەرییان لەکاریگەریی وناز وترسی دەوڵەتانی دراوسێ وئاین ومیتۆدە نەیارەکان بەدیمۆکراتییەت زیاتر بێ بۆ سەر دەسەڵات و پارتە سەردەستەکان؟. بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەش، دیمۆکراتییەت پرۆسەیەکی هێند بچووك وئاسان نییە کەپارتێك وەك دەسکەوت وبەخشش، یان چەند پارتێکی براوەی دەسەڵات بەگەل و نەتەوەی ببەخشن، هەندێ ماف ومتمانە وهاوڕێیەتی نێوان گەل ودەسەڵات مژدە نییە بۆ لەدایکبوونی دیمۆکراتییەت، دەشێ ئەو نەرم و نیانییە کتومت سیاسەتێکی بەدیمۆکراتییەت بۆیەکراو بێت. نابێ هێندەش بێ هیوابین لەدروستبوون ودرێژبوونەوەی شەقامی دیمۆکراتیی،پێشموایە ئەگەر بۆ تەمەندرێژیی دەسەڵاتیش بێت لای هەندێ لەحیزبەکان، هێندە نابنە کۆسپ ودیمۆکراتییەت لەئاستەنگ نانێن. نکۆڵی لەوەش ناکرێت، هەندێ دەستەو تاکی نێو حیزبەکان دیمۆکراتخوازن و بۆشی تێدەکۆشن.

نێوەند: بۆ ئەوەی لەکوردستان ببینە خاوەنی ئەزموونێکی پیادەکراو وسەرکەوتووی دیموکراسیی چی هەنگاوێگ کاراو کاریگەرە؟ بەدەربڕینێکی دیکە ئەو هەنگاوە گرنگانە چین کە کوردستان دەپەڕێنێتەوە بەرەو قۆناغی دیموکراسیی؟.

دڵشاد کاکی: تاریکبینی لەوەدایە کەوابیبنین هەنگاو نەنراوە بۆ پیادەکرن وبەگەڕخستنی دیمۆکراتییەت. من پێموایە هەموو حکومەتەکانی دراوسێی کوردوستانی عێراق و زۆربەی وڵاتانی عەرەبیی وناوچەکەش هێندەی ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی دەسەڵات وئیدارەی کوردستان سەرکەوتوو ودیمۆکراتخواز نەبوون. بێ داکۆکیکردن لەدەسەڵات، پرۆسەی دیمۆکراتییەت وبەگەڕخستنی تەنیا لەئەستۆی پارت ودەسەڵاتدا نییە، لەکاتێکدا هێشتا دەسەڵات لەبەرەی گەلدایە وئەگەری زۆرتریشی لێدەکرێ کە بۆ چەسپاندن و راستکردنەوەی هێندێکیان. بۆ نیشاندانەوەی خۆیان بەعیلمانی وزیاتر چوونەوە نێو باوەش وبەرەی گەل، هانگاو، پێکەوە ژیانە، پێکەوەژیانی دیمۆکراتیخوازان وپارتەکان ودەسەڵات، لەهەمان کاتدا فەرامۆشنەکردنی دەسەڵات لەخەوشەکانی وئامادەیی رەخنەو باوەڕهێنان بەدیالۆگ،کەسادەترین یەکەی دیمۆکراتییەتە. دەشێ رۆڵی رۆشنبیری کورد لەم هەنگاوانەدا دیار وبەرپرس بێ، هەروەك دەبینین لەوڵاتانی دیمۆکراتدا رۆشنبیران شەقامی دیمۆکراتییان لێداو بەردەوامیش دەسەڵاتی چوارەم ویاساپەروەران پاڵ بەرەوڕەوەکانییەوە دەنێن. لەکۆمەڵگەو وڵاتە ئەوروپییەکانیشدا کە دیمۆکراتییەت تیایاندا پراکتیزە کراوە گەرچاوی یاساو ئازادیخوازان ونوێخوازە ڕووناکبیرەکان نەبێ،هەزاران و سەدان دژە دیمۆکرات وبیرۆکرات دەبنە خاوەن دەسەڵات. بۆ نموونە ئێستا کەوەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەمەوە سەرانسەری شاری بۆن لەئەڵمانیا، شەقامەکان بەپۆلیس تەنراون لەترسی خۆپیشاندانی نازییەکان بۆ هەندێ داخوازیی. دوا وەڵامم دەخەمە پاڵ تەماشاکردنم بۆ کۆمەڵگای ئەوروپی کەهەنگاوەکانیان بۆ دیمۆکراتییەت، خۆشویستنی وڵات ویاسا وسەربەستیی نرخی بەرزی مرۆڤایەتی بوو، ئەگەر کوردیش ئەو ئامادەییەی تێدا نەبێ واتەماشای دیمۆکراتییەت بکەن لەدەسەڵاتەوە دەبارێ ئەوەیان بێهودەیە. دیمۆکراتییەت وەبەردێ و لەئاسمانیشەوە ناباری.

### سلێمان عەبدوڵڵا یونس - نووسەر و رۆژنامەنووس:

# حیزبی کوردیی بەدەستێك خەریکی بنیاتنانی دیموکراسییەو بەدەستەکەی دیکەشی خەریکی وێرانکردنییەتی



نێوەند: هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین دیموکراسیی لەکوردستان لەدروشمێکی سیاسیی بەولاوە چیتر نەبووە، بەڵام شئئێمە دەمانەوێ لەوە بپرسین: ئایا لەسایەی دەسەڵاتی پارتە کوردییەکانی ئەمێستای کوردستاندا ئەگەری ئەوە هەیە دیموکراسیی لەکوردستان پراکتیزە بێت؟، بەمانایەکی تر ئایا خودی پارتە کوردییەکان رێگرێکی بەردەمی پرۆسەی دیموکراتیزەی کوردستان نین؟.

سلێمان عەبدوڵڵا: بەرلەوەی وەڵامی خودی پرسیارەکە بدەمەوە، حەزدەکەم هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر خودی ئەو رستەیە بکەم، کەبووەتە پێشەکیی بۆ خودی پرسیارەکە، چونکە بەر لەپرسیارەکە ئەو رستە (خەبەری)یە سەرنجی راکێشام. بۆ من رۆشن نییە ئایا بەراستی هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کەدیموکراسی لەکوردستاندا لەدروشمێکی سیاسیی بەولاوە هیچی دیکە نەبووە؟ من بۆ خۆم ناکۆکییەکی قووڵم هەیە لەگەڵ ئەو چەشنە دەربڕینانەی کە بەرەهایەتی رووبەڕوومان دەکرێنەوە، رەهایەتییەك کەلەجیاتی (هەمووان) بڕیار دەدات و لەبری هەمووان بیر دەکاتەوە وبەناوی هەموانیشەوە دێتەگۆ؟ ئاخر کێ دەڵێت (ئەوانی دیکە) پێیانوایە کەدیموکراسی لەکوردستان، لەدروشمێکی سیاسیی بەولاوە هیچی دیکە نەبووە؟ ئایا ئەم رستە خەبەرییەی پێش پرسیارەکە پشتی بەکام لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی وشرۆڤەکردنێکی زانستییانەی سەلمێنراو بەستووە هەتا بێ دوو دڵی بێینە سەر وەڵامی پرسیارەکەمان؟.

بێگومان هەڵگرتنی دروشمی دیموکراسی لەلایەن حیزبی کوردییەوە، لەهەلومەرجێکدا سەریهەڵداوە، کەهیچ پارتێکی کوردیی تروسکەیەکی دیموکراسی لەو وڵاتەدا شك نەبردووە، کەخەباتی سیاسیی وچەکداریی خۆی تێدا هەڵگیرساندووە. بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە لەهەموو ئەو ماوە مێژووییانەداو هەتا بەراپەڕینی پێنجی ئازاری ١٩٩١ دەگات، لەلایەن حیزبی کوردییەوە، وەکو داخوازییەکی رێکخراوەیی ونیشتمانیی لەپێناوی بەدەستهێمانی مافە نەتەوایەتییەکانی شۆڕشی خەڵکی کوردستاندا بەرز کراونەتەوە. بەو پێیە، داخوازییە دیموکراتییەکان وداخوازییە نیشتمانییەکان، بۆ حیزبی کوردیی، داخوازییەکی ئاوێتەبووی بەردەوام بوون، داخوازیی بوون لەئەوانی دیکەی داگیرکەری کوردستان و هەتا بەو مێژووەش دەگات حیزبی کوردیی چونکە بەشێك نەبووە لەو دەسەڵاتانە، لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا لەبەرەی داخوازییکارانی دیموکراسیدا بووە. راستە لەدوای راپەڕینەوە لەو بەشەی کوردستان، کەئێستا بە(هەرێمی کوردستان) ناسراوە، حیزبی کوردیی لەبەرەی داخوازییکارانی دیموکراسیدا نەماوە، بەو پێیەی توانیوویەتی لەو مێژووەوە، دەسەڵاتێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات و وەکو دەسەڵاتی کوردیی خۆی نمایش بکات. بەڵام دیسان من پێموایە تووشی هەڵەیەکی زەق دێین کەبەو رەهاییە راست وچەپ بەسەر ئەزموونی کوردیی و هەوڵەکانی دەسەڵاتی کوردییدا بێنین،کەلەپێناوی چەسپاندنی دیموکراسییدا(بەهەموو کەموکوڕییەکانیشییەوە) داویەتی. هەروەك چۆن دیسان تووشی هەڵەیەکی زەقتر دەبین، کەقسەکردنمان لەسەر ئەوە بێت، ئایا ئەزموونی کوردیی ئەزموونێکی دیموکراتیکە یان نا؟ چونکە لەراستیدا، حیزب ودەسەڵاتی کوردیی، هەتا ئەم ساتەوەختەش، رەنگە خاوەنی هیچ ئەزموونێکی دیموکراسی نەبێت، بەقەد ئەوەی لەهەوڵی بنیاتنانی ئەو دیاردەیەدایە. لەجێگای خۆیدایە قسە لەسەر ئەو هەوڵەی حیزبی کوردیی بکەین لەماوەی راپەڕینەوە هەتا ئێستا لەپێناوی بنیاتنانی دامەزراوەکانیدا داویەتی، قسە لەسەر ئەو هەوڵە بکەین وبزانین ئایا ئەم هەوڵە، چەند هەوڵێکی جیددی بووە؟ قسە لەسەر ئەوە بکەین ئایا رۆڵی حیزبی کوردیی لەهەموو ئەو حەڤدە ساڵەی رابردوودا رۆڵی تێپەڕاندنی کات وئیفلیجکردنی خودی دیموکراسی ودامەزراوەکانی دیموکراسی بووە؟ یان رۆڵێکی کارا بووەو بەگوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وسیاسیی وبەگوێرەی ئەو ئارامییە رێژەییەی لەهەرێمی کوردستان و ناوچەکەدا بەرقەرار بووە، توانیوویەتی ژینگەیەکی ساغڵەم بۆ گەشەکردنی خۆی ئەگەرچی گەشەکردنێکی سستیش بووبێت دەستەبەر بکات؟ من پێموایە بەشێك لەئۆباڵی ناکارایی دامەزراوە گرنگەکانی دیموکراسی لەوڵاتی ئێمە لەئەستۆی حیزبی کوردییدایە، ئەو بەشەی حیزبایەتییەکی تەسك (رەنگ کوێر)ی کردووەو وایلێکردووە دیموکراسی لەنیوەی هەرێمەکە بە(سەوز) ببینێت و لەنیوەکەی دیکەشدا بە(زەرد). ئەم نەخۆشییە لەبینینی حیزبی کوردیدا، نەخۆشییەکی ترسناکە، نەخۆشییەکە

### پرۆفایل

* لەساڵی ١٩٧١ لەدایکبووە.
* دەرچووی پەیمانگای مەڵبەندیی مامۆستایان.
* دبلۆمی باڵا لەگەشەپێدانی مایکرۆسۆفت لەبەریتانیا.
* دبلۆمی باڵا لەوەرگێڕانی زمانی ئینگلیزیی لەبەریتانیا.
* دووساڵ سەرنووسەری گۆڤاری (روانین )بووە.
* دووکتێبی چاپکراوی هەیەو دوو کتێبیشی لەژێر چاپدان.
* لەساڵی ٢٠٠٠ەوە تائێستا لەبەریتانیا نیشتەجێیە.
* لەساڵی ١٩٩٥ەوە خێزانداراەو باوکی سێ منداڵە.

دەبینین لەهەلومەرجێکدا بەئەوپەڕی کارەسات وماڵوێرانییەوە وڵات بەرەو شەڕی براکوژیی ودووکەرتبوونی دەسەڵاتی کوردیی وبەهەدەردانی بەردەوامی سامانی نەتەوایەتی دەبات ولەهەلومەرجی دوای جەنگی براکوژییشدا دەروازەکانی گۆڕان وگەشەکردنی دیموکراسی دادەخات ودەستاودەستکردنی دەسەڵاتیش بەشێوە تەندروستەکەی لە(رێکەوتنی ستراتیژیی و رێکەوتنی دووقۆڵیدا) بەشێوەیەکی ترسناك پەکدەخات. راستە بەرژەوەندیی نوخبەی زاڵی ئیمڕۆی حیزبی کوردیی وبەرژەوەندیی هەر دوو حیزبە زاڵەکەش لەگەڵ گەشەکردن وبنیاتنانی دامەزراوە راستەقینەکانی دیموکراسیدا نایەتەوە. راستە ئەو نوخبە زاڵەی حیزبی کوردیی تەنانەت رێگەی لەسوڕی ساغڵەمی دیموکراسی نێو خودی ئەو حیزبانەش گرتووە. راستە نەوەیەکی پیر هەیە لەنێو حیزبی کوردییدا مەرگی خۆی لەباڵاکردنی دیموکراسی وگەشەکردنی دامەزراوە جۆربەجۆرەکانیدا دەبینێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت رۆڵی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی وسیاسیی وکەڵچەرییە نادیدە بگرین، ئەو ژینگەیەی کەدواجار توانای ئەو نوخبە پیرە دیکتاتۆرەی حیزبی کوردیی، لەپەکخستنی گۆڕان وگەشەکردن ونوێبوونەوەی هەموو دیاردەکان بەدیاردەی دیموکراسیشەوە بەردەوام کردووە. ئاخر ژینگە کۆمەڵایەتییە دواکەتووەکانن کەهەمیشە پیرۆزیی بە(باو) دەبەخشن و وێنای دیکتاتۆرەکان وەکو پەیکەری سپی لەدۆزەخەکانی نیشتماندا چێ دەکەن. سێبەری ئەو ژینگە نەخۆشانەیە کەهەمیشە نەوەی نوێ خەواڵوو کردووە، وادەکات ئەو نەوە نوێیە بەردەوام چێژ لەخەساندنی ئەقڵ وتواناکانی خۆی وەرگرێت و لەسەر کەڵچەرێکی وابەستە بەتەقلیدەوە (ئاگایی) خۆی ئەتك بکات، وادەکات ئەو نەوە تازەیە وەك نەوەیەکی گوێڕایەڵ وملکەچ بەدیار مردارکردنەوەی گۆڕانەوە باوێشك بدات و بۆشی گرنگ نەبێت لەتەمەنی حەڤدە ساڵەی دەسەڵاتی کوردیی ئەم هەرێمەی خۆیدا، بۆچی دیموکراسی فێرە گرۆگاڵیش نەبووە؟ حیزبی کوردیی کەلەم هەرێمەی ئێمەدا، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان نوێنەرایەتی دیوە مودێرنەکەی بکات، بەراستی لەبەرامبەر دیموکراسیدا خاوەنی شانازییەکی ئەوتۆ نییە، چونکە ئەگەر هەر چاودێرێکی ئاسایی سەیری بارودۆخی سیاسیی ورێکخراوەیی ئەو حیزبە کە(ئێستا ئەندامی هەمیشەیی رێکخراوی ئێس ئای)ە بکات تێدەگات کەچۆن حیزبی کوردیی بەهەموو توانای جۆربەجۆری خۆیەوە لەهەوڵی پەکخستنی گەشەکردنی پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسیدایە، تەنانەت لەنێو دامەزراوەو یەکە رێکخراوەییەکانی خودی خۆشیدا. من وایدەبینم حیزبی کوردیی لەئیمڕۆدا، بەدەستێك خەریکی بنیاتنانی دیموکراسییەو بەدەستەکەی دیکەشی خەریکی وێرانکردنییەتی. بەدیوی دەرەوەیدا، هەوڵدەدات ئەوەی کەنێوەی تەلاری دیموکراسی حەڤدە ساڵەی هەرێمەکەیە؟، بەچراخان نیشان بدات ولەدیوی ناوەوەشدا، لەشەڕی دوو رەنگی باوی دیکتاتۆردا، تەلارەکە بکاتە تاریکستانێکی ئارام!. من لەو بڕوایەدام، مەحاڵە شەمەندەفەری دیموکراسیی ئەم هەرێمەی ئێمە بگات، مادام فارگۆن وشۆفێرەکانی لەو ئەقڵ وماتریالانەی ئێستای حیزبی کوردییان پێکهێناوە، دروستکرابن. گەشەکردن یان قۆناغێکی دیکەی بنیاتنانی دیموکراسی ودواجار پراکتیزەکردنێکی تەندروستانەی ئەم دیاردەیە، پەیوەستە بەمەسەلەی نوێبوونەوەی حیزبی کوردییەوە. ئەو کاتانەی حیزبی کوردیی توانای راچڵەکینی دامەزراوە رێکخراوەییەکانی خۆی هەبوو، جەسارەتی گۆڕانێکی ریشەیی سەراپاگیریی رێکخراوەیی هەبوو، ئێمەش دەکرێت گرەو لەسەر بنیاتنان وگەشەکردن ودواجار نوێبوونەوەی دیموکراسی ئەم هەرێمەش بکەین. حیزبی کوردیی، کەلەئێستای حەڤدە ساڵەی نیمچە سەربەخۆیی هەرێمەکەی خۆیدا، هەموو دەرگاو پەنجەرەکانی گۆڕانی بەشێوەیەکی ترسناك بەرووی خۆیدا داخستبێت، ئایا لەرووی لۆژیکییەوە هەڵخەڵەتاندنی خۆمان نییە، کەخەونی پراکتیزەکردنی دیموکراسی بۆ هەموو هەرێمەکەی بندەستی پێوە ببینین؟.

نێوەند: بۆ ئەوەی لەکوردستان ببینە خاوەنی ئەزموونێکی پیادەکراو وسەرکەوتووی دیموکراسیی چی هەنگاوێگ کاراو کاریگەرە؟ بەدەربڕینێکی دیکە ئەو هەنگاوە گرنگانە چین کە کوردستان دەپەڕێنێتەوە بەرەو قۆناغی دیموکراسیی؟.

سلێمان عەبدوڵڵا : بەبۆچوونی من کاریگەرترین هەنگاوێك کەدەکرێت ئومێدی خۆمانی لەسەر بنیات بنێین، ئەنجامدانی گۆڕانکارییە لەسەر وئەقڵی حیزبی کوردییدا. ئەنجامدانی گۆڕانکارییە لەو پەیکەر وپەیوەندە باوە تەقلیدییەی کەزیاتر لەنیو سەدەیە، حیزبی کوردیی لێ پێکهاتووە. دەبێت لەو راستییە بەئاگابین، کەچۆن حیزبی کوردیی بەشێوەیەکی ئەوپەڕی نێگەتیڤ، چووەتە نێو ژیانی هەموو تاکەکان وهەموو کایەکانی ئەم کۆمەڵگایەوە. کەچۆن حیزبی کوردیی، بەتوندیی هەموو رێگاکانی گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بەستۆتەوەو چۆن لەهەموو ئەو تەپۆلکەو قەڵایانەشەوە، کەبەسەر ئەو گۆڕانانەدا دەڕوانن، لەرێگەی پاسەوانە تەقلیدییەکانی خۆیەوە، چاودێریی گۆڕانکارییەکانی لەمشتی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا هێشتۆتەوە. من پێموایە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بێت، لەنێوحەساری حیزبی کوردییدا بین یان لەدەرەوەی ئەو حەوشەیەدا بین، ئەرکی هەموومانە، ئەرکێکی مۆراڵی ونیشتمانیی ومەعریفیی هەمووماننە، کەبەشداربین لەبەرپاکردنی ئەو گۆڕانە ژینی وژیارییەدا لەنێو ئەقڵ وسەری ئێستای حیزبی کوردییدا، چونکە ئەو گۆڕانە، گۆڕانێکە، دواجار دەچێتەوە سەر شارێگای گۆڕانی ریشەیی پۆزەتیڤ، لەهەناوی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا. خولقاندنی گۆڕانکاریی ونوێبوونەوەی گوتاری حیزبی کوردیی، لەدەستی دێت گۆڕانکاریی دیکەو نوێبوونەوە لەگوتارەکانی دیکەی ئەم کۆمەڵگای کوردییە بەشوێن خۆیدا بێنێت. لەدەستی دێ دامەزراوە گرنگەکانی ئەم وڵاتە لەچەشنی زانکۆکان ودامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ورێکخراوە پیشەیی ودیموکراتییەکان لەمشتی حیزب دەربهێنێت. لەدەستی دێ ئەو بێسەر وبەرییە بەکۆتایی بهێنێت کەلەرێگەی هەژموونی حیزبی کوردییەوە بەسەر هەر سێ دەسەڵاتە دیارەکانی ئەو هەرێمەدا چەسپاوە. لەدەستی دێت میدیای ئازاد بخولقێنێ وخودی دەسەڵاتی کوردیش فێرە گوێگرتن لەو میدیا ئازادە بکات. هەروەك چۆن یارمەتیدەریش دەبێت، بۆ ئەوەی خودی ئەو میدیا ئازادە هانبدات، لەپرۆسەی چاودێرییکردنی دەسەڵاتی کوردییدا پەنا بۆ شێوازی سروشتیی ئاخاوتن بەرێت لەگەڵ دەسەڵاتی کوردییدا، لەبری ئەو زمانە زبر وبەدەر لەمۆراڵەی کەلێرەو لەوێ وبەناوی میدیای ئازادەوە، بەشێوەیەکی سەمەرە، خۆی خزاندۆتە نێوەندە رووناکبیرییە کوردییەکەوە. ئەگەر ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە بەهەموو پێکهاتەکانییەوە توانی کۆتایی بەو پاشاگەردانییە بهێنێت کەحیزبی کوردیی حەڤدە ساڵە بەناوی ئەزموونی دیموکراسییەوە هەست ونەستی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایەی پێ فریو دەدات، ئەگەر ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە بەهەموو پێکهاتەکانییەوە توانی مۆدیلێکی دیکەی دیالۆگ لەگەڵ خۆیدا بخولقێنێ، ئەوسا خەیاڵپلاو نابین کەئومێد لەسەر پەڕینەوەی ئەم هەرێمەی خۆمان بکەین، بەرەو مەنزڵێکی دیکەی بنیاتنانی دیموکراسی!.

# ديموكراسيى و كولتوورى شوانكاره



ستيڤان ئەحمەد (شەمزينانى)

لاريمان لەوە نييە تراديسيۆنى زاڵ بەسەر كولتوور وفەرهەنگ وكايەكانى ژيانەوە لەكوردستان، هێشتا دابونەريتى كشتوكاڵيى وشوانكارييە، لەناو ئەم كولتوورەدا ديموكراسييەت نەك جێگەى نابێتەوە، بگرە ئەو سيستمە سياسييە سەرلەبەر دژى رۆحى فيوداڵيزم ونەريتەكانييەتى، هەر لەم سۆنگەيەوە دەردەكەوێت ديموكراسيى سەرەڕاى شكاندنى ريكۆرد وسەركەوتنەكانى بەسەر سيستمە شمولى وديكتاتۆرييەكاندا سەبارەت بەكۆمەڵى كوردەواريى پێويستييەكى گرنگ نييە، لەبارى واقيعيشەوە ژينگەيەكى فيوداڵى وشوانكارە هەر دەسەڵاتێكى لەچەشنى خۆى بەرهەمدەهێنێ وقەبووڵ دەكات. ئەم فاكتە ئێجگار سادەيە كۆمەكێكى جيدديمان دەكات لەروونكردنەوەى ئەو پرسيارەى بۆچى ديموكراسيى ناتوانێت بێتە زۆرانەوە لەبەرامبەر بەسيستمى باو وبالادەست؟ بۆچى ديموكراسييەت تەنيا لەسەر لافيتەو دروشمەكاندا دەبينرێ؟ تێگەيشتن لەئاستى فەرهەنگ وهۆشياريى گشتيى كۆمەڵ ئەو هەگبەيەيە وەڵامى ئەم پرسيارەو دەيان پرسيارى هاوشێوەى لەخۆ گرتووە، ئەگەر بەنموونەيەكى ساكار مەبەستەكە روون بكەينەوە: هيچ هێزێك نييە بتوانێ يان هيچ نەبێ بەئاسانى بتوانێ ديموكراسيى لەئەسكەندەناڤيا پاشەكشە پێبكات، چون ديموكراسيى سەبارەت بەسوێد يان هەر دەوڵەت وكۆمەڵێكى ديكەى ديموكراتخواز پێويستييەكى پلە يەك وهەرە لەپێشە. تۆ ناتوانى بۆ خێڵێكى سەرەتايى وەك ئەوانەى لەئەمازۆن دەژين، كارەبا وپێويستييە خزمەتگوزارييەكان بەكارى هەرە گرنگ بزانيت، ئەمەش تەنيا لەبەرئەوەى سروشتى ئەو جۆرە لەژيانكردن پێويستيى بەو چەشنە خزمەتگوازريانە نييە. بۆ ديموكراسيش پرسەكە هەر بەهەمان شێوەيە. لەكۆمەڵگەيەكدا خێڵ وديدگاى هۆزگەرايى زاڵبووبێت بەسەر هەر شتێكدا ديموكراسيى چيدى پێويستيى نييە، لەوانەيە لەمجۆرە كۆمەڵەدا ديموكراسيى سيستمێكى كوشندەو بكوژ بێت، لەوانەيە ديموكراسيى هەرەشە بێت بۆ سەر ئەو سەقامگيرييەى خێڵ بەرهەمى هێناوە. ئەگەر لەوە بكۆڵينەوە، هۆى چييە ديموكراسيى دارێكى زرە وهيچى لێ شين نابێت لەكوردستاندا؟ تەنێ بگەينە ئەو دەرئەنجامەى: فەزاى كۆمەڵايەتيى وكولتووريى ئێمە هێندەى لەبارە بۆ سەرهەڵدانى دەوڵەت ودەسەڵاتى سەراپاگير وخۆسەپێن، بەچارەگى ئەوە زەمينەى نەرەخساندووەو تێدا نييە بۆ خۆ تەرحكردنى ديموكراسيى يان بەگوزارشتێكى تر هەر لەبنەماوە تەرحى ديموكراسيى لێرە هەرگيز بوونى نييە تا نەبەردەكانى دۆڕاندبێ؟.

بەلام لێرە وەسوەسەيەك هەيەو لەيەخەمان نابێتەوە، ئاخۆ دەسەڵاتى كورديى بەرپرسيارە لەم رەوشە ناديموكراتيى وبێسەرەو بەرييەى ئێستاى كۆمەڵ يان خودى كۆمەڵ بەپلەيەكى لەسەرتر بەرپرسيارە لێى؟ وەڵامى ئەم پرسيارە هێندە ئيشكالييەتى فيكريى ودژايەتى بۆچوون دروست دەكات، هێند ناگاتە دەرئەنجامێك يان وەلامێكى دڵنياكەر، ئەم پرسيارە هەر لەو پرسيارە دێرين وفۆلكلۆرييە دەچێت كەدەپرسێت: هێلكە لەمريشكە يان مريشك لەهێلكە؟ وەڵامى پرسيارەكە بەهەر بارێكدا بێت، هەر راستە، وەڵامى ئەو پرسيارەى سەرەوەش هەر بەهەمان شێوەيە ولەهەر بارێكدا بێت بەشێكى زۆرى لەراستيى لەخۆگرتووە. نە كولتوورى شوانكارەى كورد هەناسەيەكى تێدايە بۆ لەدايكبوونى ئەڵتەرناتيڤى ديموكراسيى، نە دەسەڵاتى سياسيى كوردستان رێگە دەدات بەگەشەكردنى كۆمەڵ وكرانەوەى بەرووى دنياو بوژانەوەى بازارى ئازادى كار وئابووری تا لێوەى كۆمەڵگە شەقاوێك لەديموكراسييەت نزيك بكەوێتەوە. چونكە ديموكراسييەت لەكوردستان لەسادەترين پێناسەيدا واتە هەڵگيرانى ئەو تەرزە لەدەوڵەتداريى وبەڕێوەبردن كەهەنووكە لەكوردستان بەڕێوە دەچێت. ديموكراسييەت لەهەنگاوى يەكەميدا واتە سنووردراكردنى دەسەڵاتى ئەو پارتە سياسييانەى دەسەڵاتى نەبەستراوەو بەرفرەيان هەيە لەسەر هەموو ئاستێك. بەم مانايە بێت كردەى ديموكراسيى بۆ دەسەڵاتى كورديى كردەى خۆكوژييە نەك هەنگاوێك بۆ سەرلەنوێ رەنگرێژكردنەوەى دونيا ومانابەخشين بەدەسەڵات وحكومەت وماف هاوولاتيان. زۆر بەكورتى ديموكراسيى لێدانى پرد وبەرزكردنەوەى باڵەخانە نييە بەبڕيارێكى حكوميى بێتە بوون، نەخێر ئەم سيستمە قاچێكى لەنێو زەمينەى كۆمەلايەتى وفەرهەنگيى كۆمەڵدايەو قاچەكەى تريش لەناو رەگوريشەى دەسەڵاتى سياسيى. تاكە بوويەكيشە كەناتوانێت لەسەر يەك تاكە قاچ رابوەستێت وخۆى بگرێت. لێرەوە رەنگبێ كەمێك لەوەلامى پرسيارەكەمان لا رۆشن بێتەوە، بەوەى ديموكراسيى نەبەتەنيا حكومەت دێتە دى و نە بەتەنياش بەخەڵك. ئاخر هيتلەر لەرێى پرۆسەيەكى تەواو ديموكراتييەوە جڵەوى حكومى گرتە دەست و وێناى گەورەترين وترسناكترين دەوڵەتى ديكتاتۆريى وئيستبداديى كێشا، ئەمە شكستى پرۆسەيەكى ديموكراسييە ئەگەر نيەت وئيرادەى دەسەلاتى لەگەڵدا نەبێ، لەوانەشە نموونەى پێچەوانەشمان هەبێت. ئەگەر زۆر دوور نەكەوينەوە لەباسەكەمان وبگەڕێينەوە لاى كۆمەڵى كوردەواريى، ئەوە لەكۆمەڵگەيەكى شوانكارە كەخووى بەنەريتەكانى كشتوكاڵييەوە گرتووەو زياد لەهەر شتێكيش پێوەى پابەندبووە و لەهەمان كاتدا دەسەڵاتێكى هەيە كەلەسەر وێنەى ديكتاتۆرانەى دوژمنانى دوێنێى خۆى داتاشيوە، قسەكردن لەسەر ديموكراسيى رەنگبێ زياد وكەمێك نالۆژيكانە بێت. زياد لەبەرئەوەى هەرگيز ناتوانێت تەنانەت لەزمانى ئەم نووسينەش تێبگات، چونكە زمانى ئەو وەك كۆمەڵەيەكى ساكار ودۆستى سروشت زمانى شيعرە نەك رەخنەو داتاو ئارگۆمێنت، نالۆژيكانە ژبەرئەوەى باسكردنە لەديارەدەو مۆديلێك هێشتا بەچەندين دەيەى ماوە بگاتە ئێرەكانەو نەشونما بكات و لەسەر واقيع خۆى بسەپێنێت.

# رۆشنبیر و خوێندنەوەیەك بۆ هەناوی كۆمەڵگەی كوردیی



ئارام موكریانی*

٢- ٢

بۆ دەبێت بەشداریی سیاسی تەنیا بۆ پیرەكان بێت؟ بۆ دەبێت میللەت لە بەشداریی سیاسی دوور بخرێتەوە؟ بۆ دەبێت بوار بۆ گەنج نەبێت بەشدار بێت لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا؟ كارەسات ئەوەیە جگە لەوەی كە بڤەیە میللەت لە سیاسەتدا بەشدار بێت، ناشتوانێت كارەكانیان بزانرێت، خۆشیان هەرگیز ئامادەیی ئەوەیان تێدا نییە شەفافییەت بەكاربهێنن، ناچار ئەو شتانەش هەر ماوەیەك دەتوانن نهێنی بوونی خۆیان بپارێزن و دواجار هەر ئاشكرا دەبن، ئەو كات بۆ كوێ دەچن و بەهانەتان چی دەبێت؟. كەواتە كاتێك تۆ خەڵك لە بەشداریی سیاسی دووربخەیتەوە و شەفافییەت لە بەڕێوەبردنی كارەكانتدا نەبێت و كەس بە پلان و پڕۆژەكانت نەزانێ، چۆن دەتوانی بە لاافلیێدانی دیموكراسیەت و مافی مرۆڤەوە میللەت بەڕێوەببەیت؟ نا براگیان تۆ بەهەڵەدا چوویت، لێرە میللەت حكومەت بەخێو دەكات، نەك بە پێچەوانەوە؟!هەر كە یەیتە سەر ئەو باسەش یەكسەر دەڵێن ٧٠٪ ی بودجەی هەرێم بۆ موچەخۆرانە، كەئەم قسەیەش هەر تاوانە پێكەنینیشت پێی بێ! چونكە وادەزانن كە ئێمە بێ ئاگاین لەوەی پەرلەمانتارە خەوتووەكان و بەڕێوەبەرە گشتییە بێكارەكان و بەرپرسە پلەبەرزە مورتاحەكان و تێكەڵكردنی موچەی حكومەت وحیزب و..هتد ٥٠٪ زیاتر دەبات و ٢٠٪ دەمێنێتەوە بۆ خەڵكە رەشۆك وداماوەكە. ئەو گریمانە ئابوورییەی هەنووكە لە هەرێمدا پیادە دەكرێت، كە لای ئێمە گریمانەیەو لای ئەوانیش لە گریمانە دەرچووە، ئەو دابەشكردنە هەرێمییەی لەلایەن دوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە پیادەكراوە، فرۆشتنی ئەو كارگەو پرۆژانەی كە لە ئەستۆی حكومەتە بەڕێوەی ببات، كاریگەرییەكی سلبی كردۆتە سەر ئابووری هەرێم. دەڵێن كارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە فرۆشراوە بە كەرتی تایبەت، با زۆر ناوی زەق نەهێنین كە بە كێ فرۆشراوەو بەڵام بەناوی كێوە باسی دەكەن! بۆیە واباشترە بابەتەكەمان بەشێوەیەكی گشتگیر باس بكەین. بەموڵكداریكردنی پڕۆژە حكومییەكان، واتە ئەوەی كە پێی دەگوترێت كەرتی تایبەت. باشە كەرتی تایبەت چییەو كێ سەرپەرشتی دەكات؟ ئایا هەر حیزب نییە كە فلانە پرۆژە دەكاتەوەو كەسێك دەكاتە خاوەنی تا پێی بگوترێت كەرتی تایبەت؟ ئەی ئایا ئەم كەرتی تایبەتە سوودی چییە؟كەرتی تایبەت كاتێك سوودی دەبێت كەهێندەی لەكردارەوە نزیك بێ هێندەش لە ناوەوە دوور بێت. واتە نەك ئەوەی كە بەرپرسێك پڕۆژەیەك دروست بكات و بەناوی فلانە كەسەوە ئیعلانی بكات تا خەڵك رازی بكات بەوەی كەرتی تایبەتە، خۆڵكردنە چاویشەوە هەر ماوەیەك دەخایەنێت!.كەرتی تایبەت لەلایەن كەسی دەوڵەمەندەوە بەرهەم دێت بەمەرجێك بازاڕ ئازاد بێت نەك بەرەڵا. دەگوترێت بازاڕی ئازاد. ئەو ناوە كاتێك سوودی هەیە كەحكومەت جگە لەوەی كە دەبێت بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ بازرگانەكاندا بكات، هیچ كات هەوڵی ئەوەش نەدات نرخی شمەكەكانیان زیاد لە پێویست بۆ بەرز بكاتەوە. ئاخر بازرگانیش ئەوەندی لەخەمی گیرفانیایەتی نیو ئەوەندە لەخەمی خزمەتی میللەتەكەیدا نییە. بۆ نموونە كاتێك كەنرخی شمەكێكی دیاریكراو بەرز دەبێتەوە، خەڵكی لەنهێنی بەرزبونەوەی نرخی شمەكەكە ناگات و دەیگەڕێننەوە بۆ هۆكارە دەرەكییەكان، بەڵام لەبنەڕەتدا هۆكار حكومەت و بەرپرسەكانی خۆمانن، چونكە خۆیان لەو شمەكەیان هەیە و نایانەوێ نرخەكەی دابەزێت تا زەرەر نەكات، ئەوەیە بازرگانیكردن بە خوێنی هەژاران، دەڵێن سیستمی موچە هەڵەیەو مووچەی فەرمانبەران زیاد دەكرێت، بەڵام چەند مووچە زیاد بكات ئەوان دووقات وسێ قات لە بازاڕ لێتوەردەگرنەوە، ئەوەیە بازرگان،من تێناگەم بۆچی كوردستان میللەتێكی هەژارە و گازندەی حكومەتیش دەكات؟ئەوەتا حكومەت و بەرپرس و حیزب و ..هتد هەموویان بوونەتە بازرگان تەنیا لەبەر ئەوەی كە چینی ناوەند زیاد بكات، ئیتر ئەم میللەتە جەسوورە لەوە زیاتر چی دەوێت، كە حكومەت بە داروبەردییەوە خەریكی بازرگانی كردنە بۆی؟ ئەوەتا تەنەكەیەك رۆنی ڤیتا بە باجی گومرگیشەوە تا دەگاتە ناو سلێمانی بڕی تێچوونەكەی دوانزە دۆلارە(واتە پانزە هەزار دیناری چاپی نوێ) كەچی لەبازاڕدا بە(چل وچوار هەزار دیناری چاپی نوێ)یە، سەیركە لە سادەترین شتدا كە رۆنە چاودێریی نییە و بۆیە بازرگانیش بە سێ قاتی بڕی تێچوونی دەیفرۆشێتەوە و كەسیش بۆی نییە قسە بكات، چونكە حكومەتەكەمان وەك لەوەو پێش باسمان كرد حكومەتێكی ئەرستۆكراتییە وحكومەتی خانەدانەكانە. ئەگەر ئەمانە هەمووی بەڵگەیەك نەبن بۆ ئەوەی كە كەرتی تایبەت زۆر كەمە یان بوونی نییە وهەمووی كەرتی بەرپرسە، ئەی چیترە و چ شتێك دەبێتە بەڵگە و ئەم سیستمەش ناودەنێن چی؟! كام فەرهەنگی جیهانی بگەڕێین تا وشەیەك بۆ ئەم سیستمە بدۆزینەوەو پێناسەیەكی پوختی بكەین؟چەندین بەنزینخانە بازرگانییەكانی ناوشاری سلێمانی هی بەرپرسەكانە، ئەمە چۆن و بە چ شێوەیەك؟. بابە رەنگە هەر لە شاخ ئەمانەیان بەشكردبێت وەك فلیم كارتۆنەكەی خلە و بلە. باشە كوردستان بۆ ئەوە ئازاد كرا كە گیرفانیان پڕ بكەن، یان هاوكێشەی كوردایەتی وخۆشگوزەرانی هاوسەنگ بكەن؟ كەواتە كێشەكە لەم دروشمە زیاتر نییە (گیرفان پڕكردن لەسەر حسابی كوردایەتی وخەڵكی داماو). بۆیە ئەوە ئەركی رۆشنبیرە بەبێ ئەوەی مافێك وەربگرێت جەریئانە و بێ پسانەوە خامە پاكەكەی بخاتە كار بۆ بەلایەكداخستنی رەوشەكە و خەڵك لەو ڤێزەونییە ئاگادار بكاتەوە،میللەت لەو قەیرانە ئابوورییە وەئاگابێنێ.بۆیە دەڵێم بێ وەرگرتنی ماف، چونكە لێرە رۆشنبیر بەردباران دەكرێت لەرووی مەعنەوییەوە، تف ونەحلەتی لێدەكرێت. بەدیوێكی تردا، چ سوودێكی هەیە بەشێوەیەكی ئەدەبی پەڕتوكێكی چەند سەد پەڕەیی بخەمە بازاڕەوە وچاوی خامەكەم لە رەوشی ئێستای كوردستان و قەیرانەكانی بێ ئاگا بكەم؟ چ سوودێكی هەیە پێداهەڵگوتنی ئەم و ئەو و لەو سەریشەوە بەدەست بەتاڵی بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە نەبوونی گوێیەك بكەمە بیانوو؟ چ سوودێكی هەیە لە دوورەوە و لە دەرەوەی كوردستان و لەوپەڕی خۆشیدا قسە لەسەر ناخۆشییەكان و قەیرانەكانی نێو هەناوی كۆمەڵگەی كوردیی بكەم؟ ئاخر بەقەد ئەوە كاریگەر نییە كە من لەخودی كۆمەڵگاكەمدا لەسەر دۆخەكانی ئەمڕۆی شتێك بنووسم. چ سوودێكی هەیە كۆمەڵێك رۆشنبیری ئیحتیكارمان هەبێت و رووی نەیەت لەسەر مافی هاوزڵاتیان بنووسێت؟ یان میللەت لەگەڵ هەناو وقەیرانەكانی خۆیدا وەئاگابێنێ؟ ئەوان جگە لە پارێزگاریی دەسەڵات چ شتێكی تر نین و چ خەمێك بۆ میللەتەكەیان ناخۆن. ئەی ئایا مێژوو كێ دەنووسێتەوە، من یان

تۆ یان ئەو؟ نا مێژوو چاك كاراكتەرەكانی خۆی دەناسێتەوە و باشیش گوڵبژێریان دەكات و بێ بەزەییانەش بێ كەڵكەكان تور دەداتە ناو زبڵدانی لەبیرچوونەوەوە، بەڵام مێژوو كەمێك خاوە یان جوانتر بڵێین ئەو زۆر ئارامگرە و پەلە لە كاری خۆیدا ناكات، ئەو دەرفەتەش بۆ ئەوەیە كە بزانێت ئایا پەشیمان دەبنەوە تا ئەمیش نیوەی ژیانیان بە ڤیزەونی بنوسێتەوە نەك هەمووی؟!. با باسێكی نەبوونی داهێنانیش بكەین، كە چۆن لەمەشدا حكومەت لایەنی یەكەمە لە قەیرانی داهێنانەدا. لە ساڵی ٢٠٠٤ دا خوێندكار كاتێك زانكۆی تەواو دەكرد، نە دەچووە شوێنێك تا بە پێی پسپۆرییەكەی خۆی كار بكات، بەڵكو یان دەبووە پۆلیس یان ئاسایش، بۆچی؟ چونكە حكومەت هەمیشە لە بیری ئەوەدایە كە چۆن ببێتە میلیشیایەكی بەهێز؟! بۆیە مەرگ، مەرگی داهێنان و نەوەكانی بوو. ئاخر بۆچی گەنجێك پێدەگەیەنیت و دواجاریش بێ بەزەییانە لەسەر هیچ بەكوشتی دەدەیت؟ بۆ مووچەیەكی باشی بۆ نابڕیتەوە تا ئەویش بتوانێت بەوپەڕی خۆشییەوە لە بواری پسپۆرییەكەی خۆیدا كاربكات؟ ئەو هەموو پۆلیس و ئاسایشەت بۆچییە؟مقۆمقۆی دونیایان كرد تا مووچەی هەندێك لەفەرمانبەرانیان زیادكرد، باشە ئەو موچەیە بەو زیادكردنەشەوە بەشی سەڵتێك ناكات، ئەدی چۆن بەشی ژیانێكی كولەمەرگی (بەدەردی خۆمان دەڵێین مەمرەوبژی) خێزانێكی كرێچی خاوەن سێ منداڵ دەكات؟! كام لە بەرپرسەكان مانگانە بە بیست ئەوەندەی ئەو برە پارەیەی فەرمانبەران دەژین؟ ڕاستە خزمەتت كردووە، بەڵام خۆ ناشكرێت لەسەر حسابی مافی من و ئەو و میللەت ببی بە بازرگان! ڕاستە خەباتت كردووە بەڵام ئایا بۆ گیرفان پڕكردن یان بۆ خزمەتكردن بە خاك؟ هەموو دەزانین كە بۆ ئەوەی یەكەمە و بڕێكی كەمیان نەبێت كە بۆ خاك كردوویانە، بەڵام ئەوانیش ئەوەندە كەمن كە خەریكە ناویشیان نامێنێ ودەسەڵاتیشیان نییە بۆ گۆڕینی بارودۆخەكە. كە دێنە سەر قسەوباسیش دەڵێن (گەنج پڕۆژەی نییە، گەنجێكی دەستەپاچەن، گەنج كارناكات) باشە هەر تۆ نەبوویت زۆریانت ڕاونا بەرەو هەندەران؟ ئەدی گەنج لە كوێ مابێت؟ ئەوەشی كە ماوەتەوە لە سیستمی ئابووری و سیاسی وڵات ئەوەندە بێزارە كە خەریكە خۆی لەیاد دەچێتەوەو پێ لەسەرەتاییترین مافی خۆی دەنێت كە مافی ژیانە! بۆ ناپرسن هۆكار چییە كە مانگانە ئەم هەموو گەنجە جەڵتە لێی دەدات یان خۆی دەسوتێنێت یاخود كۆچ دەكات؟ ئایا جورئەت دەكەن لێكۆڵینەوەیەكی سۆسیۆسایكۆلۆجی لەو بارەیەوە بكەن؟ گەر جورئەتی ئەوەش بكەن، ئەوا دەیگەڕێننەوە بۆ بارە كۆمەڵایەتییەكە و دەروونییەكەی لێ دەردەكەن، جگە لە باری ئابووری.ئەی ئایا هۆكارە كۆمەڵایەتییەكانیش بچووككراوەی هۆكارە ئابوورییەكان نین؟ گەنجێك كە دەزانێ هاوڕێكەی هێندە خۆشگوزەرانە و لە ئاستێكی بەرزی ماددییەتدا دەژی و تەواوی ژیانی تەئمین و ڕەفاهییەتە، كاتێك كە بیر لەوانە دەكاتەوەو دەبینێ هیچ كام لەوانە بەدەیان ساڵی تریش لەخۆیدا نابینێتەوە، ناچار یان كۆچ دەكات بۆ هەندەران بەهەرشێوەیەك بێت، یان خۆی ئینتیحار دەكات. ئیدی ئەمە بەچ پێوەرێك كاركردی كۆمەڵایەتی دەبێت جگە لە ئابووری؟وەك گوتمان خۆڵكردنە چاویشەوە هەر سەردەمێك دەخایەنێت. بەڵام ڕاستە، من لەو ڕوانگەیەوە حكومەت بە تاوانبار نازانم ومیللەت دەكەمە تاوانباری سەرەكی! میللەتێكی دواكەوتووی ڕازی بەهەموو شتێك، چەپڵەلێدەر بۆ هەموو بەرپرسێكی نامەسئول. بەم شێوەیەین بۆیە ئەوانیش چ باكیان پێمان نییە. هەربۆیە حكومەت (ببوورن حیزب) دووكات دەبینرێن:



١- لەكاتی ڕێپێواندا بە تەقە: لەم كاتەدا حكومەت بە تەقە وەڵامی داواكانی هاووڵاتیان دەداتەوە، هەموو دروشمە بریقەدارەكانی خۆیان دەخەنەوە قاڵبی بابەتی و لەكردەكی دووریان دەخەنەوە. یان وەك چارەسەری داواكانی خەڵك دەبینرێن. واتە دەبێتە چارەسازی هۆكارەكانی ڕێپێوانی خەڵك. بەڵام چۆن و بە چ شێوەیەك و ئامانج لەمجۆرە چارەسازییە چییە؟ دێت و بەڵێنی درۆ بە جەماوەر دەدات بە مەبەستی بڵاوەپێكردنی ڕێپێوانەكەو نەهێشتن و بنبڕكردنی. بەڵام وادەی ئەو بەڵێنانە تا تافی دوای ڕێپێوانەكە دەخوات، دەنا دوای ڕێپێوانەكە بڕۆ لەهەمان بەرپرس بپرسە كە چی گووتووە، نایزانێت و نایەتەوە بیری. بۆیە ئێمەش پێشنیار دەكەین كە بەرپرسەكانمان موسەجیلێك بكڕن تا لە تافی قسەكردندا، بڕیارەكانی خۆیان تۆمار بكەن و لە دواتردا گوێی لێبگرنەوە تا بزانن چییان گووتووە. یان كەسێك قسەكانی تۆمار بكات و بەڵام دوایی جورئەت بكات بیخاتەوە بیریان و بڵێت ئەمەیە بەڵێنەكانت نەكا تۆ سەرقاڵ بیت و لەیادت نەمابێ دە فەرموو جێبەجێیان بكە.

٢- لە كاتی دەنگداندا:حكومەت لەم كاتەدا (دوبارە ببوورن حیزب، چونكە واتێكچڕژاون كورم هەیە بتوانێت بە ناوهێنانی ئەمیان ئەوی تریان لەیاد بكات،یان بتوانێت جیایان بكاتەوە؟!) دێت بەكۆمەڵێ بانگەشەی سیاسی و نەتەوەیی، هەمدیس كۆمەڵێك بەڵێنی درۆ بە جەماوەر دەدات، تا ئەوەندەی كارەكەی خۆی مەیسەر دەكات. ئاخر شورەییە گەر ئەوان دەنگ نەهێنن (چونكە ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت كە ئەوان گەندەڵن وخەڵك قبووڵیان نییە)، بۆیە دێن و زۆرترین پارە لە پڕوپاگەندەدا سەرف دەكەن، یان لەم دواییەدا كە زانیان هیچ شتێك نییە جەماوەر بە ئەوانەوە ببەستێتەوە ناچار خۆیان بۆ ناو جەماوەر شۆڕ بوونەوە، ئەو بەرپرسانەی كە بەساڵ ناگەیتە لایان و هەر لەشارەكەی خۆشماندا دەژین، دواجار بینیمان كە چۆن لە بەردەم چایخانەی شەعب و كوێ و كوێدا قسەیان بۆ خەڵك دەكرد ومیللەتیش هەروەكو پیشەی بەردەوامی خۆی چەپڵەی بۆ لێدەدان! ئەوەیە كارەسات كە بتكوژن وخاوەنت بۆ ڕایكردنی كارەكە بەماچێك ئاشت بكەنەوە و لە دوایشدا هەر نەشتدوێنن. چ ترسنۆكییەك ڕووپۆشی ئەم میللەتە دەكات؟ لە ناوەوەش بەچەندین ئازاری سارێژ نەكراو دەیتلێنێتەوە؟ چ نەزانییەك یاسای ناوەوەی میللەت دادەڕێژێت. ئای میللەت لە چ غەفڵەتێكی بێمانادا ژیان دەگوزەرێنێ. دوای ئەو دروشمە، ئەستەمە بتوانین ئەگەر بۆ دەرمانیش بێت حكومەت ببینین. ئەی باشە لەوە گەڕێ، بەس ئەو گەنجەی ماوە خەریكی چییە و بە چییەوە مژوڵە؟ برام لێگەڕێ، ئەوانیش هەر بەیت و باڵۆرەی كۆن دەڵێنەوە. بۆ كۆتایش دەڵێم، كامۆ ناحەقی نەبووە كە گوتویەتی (هەزار بەهانە هەیە بۆ خۆكوشتن، بەڵام هیچ بەهانەیەك نییە بۆ درێژەدان بە ژیان).

★ سەرنووسەری بڵاوكراوەی هیومانیزم

# دواکەوتوویی دەسەڵاتی کوردیی لەناواخنی پرسی عەلمانییەتدا



**حەمەغەفور**

بەم دواییانە جاروبار لەدەزگاکانی راگەیاندنی حیزبیی وحکومیی کوردستانەوە بۆ ئامانجی سیاسیی دیاریکراو پرسی عەلمانییەت دەوروژێنرێت، بەلاّم لەرادەبەدەر دڵخوازانەو زیهنیی دەخرێتە روو، باس وخواسی لەسەر گەرم دەکرێت. بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی وەك(کولتوور ورۆشنگەریی،لەگەڵ رەنج،سێرە وبێسنوور هتد....) هەر یەکەیان بەشێوازی خۆیان لەگەڵ کەسانێکی دەستنیشانکراودا تاوتوێی ئەم دیاردەیەو لایەنەکانی دەکەن و قسەوباسی لەبارەوە دەکەن. لێکدانەوەی مەبەستدار، شێواندنی راستییەکان ومیتۆدێکی بێئەندازە هەژار و دواکەوتووانە لەشیکردنەوەدا، بەشێوەیەکی بەرجەستە بەسیماو رەواڵی بردنەپێش وپێشکەشکردنی ئەم بەرنامانەوە دیارە. ئامانجی سەرەکیی ئەم چالاکییە ژورنالیستییە هەوڵێکی ئاشکرایە لەپێناو بەلاڕێدابردنی هۆشیاریی و زەینی کۆمەڵگای کوردستان سەبارەت بەسکۆلاریزم و بۆ ئاراستەکردن وئیحتیواکردنی مەیلی نوێخوازیی وپێشکەوتن وکرانەوە کە لەسەرتاسەری کوردستاندا شەپۆل دەدات. مۆدێرنیزم وسکۆلاریزم و پێشکەوتنخوازیی بەسەروسیمای خەڵك وشێوازی شارنشینی لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە بێزارییان لەدیاردەو ئاسەوارە ئاینییەکان وخۆشەویستییان بۆ فەرهەنگی رۆژئاوایی ورووکردنیان لەکۆمەڵگای مەدەنی، بەسەر دەیان دیاردەی دیکەی ئەم کۆمەڵگایەوە بەباشی دەبینرێت. مودێرنیزم وکۆمەڵگای مەدەنی وکرانەوەو پێکەوە ژیان جێگای گەورەی لەدڵ ودەروونی خەڵکیدا هەیە، سەرەڕای دژایەتی سەرسەختی ئەحزابی کوردیی و رەوەندە ئیسلامییەکان بۆ سکۆلاریزم. دەسەلاّتی کوردیی لەم رێگایەوە بەنیازە رووخساری نامۆ، عەشیرەتیی و دواکەوتووانەی خۆی لەرووکەشێکی عەلمانیی ومۆدێرنیزم هەڵکێشێت بۆ ئەوەی هاوپەیمانیی خۆی لەگەڵ کۆنەپەرستیی ئیسلامیدا بکات بەژێرەوەو سیمای عەشیرەتیی خۆی تێکەڵی تەوژم وتەشەنەی دیاردەی مودێرنخوازیی وسکۆلاریزمی خەڵکی کوردستان بکات. پۆلێنکردنی حیزبە قەومی وئیسلامییەکانی کوردستان بۆ ئەحزابی عەلمانیی وئیسلامی، بەڵگەودۆکۆمێنتێکی ئاشکرایە لەمبارەوە. بەگوێرەی توێژینەوەو لێکدانەوەی گەوهەری ئەم کەمپینە ئیعلامییەی رۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی کوردیی بێت، یەکێتی،پارتی، زەحمەتکێشان، حیزبی شیوعی کوردستان وحیزبی سۆسیالیست دەکەونە خانەی حیزبە عەلمانییەکانەوە، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی وبزووتنەوەی ئیسلامی وئەوانی تریان لەبەرەی بەرامبەر ودژ بەعەلمانییەتدا دەوەستنەوە. ئیتر جێگایەك بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، چەندین رێکخراوی چەپ و کۆمۆنیست و بەشی هەرە زۆری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، رووناکبیران، ئازادیخوازان، هونەرمەندان، لاوان وجەماوەرێکی بەرینی خەڵکی مەدەنیی ولایەنگری فەرهەنگی رۆژئاوایی وپێشکەوتووانە دانەنراوە، کەمۆر و نەخشی خۆیان ناوە بەرووخساری کۆمەڵگاو ژیانی خەڵکی کوردستانەوە. ئامانجی سەرەکیی ئەم جموجوولە ئیعلامییە گەیاندنی پەیامی جوولاّنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردییە بەگوێی خەڵکی کوردستان لەرێگای ئەم وەشاندنە تەلەفزیۆنیانەوە، کەبەڵێ ئێستا کوردستان بەقۆناغی دارشتنی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا تێدەپەڕێ وسەردەمێکی ناسکی تەجروبەی دیموکراسیی وفرەیی وئەم شتانەیەو گوایا حکومەتی هەرێم سەرقاڵی مودێرنیزاسیۆن وگەشەپێدانی ئابووری وسەرمایەگوزاریی وئاوەدانکردنەوەیە. ئازادیی رۆژنامەگەریی وئازادیی بیرورا و ئازادیی سیاسیی ودیموکراسیی بەرقەرارە. پێشکەوتن وگەشەکردنی کوردستان بێوێنەیە لەئاستی خۆرەلاّتی ناوەڕاستدا وتەنانەت زۆرجار دەشیچوێنن بە ئەبوزەبی ودوببەی. هەندێجاریش منەت دەکەن بەسەر خەڵکیدا کەئەم تەجروبەیان بۆ هێناون! بەواتایەکی تر ئامانجی ئەم پەیامە سینیاڵێکە کەگوایا لایەن وهێزە عەلمانییەکان (یەکێتی وپارتی) سەرگەرمی بردنەپێشی پرۆژەی مودێرنیزاسیۆنن ونەخشەکارێکی سکۆلار جێبەجێ دەکەن لەکوردستان، بەلاّم ئەوە لایەنە ئیسلامییەکان (یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی وبزووتنەوەی ئیسلامی) ودوژمنانی کوردن بەخراپ سوود لەم ئازادیی وئاواڵەییە وەردەگرن و لەدژی ئەم پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنە دەوەستنەوەو گرفتی بۆ دروست دەکەن و بەئاراستەی تاکرەهەندیی و تۆتالیتاریزمدا دەیجووڵێنن. بەلاّم ئەگەر لەوە بگوزەرێین کەئیدعایەکی بەمجۆرە وپەیامێکی میدیایی ورووکەشی بریقەداری لەم چەشنە لەناو دیاردەی گەندەڵی وباڵکێشانی دزیی وفزیی وبێبەرنامەیی وبینەزمیی وحکومی میلیشیایی و سەرکوتی ئازادییەکان وپێشێلکردنی ماف وحورمەت وکەسایەتی ئینسان بەسەر کوردستانی ئەمڕۆدا تاکوێ بڕ دەکات؟ بزانین عەلمانییەت خۆی وەك چەمکێك ودیاردەیەکی جیهانی شارستانی مانای چییە؟ پێناسەی کامەیەو بەکردەوە دەبێ کام جێگاو رێگا بۆ ئینسان ماف وئەرکەکانی دابنێت؟، کام یاساو رێسا وسیستمی حوکمڕانیی لەکۆمەڵ وحکومەتێکی عەلمانییدا فەرمانڕەوایە؟ تا چ ئاستێك خشتەی سیاسیی ئاڵوگۆڕ و رووداوەکانی جیهان، بالاّنسی ململانێی هێزو بزووتنەوە سیاسیی وکۆمەلاّیەتییەکان لەخۆرەلاّتی ناوەڕاست وعێراقدا بواری تێدایە کە کوردستانی ژێر سایەی جوولاّنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیی،رێگای زەمینەسازیی بۆ دامەزران و بەرقەرارکردنی رژێم وسیستمێکی عەلمانیی بکاتە ئەگەرێکی عەمەلی و

واقیعی؟ بۆ ئەم مەبەستە پێموایە مەنسوور حیکمەت بەباشترین شێوە دەربارەی عەلمانییەت وەڵامی داوەتەوەو بەباشمزانی وەڵامەکەی ئەو لێرەدا بهێنمەوە. دواتر سەرنجێکی خێرا دەدەین لەبنەمای مێژوویی کەوتنە لاوەی مۆدێرنیزم وسکۆلاریزمی بۆرژوازیی لەوڵاتانی ئیسلامنشیندا بەدوای پەیدابوونی دیاردەی ئیسرائیل، پاش دەسکێشانەوەی رۆژئاوا لەپرۆژەی مودێرنیزاسیۆن وسکۆلاریزسیۆنی خۆرەڵاتی ناوەراست. مەنسوور حیکمەت، رابەری کۆمۆنیزمی کرێکاریی وەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری(پرسین) دەربارەی سکۆلاریزم بەمشێوەیە دەداتەوە( عەلمانییەت پێویستە هەر بەو شێوەیە پێناسە بکەین کەباوە. ناکرێت رادیکاڵیزمی زۆر بچەسپێنین بەم مەقولەیەوە. عەلمانییەت واتا جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت وسیستمی خوێندن وپەروەردە وفێرکردن. جیاکردنەوەی دین لەناسنامەی هاوولاتیبوون وپێناسەکردنی ماف ودەسەڵات وئەرکەکانی هاوولاتیان. کردنی ئاین بەمەسەلەی تایبەتی تاکەکان. ئەو کاتەی کەئیتر ئاینی تاکەکان لەپێناسەکردنی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی وسیاسییەکانی ئەوان ولەپەیوەندیی نێوان تاك ودەوڵەت وتاك وبۆرۆکراسیدا حیسابی بۆ نەکرێت. بەمجۆرە عەلمانییەت کۆمەڵێك هەلومەرجی لانی کەمە. بۆ نموونە من ناتوانم هەموو هەڵوێستگیریی خۆم بەرامبەر بەجێگاورێگای ئاین لەنێو کۆمەڵگادا، لەچوارچێوەی ئەم مەقولەیەدا جێبکەمەوە. من تەنیا خوازیاری عەلمانییەت نیم، بەڵکو خوازیاری خەباتی هۆشیارانەی کۆمەڵگام لەگەڵ دینەکاندا. خوازیاری ئەوەم کەچۆن بەشێك لەداهاتی کۆمەڵگا بۆ بەرگرتن بەمەلاریا ونەخۆشییە درمەکان خەرج دەکرێت، هەر چۆن لەدژی ستەمکێشیی ژنان، نەژادپەرستیی، ئازاردانی مناڵان هۆشیارانە سیاسەت دادەرێژرێت،بەهەمان شێوە وزەو توانایەك لەکۆمەڵگادا بۆ سرینەوەی ئاسەواری ئاین تەرخان بکرێت. هەڵبەت مەبەستم لەدین، دامەزراوەی دینیی وئاینییە پێناسەکراوەکانە، نەك ئەندێشەی دینیی وتەنانەت بڕوا بوون بەئاینە کۆنەکان وئەوانەی ئێستا.

من کەسێکی دژی دینم وخوازیاری ئەوەم کە کۆمەڵگا سنوورێکی زۆر زیاتر لەوەی کەلەسیستمێکی عەلمانیدا هەیە،بۆ ئاینی خۆرێکخستوو و"پیشەسازیی دینی" دابنێت. ئەگەر قانوون دیانەتەکان ناچار بکات کەخۆیان وەك کۆمپانیا قازانجهێنەرەکان ودامەزراوە ئەهلییەکان ناونووس بکەن. باج بدەن، لەژێر پشکنیندابن، یاسای کار، یاساکانی پەیوەست بەقەدەغەکردنی هەڵاواردنی جنسیی،مافەکانی منالان، قەدەغەکردنی بلاوکردنەوەی درۆ،قەدەغەکردنی تۆمەتلیێدان و ورووژاندن، یاساکانی پاراستنی گیانداران وتاد.. رەچاو بکەن، ئەگەر وەك"پیشەسازیی جگەرە" مامەڵە لەگەڵ"پیشەسازیی ئاین"دا بکرێت، تەنیا ئەو کاتە ئێمە لەهەڵوێستێکی مەبدەئی لەبەرامبەر مەودای خۆنواندنی دین لەکۆمەڵگادا نزیك دەبینەوە). بەڵام سەرەرای بوونی مەدێکی گەورەی عەلمانییەت ومۆدێرنیزم لەکوردستان، ئاسەواری ئاینی ئیسلام بەهەموو کون وقوژبنێکی ئەم کۆمەڵگاوە چەسپێنراوە. سەرباری هەزاران مزگەوت، خوێندنگای ئاینی و وەزارەتی ئەوقاف ودامودەزگای دیکەی پەخشی خورافاتی ئاینیی، بودجەو پارەوپولێکی زۆر بۆ ئەحزابی ئیسلامی هەڵرژێنراوە. ئاین ئاژین بۆتە ناو پرۆسەی خوێندن وپەروەردەوە ودەور ودەخالەتی راستەوخۆی هەیە لەژیانی تایبەتی وهەڵسوکەوتی فەردیی وبەکۆمەڵی جەماوەری خەڵکدا. جێگای پێکەنینە لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی لەمجۆرەدا ئەگەر کەسێك بێت ئەم دەور ودوکانە بچووێنێت بەرژێمێکی عەلمانیی. فەتوای کوشتنی ژنان، ئازادیخوازان، نووسەران وخەڵکی چەپ وکۆمۆنیست لەمزگەوت وزۆرجاریش لەتەلەفزیۆنەکانیانەوە، نزیکایەتی ئەم حکومەت ودەسەڵاتە زیاتر لەتالیبان وکۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێرانەوە نیشان دەدات، نەك لەکۆمەڵی مەدەنییەوە. بەپێی قاعیدە هێنانە ئارا وبەرپاکردنی رژێم وسیستمێکی عەلمانیی لەخۆرەڵاتی ناویندا دەبووایە پەیامی مێژوویی جووڵانەوە بۆرژوازییەکان وکاپیتالیزمی تازە هەڵچووی ولاتانی لەچەشنی ئێران، عێراق وسووریا بووایە لەسەدەی بیستەمدا. دەبوو ئەنجامدانی ئەمە نەخشەکاری لیبرالیزم،ناسیۆنالیزم، مودێرنیزم وغەربگەرایی بۆرژوازیی بووایە. رۆژگارێك بوو بۆ دەورەیەك وادەهاتە پێش چاو کەپرۆسەیەکی لەمجۆرە لەسەرەتای سەدەی رابردوودا هەرچەند کیسەڵیی ونیوەناچڵە، بەڵام کەوتۆتە سەر تل. کەچی ئەم بزووتنەوانە لەسالانی حەفتاکاندا بەهۆی پشتهەڵکردن وپەشیمانبوونەوەی خۆرئاواوە لەپاڵپشتیکردن و تەواوکردنی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن وگواستنەوەی تەکنۆلۆژیی ونەشونمای کاپیتالیستی و ئەم شتانەوە بۆ ئەم ناوچەیە، بەتایبەت بەدوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسرائیلدا، تەمەنیان کۆتایی پێهات وبەکردەوە پرۆژەی گەشەپێدانی رۆژئاوایی راوەستاو قەیرانی حکومەتی سەریهەڵدا وگێژاوی فیکریی وئایدیۆلۆژیای سایەی خستە سەر تەواوی ناوچەکە. بەشوێن ئەم ئاڵوگۆڕە لەهەڵوێستی خۆرئاوادا جووڵانەوە سەربەخۆیخوازەکان لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەندا لەزۆرینەی حاڵەتەکاندا دەوڵەتی پرۆ غەربییان پێکنەهێنا. بەڵکو رووخان وپووکانەوەی دەسەڵاتی بنەماڵە پاشایەتییەکان بووە مایەی سەرهەڵدانی دەوڵەتی میلیتاریست وداپڵۆسێنەرەکان کەبەشی زۆرینەیان لەکێبەرکێی بلۆکی رۆژهەڵات ورۆژئاوادا کەوتنە نێو بازنەی دەسەڵات ونفوزی بلۆکی سۆڤێتەوە. شکڵگرتنی کاپیتالیزم وپرۆسێسی پیشەسازیکردن لەوڵاتانی خۆرەڵاتی ناوەراستدا بەگشتیی لەرێگەی دەوڵەتە ناسیۆنالیستیی وتۆتالیتارییەکانەوە بلاوبۆوە. بەکردەوە کۆمەڵگایەکی مەدەنی بۆرژوازیی بەمانای وشەکە نەهاتە ئاراوە. هەر بۆیەش لیبرالیزم ومۆدێرنیزمی بۆرژوازیی بەنەزۆکیی لەحاشییەی کۆمەڵگاکانی خۆرەڵاتی ناوەندا بوونە تەماشاچی ئاڵوگۆڕەکان وهەرگیز وەکو دوو بزووتنەوەی موعتبەر وبەسەنگ دەرنەکەوتن لەخۆرهەڵاتی ناویندا. جووڵانەوە ناسیۆنالیستییە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە تابگات بەباڵە ئۆپۆزیسیۆنە پەراوێزەکانیشیان، چ ئەوانەی لایەنگری سۆڤێت بوون وچ ئەوانەشی هەواداری خۆرئاوا، بەگشتیی هەمیشە لەهاوپەیمانییەکی سیاسییدا بوون لەگەڵ ئیسلامدا. لەبنەرەتدا سکۆلاریزم لەناو رەحمی کاپیتالیزمی خۆرئاوادا هەر ئەوسا، واتە لەکۆتایی شەستەکان وسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لەباربرا. ئیتر هیچ کات بەوێنەی کاردانەوەو بەرهەمێکی فیکریی، سیاسیی وئیداریی گەشەو پەرەسەندنی کاپیتالیزم لەخۆرهەڵاتی ناوەراستدا نەهاتە ئاراوە. بەم پێیە بۆرژوازیی ناوچەکە نە ئەوسا ونەئێستاش نەخشەکارێکی سکۆلاریستیی پێ نەبووەونییە، یان تەنانەت تواناو کارامەیی هەڵوێستگیرییەکی بەمشێوەیە بەشان وشەوکەتییەوە نابینرێت. دامەزراندنی سیستمێکی سکۆلار ئیتر بەکردەوە سەردەمانێکە بۆتە ئەرکی جووڵانەوە سۆشیالیستیی و کرێکارییەکان. ئەمەش زەمینەو مەسەلەیەکە کەسەرکەوتنی چەپ لەوڵاتانی خۆرەڵاتی ناوەراستدا دەکاتە ئەگەرێکی واقیعی وپراکتیکی. خەڵکی ئەم ناوچانە بەشێوەی گشتیی خوازیاری رژێمێکی سکۆلاریستین، لەنەبوونی بەرەیەکی عەلمانیی وراسترەوانەدا خەڵکی لەدەوری پەرچەمی کۆمۆنیست کۆ دەبنەوە بەمەرجێك ئامادەیی خەباتێکی ریشەیی وهەمەلایەنەی تێدابێت لەدژی سایەو هەیبەت وباڵادەستیی ئاین.

# که کوردستان کرا بەدوو زمان ودوو میللەت.. بۆچی عێراق نەکرێ بەیەکزمان ویەك میللەت؟

**موحسین جوامێر**

بۆ کورد، مادده هەرە بەهێزەکەی لەدوا دەستووری عێراقدا هاتووە،ماددەی چوارەمە کەدەڵێ:( زمانی عەرەبیی و زمانی کوردیی دوو زمانی رەسمیی عێراقن). وێڕای پاشکۆکانی ماددەی نێوبراو کەدەبێ بەیاسا جێبەجێ بکرێن، وەك: ا- دەرچوواندنی رۆژنامەی رەسمیی بەهەردوو زمان. ب- قسەکردن، وتاردان ودوان لەکایە رەسمییەکاندا، وەك پەرلەمان، ئەنجوومەنی وەزیران، دادگا وکۆنفرانسە رەسمییەکان، بەهەرکام لەم دوو زمانە. ج- دانان بە بەڵگەنامەی رەسمیی بەهەردوو زمان. د- کردنەوەی قوتابخانە، بەهەردوو زمان، بەپێی مەرجە پەروەردەییەکان. هـ-بێجگە لەکایە وبواری دیکە وەك دراو، پاسەپۆرت وپوول.

هەڵبەت ئەوەی وترا، دیاردەیەکە بڕوا ناکرێ رۆژێك لەرۆژان لەوڵاتێکی وەکو تورکیا سەرهەڵبدات، مەگەر موعجیزەیەك روو بدات، ئەوجا ئەم مادده دەستوورییە، ئەگەر بێتوو بەرێکوپێکی پیادە بکرێت، زمانی کوردیی بەرەو قۆناغێکی ناوازە وهەرە باڵا فراژی دەبێت. خەڵکی غەیرە کورد پۆل پۆل، بەشەوقەوە فێری دەبن وپەیتا پەیتا بەرهەمە کوردییەکان وەردەگێڕنە سەر زمانەکانیان. یەکسانکردنی زمانی کوردیی لەگەڵ زمانی عەرەبییدا - کەرەنگبێ تاکە زمانی دنیا بێت کەهەرگیز ئاسەواری تێکنەچێت- وەلێ بەمەرجێك وەك تاکستاندار سنگ بهێنێتە پێشەوە، نەك کردنی بەجووت ستاندار یان چەند ستاندارد، هەروەك هێندێك کورد خەریکن تەپکەداوی بۆ دەنێتەوە وتەنانەت سەر لەلایەنە عێراقییەکانیش کەلەگەڵ کورددا رێککەوتن وزمانی کوردییان کردووەتەوە، خاڵێکی هەرە گرنگی دەستوور، دەشێوێنن ودەیان نیشانەی پرسیار وسەرسوڕمانی پڕ لەگومانیان لەسەر و مێشکدا بۆ دەخولقێنن. هاوکات،دەبوو ئەو زمانەی لەکوردستانی فیدراڵیدا گەرای خستووە، بکرایەتە ژێرخانێك بۆ هەموو کورد ودیالێکتەکانی دیکە، وەك چۆن تورکیا هەمیشە لەخەباتدایە بۆ کۆکردنەوەی هەموو تورکیی زمانەکانی دنیا بەدەوری تورکیی ئەستەنبۆڵیدا، سەرکەوتوویش بووە تێیدا. هەر گەلێکی دنیا بگریت، بەتاکە زمانێکەوە گەلە، کەبوو بەدوو دیالێکت و بەهەرتکان خوێندرا، حەتمەن دەبێ بەدوو میللەت، هەتا ئەگەر نووسەری ئاغاگەلی وایش هەڵکەون وفەتوایان بدەن بەوەی ئەگەر کورد بەزمانێك خوێندیان، ئەوە رووبەڕووی گەورەترین کارەساتی نەتەوەیی دەبنەوە، کەئەمەیان ئەگەر لەنەفامیی وحیساباتی دیکەوە، سەری هەڵنەدابێت، ناتوانیت هیچ ناوێکی دیکەی لێبنێی وبەهیچ پێوەرێکی ئەقڵ و زانست، بیپێوێت. بانگەواز بۆ لەهجەگەل و هاوکات وەستان لەرووی بانگەواز بۆ یەك ستانداردیی ویەك میللەتیی و تۆمەت خستنە پاڵ ئەوانەی هاواری بۆ دەکەن وشەونخوونن بۆی، هەموو مانایەك بۆ خەبات بۆ کوردوکوردستان پێشێل دەکات. کەکوردی خانەقین بەزمانێك وکوردی دهۆك بەزمانێکی دیکە، خوێندیان، کەئەمەش بەرەبەرە بەرەو هێنانە کایەی دوو قەومییەت لەخودی یەك وڵاتدا دەبات، باشە ئەوسا ناوەڕۆکی ماددەی چوارەمی دەستووری عێراق (زمانی عەرەبیی وزمانی کوردیی، دوو زمانیی فەرمیی عێراقن). چ کاریگەرییەکی ئەوتۆی دەمێنێ وچ ناواخنێك دەخۆی دەگرێت؟ ئاخۆ کامە زمان، سۆرانی یان بادینی؟ ئایا دەبێ هەرتك هەم کوردیی بن وهەم فەرمیی؟ چما لەدنیادا نموونەی ئەمجۆرە حەنەك وفشقییاتە هەیەو هەبووە؟ئەی ئەگەر کورد، یەك میللەت بن، بۆ بەیەك زمان ناخوێنن؟ ئاخر ئەوانەی پێشوو، پرسیارگەلێکن ئەمڕۆ نەبێت، لەداهاتوودا، پیاوانی سیاسەتمەداری عێراقیی وغەیرە ئاڕاستەی کوردانی دەکەن وهاوکات ئاورێك لەناواخنی دەستووری عێراق لەمەڕ زمانی کوردییەوە دەدەنەوە. چونکە ئەم مەسەلەیە دەق وەك ئەوە وایە تۆ لەپاڵ ئەو زمانە عەرەبییەی ناوی هاتووەو دیارە کامەیە، لەهجەیەکی عێراقیی -ئەویش هەر عەرەبییە- رەتبکەیتەوەو بەدزیی لەپەنای ماددەی دەستوورییدا حەشاری بدەیت، کەئەمەش مەحاڵە، وەك مەحاڵبوونی دوو سەرۆك دەوڵەت بۆ وڵاتێك، یانژی دوو سەرۆك بۆ حیزبێك. ئێمەمانان کەهەمیشە هەروەك چۆن فێرین شەق لەبەختی خۆمان دەدەین، ئاواش ئەمڕۆ هەڵمانکوتاوەتە سەر ئەو زمانەی نزیکەی سەد ساڵە بەفەرمیی ناسراوەو هەر هیچ نەبێت لەبەشێکی کوردستاندا کۆمانی کردووەتەوە. ئەرێ، تەنانەت غەدر لەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین، دەکەین، کاتێ داوای هەقی کوردان وەك یەك میللەت دەکەین، کەئاوەها نییە. چونکە ئەوەی تۆزێك زانستی مێژووی گەشەسەندنی زمانان بزانێت، ئاگادارە لەوەی ئەگەر لەهجەیەك کەلەپاڵ ئەم زمانە ستانداردە کوردییەی هەیە، خوێندرا، ئەوە بێ سێ ودوو وگرەو لەسەرکردن، دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ وزمانی دایە گەورەش لەگرێژەنە دەردەچێت. واتە، بادینییەکان پاش نەوەیەکی دیکە - ئەگەر رەوشە زمانییەکە هەر ئاوەها بمێنێتەوە، کەهیوامانە زوو چارەسەر بکرێت- دەبنە گەلێکی جوداو بۆ کەرکووکییەك وسلێمانییەك، وەك عەرەب وتورکیان لێدێت، پێچەوانەش بەپێچەوانەوە. سەرەتای ئەم لێکدابڕانە نەتەوەییەش، هەر لەهەنووکەوە سەریهەڵداوە، وەك ئەوەی تەلەفزیۆن وسایتەکان دەیکەن،بەوەی زمانەکەیان بۆ سۆرانی وکرمانجی پۆلێن کردووە. کەپێشترێ کتێبە نایابەکەی (زمانی یەکگرتووی کوردیی) مامۆستای هێژا (جەمال نەبەز)م خوێندەوە، شاگەشگە وپڕ هیوا بووم. وەلێ کەوتاری ئەم دواییەی بەڕێزی لەژێر نێوی (لەبراکوژیی گییانییەوە بۆ براکوژیی زمانیی) دەخوێنمەوەو دەبینم بەزۆریی سەرقاڵی حیساباتی شەخسییە وچارەنووسی زمانی هەڵپەساردووەو بەقەدەری سپاردووە، چۆکم شل دەبێ وهەمدیس یەکسەر کۆمەڵە پرسیارێکم بەزەیندا دێن ولام گەلاڵە دەبن: داخوا ئەگەر سنوورێك بۆ ئەم پاشاگەردانییە زمانییە دانەنرێت، چ شتێك کوردان بەیەکەوە گرێدەدا؟ ئەگەر مەسەلە خاکوخۆڵ بێت، ئەوە هاوکات هەموومان لەگەڵ عەرەب، تورك وفارساندا، هاوخاکین! ئەگەر قسەی بەندە تەنانەت پەڵەیەکی راستیی تێدا بێت، ئەوسا زاتی ئەوە دەکەم بێژم: مادەم کوردستان بەرەو ئەوە دەچێت - وەك چۆن عێراق دوو زمانی فەرمیی تێدایە - ببێتە شیمالی عێراق و دوو زمان دەخۆ بگرێت، ئاخۆ چاکتر نییە - بەهەموارکردنی دەستووری بەغدا- سەرجەمی عێراق بکرێت بەیەك زمانی فەرمی وئەم ئیشکالە گەمژەیە لەئارادا نەمێنێت وچیدیکە ئەو وڵاتەی تا قاق قیامەت کرا بەمێردمان و وڵاتانی دەوروبەریش، نەکەونە نێو قوڕاوی لەهجەکانی زمانی کوردیی؟! سەرباری ئەوەی گەلێك بەچوار زمانەوە کەی پێیدەوترێت: کورد، خاکێك بەچوار گەلەوە، زوڵمە پێی بوترێ: کوردستان؟!.

# مێنتەلیێتیی خێڵ و زمانی یەکگرتوو



**حەمەفەریق حەسەن**

نزیك بەسەدەیەکە کورد لەم باشوورەدا بەشێوە زمانێك ئاشنایە، ئەم شێوە زمانە رۆژ لەدوای رۆژ لەهەڵشکاندایە ولەبواری فەرمیدا هێژاو کارایە. واتە نهۆ زمانی فەرمیی هەرێمە ئەگەرچی بەپێی یاسایەك بڕیاری لەسەر نەدراوە وجاڕی بۆ نەدراوە. ئەوەتا لە قوتابخانەکاندا پێیدەخوێندرێ و ئەدەبیاتی پێدەنووسرێ. ژمارەیەکی زۆر گۆڤار و رۆژنامە بەم شێوەزارە پەخش بوون وپەخش دەبن. دەشێ بڵێم لانیکەم ئەم زمانە بۆتە ناوکێك بۆ زمانی یەکگرتوو. ئەم زمانە لەسەر دەستی ژمارەیەکی زۆر لەکەسانی زمانزان و زماناناس و مێژوونووس و شاعیر و چیرۆکنووس و رۆماننووسدا، بەکۆڕی زانیاریی کوردیشەوە گەشەی بەرچاوی سەندووە و شکلگیربووە. بەزاراوەی شێوە زارەکانی دیکە دەوڵەمەندتر بووە. ئێستا خاوەنی زەمینەیەکی هێندە پێگەیشتوو و بنکە فراوانە، دەکرێ جێ بۆ تەواوی دیالێکتەکان بکاتەوە، تاکو لەبن باڵیدا خۆیان بنوێنن. رێکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠یش گروتینی دیکەی پێبەخشی، کاتێك بە بەربڵاویی پرۆگرامی خوێندنی پێنووسرا و بەدوایدا بەهەزاران زاراوەی لەبوارەکانی کیمیك و فیزیك و ئەندازەو زۆرینەی زانستەکاندا لێکەوتەوە. جگە لەو هەزاران کتێبەی، کە پێینووسراون و نامەخانەی کوردییان پێ ئاوەدانە. ئێستاشی لەگەڵدابێ لە گەشەسەندندایە. بۆیەکا لەتەواوی شێوەزارەکانی زمانی کوردیی، لەسەرزاران خۆشتر و شیاوتر و رەوانترە. ئەم زمانە شیرینە کاراو زیندووە، لەلایەن خودی مستەفا بارزانی و تەواوی سەرکردە سیاسییەکانی پێشترەوە، بەشێخ مەحموودو پێشەوا قازییشەوە مامەڵەی پێکراوە. کەچی ئێستا، لەروانگەی خێڵەکییانەی رووتەوە، کەسانێك پەیدابوون، دەیانەوێ دیسان بمانبەنەوە سەردەمی خێڵە تەرتەوەرتەکانی سەدان ساڵ بەری نهۆ. لەکن مرۆڤی خێڵەکی (سۆز) تەنگی بە (ئاوەز) هەڵچنیوە. بۆیە هەر خێڵەو زارو شێوە زار و ورد و درشتی عەنعەنە و تەنتەنە و فیگەرەکانی خۆی بەلاوە پەسەند و (پیرۆزە!) و جارێکی دیکە دەیانهێننەوە پێشچاو، نمایشیان دەکەن و گۆرانی بەبالآیاندا هەڵدەدەن. تاکی خێڵەکی بە نەنگی و شان کورتیی دەزانێ، لەهەرەتی قۆناغێکی مێژوویی ولێهاتوویی هەڵکشان وشکلگیربوونی نەتەوەیەکدا دەستبەرداریان ببێت. بۆیە کۆسپ لەپێش هەوڵە دەستە جەمعییەکاندا قووتدەکاتەوە. حکومەت و حەشیمەتی پایتەخت (هەولێر) ئەم زمانە بەکار دەبا. باشە لەکوێی ئەم جیهانەدا باوە، پایتەخت شێوەزمانی کەنار بەکاربێنێت؟ ئایا پایتەخت وحکومەتی هیچ نەتەوەیەکی دنیا قەبووڵی دەکات هەر شێوەزارێك و بۆ خۆی و بەدیالێکتی خۆی پرۆگرامی خوێندن چاپبکات؟ خاوەنی ئەم مێنتەلیێتییە گوێ بە بەرژەوەندیی گشتی نادەن، چونکە (وەلا)و گوێڕایەڵییان تەنیا بۆ خودی خۆیان و خێڵەکەی خۆیانە نەك بۆ نەتەوە. لێرەشەوەیە، کە کۆسپ لەرێی بەفەرمی ناسینی ئەم زمانە زیندووەدا قووتدەکەنەوە. پێداگرتن لەسەر شێوە زار و بنزار، گووتە سەقەتەکەی خێڵمان وەبیردێنێتەوە کە دەڵێ، (شەندە لەمەندە کەمتر نییە!) وەلێ خێڵەکان تەنیا لەنێوان خۆیاندا ئەم وتەیە دەخەنە واری کارەوە، دەنا ئەگەر لە هەمبەر بیانیدا پەیڕەویان بکردایە ئەوا ئێستا ماڵ لەو هەوارە نەدەبوو. بەڵکو وەك ئەوان پێیان لەسەر زمانی یەکگرتوو دادەگرێت. ناوەڕۆکی ئەم مێنتەلیێتییەش بۆ سەردەمی خێڵە ئیگۆییستە ناتەباو بەشەڕ هاتووەکانمان دەگێڕێتەوە. وەلێ ئەم شێوە زار و بنزار مەزنییە، کە لەسەرچاوەی تەسکی خێڵەکییانەوە ئاو دەخواتەوە، ئەگەر پەیڕەوکرا، ئەوا لەکایەکانی دیکە گەلێك مەترسیدارترە، چونکە لەگەڵ رۆژگار و

بەرەو پێشچوونی (زەمان)دا کورد لەوە دەخات، وەك نەتەوەیەکی یەکگرتوو بەدیار بکەوێ و خۆی بنوێنێ. بەڵکو دەیکاتە چەند خێڵێکی پەڕاگەندەی سەرلێشێواو، ئەوسا ئەگەری ئەوەش دێتە کایەوە ئەو شێوازە زار و بنزارانە لەداهاتووی دووردا هەریەکەیان ببێتە زمانێك و ئیدی ئێمەی کورد بەتەواوی لێکدابڕێین و کۆتاییمان پێبێ، یان یەکنەگرینەوە، چونکە ئەوەی ئێمە وەك نەتەوەیەك هێشتۆتەوە زمانە. سەرێکی دیکە زمان وەك (دراو) وەهایە. هەتا دراوی نیشتمانی بەهێز بێ مانای وایە ئابووریی ئەو وڵاتەش بەهێزە. زمانی بەهێزیش لەتەواوی بوارەکاندا رەنگ دەداتەوە. ئەگەر دوو دیالێکت یان پتر بخەینە واری رەسمیاتەوە، تەواو وەك ئەوە وایە وڵاتێك بەدوو دراوی نیشتمانی یان پتر مامەڵە بکات!! لەدۆخی وەهاشدا هەر دراوە و لەبەهای ئەوی دیکە دادەبەزێنێ. ئەوسا لەبری گەشەی ئابووریی قاتوقڕیی دێتە ئاراوە. تەواو وەك ئەو دۆخە ئابوورییە داتەپیو و ناجۆرەی، کە هەتا دوای رووخاندنی سەددامیش لەئارادابوو. ئەوەبوو بەدوو جۆرە (دراو) مامەڵە دەکرا (ئەسڵ و چاپی بەغدا)! جەختکردن لەسەر شێوە زار، دیاردەیەکی پڕ مەترسییە. ئەوەتا زمانی عەرەبی، کە چەندین سەدەیە لەلایەن زانایانی زمانەوە، بەعەرەبو بیانییەوە خزمەت دەکرێ. بۆ خۆشیان هەتا دوێنی بوو لەو بڕوایەدا بوون، کە لەرێی قورئانی بەخشندەوە پارێزراو دەبێ. شۆڤێنییە عەرەبەکان بە (زمانی ئەهلی بەهەشت) دەیانناساند!! کەچی ئێستا هەژموونی شێوە زارەکان کارێکی کردووە، پسپۆرانی کۆڕی زانیاریی عەرەب لە وڵاتی میسر (**المجمع العلمي العربي**) بگەنە ئەو بڕوایەی بەئاشکرا هاواریان لێهەڵبسێ.. ئەوەتا (**د. علی القاسمي**) لەوتارەکەیدا بەناوی (**إنقراض اللغة العربية خلال القرن الحالي**) نووسیوویەتی، کە زمانەکەیان، بەمەرەی زمانی لاتینی دەچێ، کاتێك لەبری (لاتینی) شێوەزارەکانی ئیتالی و فەرەنسی و ئیسپانی و پورتوگالی هاتنە پێشەوە و بوونە زمانی سەربەخۆو ئیتر بەو شێوەیە زمانی لاتینی لەبەینچوو. زمانی عەرەبیش هەمان دەستوور، لەم سەدەیەدا لەبەین دەچێ و سێ شێوە زاری سەرەکی جێی دەگرنەوە، ئەوانیش شێوەزاری ئێستای مەغریبی و میسریی و عێراقییە. بەندە چەندین جارم لە مەغریبییەکان گوێ لێبووە، وتوویانە: (ئێمەی مەغریبی شانازیی بەوەوە دەکەین، کە ئێمە لە هەموو شێوەزارەکانی زمانی عەرەبی تێدەگەین بەڵام ئەوان هیچکامیان لەئێمە تێناگەن!) لەو راپۆرتەدا، کە (لەبنەڕەتدا راپۆرتی کۆڕی زانیاریی عەرەبە) وەك هەر کارێکی ئەکادیمی، بێ پێچ و پەناو بەتەواوی هێنراوەتەوە، چەندین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو مەترسییەی باسمکرد هێنراوەتەوە. ئەوان پێیانوایە و جەختیشی لەسەر دەکەن، کە قورئان لەم رووەوە هیچی پێناکرێ، چونکە هەرچی قورئانە تەنیا (سی دەرسەدی) پێکهاتەی زمانەکەیانەو با وجوودی قورئان فشاری شێوە زارەکان تەواو جیددی و کاریگەرن.

لێرەوە ئەوە بەدیاردەکەوێ، کە هەژموونی ئەم نەزمە نوێیەی جیهان لەسەر زمان هەتا چ ئاستێك مەترسیدارە. بەتایبەت بۆ سەر زمانی گەلێکی کەرت و پەرتکراوی بێکیانی وەك ئێمەی کورد.. باشە نهۆ ئێمە، کە لانیکەم لەم بوارەدا دەتوانین خۆمان بڕیاردەر بین، ئیدی گلەیی ئەم دیاردەی فرە زارییە لەکێی دیکە بکەین، غەیری ئیدارەکەی خۆمان؟ بەندە لێرەدا هیچی دیکەی ئەوتۆم نییە تاکو بیهاومە سەر هەوڵی کۆمەڵێك رووناکبیریی بەدەربەست، کە لەم بوارەدا کاران. ئەوەندە نەبێ، هێڵی بەبندا دەهێنم، کە دەستگرتن بەشێوە زارو بنزارەوە ماکەکەی لەمێنتەلێتیی خێڵەکییانەی تەسکەوە سەرچاوە دەگرێ، خۆ خێڵە عەرەبەکانیش هەتا پەڕاگەندەو بەیەکدا هەڵشاخاو و ناتەبابوون، خاوەنی زمانی یەکگرتوو نەبوون. هەتا هەر دەڤەرە و شێوە زاری خۆی لەکاروباری فەرمیدا بەکاربباتئەوا ئێمە نەتەوە(**Nation**) نین، بەڵکو کۆمەڵە خێڵی پێکەوە هەڵنەکردوو، پێکەوە نەلکاوی پەڕاگەندەین.. ناشتوانین بڵێین، لە بندەستی رزگارمان بووە. چونکە هەرە گرنگترین پڕۆژەی گەلانی بندەستی لەدوای رزگاربوونیان لە ئیمپریالیزم، گەڕانەوەیە بۆ زمانی رەسەنی خۆیان و پشکردنە زمانی بیانییە. وەك ئەوەی جەزائیریی و مەغریبییەکان کردیان. جەزائیرییەکان، دوای کشانەوەی فەرەنسا، بۆ بەعارەبیکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن، مامۆستای زمانی عەرەبییان (ستاندارد) لەعێراق خواست. ناکرێ گەلێکی بێزمانی ستاندارد بە گەلێکی ئازاد بێتە ژماردن! ئێستا ئێمەی کورد، لەرووی زمانەوە لەدۆخی خێڵە عەرەبی پەڕاگەندەی بەر لە نازڵبوونی قورئاندا دەژین. چونکە زۆرێك لە شێوەزارەکانی کورد زانست ومەعریفەتیان پێکۆناکرێتەوە پێشیان نانووسرێ. واتە ئێمەی کوردیش ناتوانین لەدۆخی (بەداوەت)ەوە بادەینەوە سەر شارستانییەت. زمان خاوەنی بونیادێکی سیاسییە، زمانی پەرش وبڵاو سیاسەتێکی شل و شێویشی لێ بەرهەم دێ. زمانی یەکگرتوو پێگەی ئەوێتی (هویە) نەتەوایەتی پێبەهێز دەبێ لەکاتێکدا فرە زاریی دەبێتە مایەی هەلار بوون و بێهێزبوونی ئەوێتیی نەتەوایەتی، چونکە تاکەکان دابەشدەبنە سەر کۆمەڵێك دیالێکت و بەم پێیەش هەر دەستەیە و گوێڕایەڵی بۆ شێوەزاری خۆی دەبێ. ئەمەش لەخۆیدا مەترسییەکی گەورەیە. خۆ زمان هەر بەتەنیا هۆی پێوەندیی و لێك تێگەیشتن نییە، بەڵکو ئەوێتیی (هویە) سیاسیشە. ئەگەر دووکەرت بوو، ئەگەری ئەوەش دێتە پێش، کە دەسەڵاتی سیاسیش بەخۆیەوە دووکەرت بکات.



# تورك كێن؟ ئەتاتورك كێیە؟
# چۆن بێ خاكو وڵات، توركیا دروست بووە؟



**خەبات لاوباخ**

تاسەردەمی یانزەهەمینی (١٠٧١)زایینی نەتەوەیەك بەناوی (تورك)ەوە لەئاسیای بچووك (توركیای ئێستا) بوونی نەبوو، تا ئەو سەردەمە تەنیا كوردوئەرمەنی ویۆنانی ولازو چەند نەتەوەیەكی تر، كەئێستا تواونەتەوە ژیاون و لەلایەن چەند دەسەڵاتێكی جیاوازەوە بەڕێوەچووە وەك: ئەرمەنی،یۆنانی،فارس،ڕۆمەكان وجارێكی تر یۆنانییەكان ودواتر بیزەنتینەكان، تاساڵی ١٠٧١ لەلایەن سەلجوقییەكانەوە (كە ئەمانە دوو تیرەی قەرەجی كۆچەریی نەناسراو بوون، كە ناویان - ئاق پۆینلۆ وقەرە قۆینلۆ- بوون،كە لەئاسیای ناوەڕاست ورۆژئاوای چین روویان لەم ناوچەیە كردبوو بۆ بژێویی ژیان)، توانیان بیزەنتینییەكان بشكێنن وشوێنەكەیان لێ داگیربكەن، ئەم تیرەیە لەسەرەتاوە شەڕانگێزو داگیركار بوون وخاوەنی هیچ كولتوورێك نەبوون. دواتر سەلجوقییەكان لە ساڵی ١٠٧٧ زاینیدا توانیان میرنشینێك دروست بكەن و دەست بكەن بەداگیركاریی ترو ناوچەكەیان فراوان بكەن. تا هێرشی مەنگۆلەكان (كە خزمایەتیان هەیە بەیەكەوە) بۆسەر ئاسیای بچووك سەلجوقەكانیان بێ هێزكردو پەرتو بڵاوەیان پێكردن، هەریەك ناوچەكەی خۆی بەڕێوە دەبرد، تا یەكێك لەتازە دەرەبەگانەی سەلجوقی بەناوی (بەیلیكان) خۆی گرت و دواتر ئیمپراتۆری عوسمانی لێ پەیدابوو. لەساڵی ١٢٩٩ عوسمانی یەكەم توانی بەردی بناغەی ئیمپراتۆریی عوسمانی دابرێژێت (لە ساڵی ١٢٥٩ تا ١٣٢٦ ژیاوە). ساڵی ١٤٥٣ توانیان شاری قوستەنتەتینیە (ئەستەمبولی ئێستا) بگرن وناوەكەی بگۆڕن، هەروەك چۆن ناوی شارە كوردییەكانیان گۆڕیوە لەدوای داگیركردنیانەوە، دواتر زۆربەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفەریقایان گرت و هەنگاویان نا بەرەو قەوقازو باڵكان، تا نزیك ڤییەنا گەیشتن و (لە كالنبێرك) لەساڵی ١٦٨٣ سوپاكەیان تێكشكێنراو تا دەهات ناوچەكانیان لێ پاك دەكرایەوەو تا گەیشتە نزیك شاری ئەستەمبوڵ. تا لە سەدەی ١٩هەمدا لەشەڕی جیهانی یەكەم،ئیمپراتۆرەكەیان لەناوبراو و بەدۆزەخ سپێردران. لەدوای شەڕی جیهانی یەكەم پەیمانی ئاشتی سیڤەر بەسترا بۆ دابەشكردنی میراتی عوسمانییەكان، كە بەشی كوردیشی تیابوو، بەڵام تورك بەمە رازی نەبوو. مستەفا كەمال (ساڵی ١٩٣٤ لەلایەن پەرلەمانەوە نازناوی ئەتاتوركی

پێدرا) لەساڵی ١٩١٩ شەڕی بەرگریی سیاسی وچەکداریی لەدژی ئەو بڕیارانە راگەیاند. شەڕ لەگەڵ یۆنانییەکاندا بەردەوام بوو تا گرتنی شاری سمیرنە (ئەزمیری ئێستا، کە زۆربەی یۆنانی بوون) لەساڵی ١٩٢٢. لەدوای سەرکەوتنی تورکەکان پەیمانی لۆزان لەساڵی ١٩٢٣زایینیدا بەستراو هەموو بڕیارەکانی پەیمانی سیڤەر رەتکرانەوە بەسوودی تورکان. ٢٩-١٠-١٩٢٣ لەلایەن ئەتاتورکەوە بانگەوازی کۆماری تورکیای مۆدێرن درا. ئەتاتورك لەساڵی ١٨٨١ لەشاری سالۆنیکی یۆنانی هاتۆتە ژیانەوەو لەساڵی ١٩٣٨ لەئەستەمبول مردووە، باوکی ناوی عەلی رەزا بووەو تورکمان بووە، دایکی ناوی زوبێدە حەنیم بووەو خەڵکی کۆنیا بووە، لە ٥ مناڵ، تەنیا کچ و کوڕێکیان ماوەو کاتێك مستەفا ٧ ساڵ بووە، باوکی مردووەو دایکی نەیتوانیوە کچ و کوڕەکەی بژێنێت وچۆتە لای براکەی بۆ بژێویی ژیان لەلادێیەك و نەیتوانیوە کوڕەکەی لەوێ بخوێنێت و ناردوویانە بۆلای پورێکی لە (سالۆنیك) تا بچێتە قوتابخانە. لەتەمەنی ١٢ ساڵی بەدزی دایکییەوە چۆتە قوتابخانەیەکی ناوەندیی سەربازیی و لەساڵی ١٨٩٥ تەواوی کردووەو دواتر چۆتە قوتابخانەیەکی باڵاتری سەربازیی و لەساڵی ١٨٩٩ تەواوی کردو چووە ئەکادیمیای سەربازیی لە ئەستەمبوڵ و لەساڵی ١٩٠٥ کۆتایی پێهێنا ودواتر لەشاری دیمەشق دەستبەکاربوو، توانی شوێنی سەرکردەیی بەدەستبهێنێ، پەیوەندیی پەیداکرد لەگەڵ ئەندامێکی پێشووی بزووتنەوەی بەرهەڵستکارانی لاوانی تورك کە لەساڵانی ١٨٧٨ دروست ببوو، هەوڵی دروستکردنی ئۆرگانێکی نهێنیاندا بەناوی (وڵاتی باوك و ئازادیی)و دەستیکرد بەئەندام پەیداکردن و تا لەلایەن بەرپرسێکی سەربازییەوە پشتیگیریی لێکراو لەساڵی ١٩٠٦ نێردرایەوە بۆ شاری (سالۆنیك)، لە پاشدا گواستراوەتەوە بۆ چەند شوێنێکی تر و لەچەند شەڕێکدا بەشداریی کردووە تاکو ساڵی ١٩١٩. لەساڵی ١٩٢٠ دوای کۆنفراسی ئەرزڕوم و سیواس بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی نەتەوایەتی درا لەئەنقەرەو کرا بەسەرۆکی ئەنجومەن، سوپای رزگاریخواز دروستکراو لەساڵی ١٩٢١ بەسەرکردایەتی عیسمەت پاشا دژی لەشکری یۆنانی جەنگان و لە ٢٢-٨-١٩٢٢ مستەفا کەمال توانی بەتەواوەتی بەسەر یۆنانییەکاندا سەربکەوێت وپەیمانی سیڤەر بەتاڵ بکاتەوەو بۆ سوودی خۆیان پەیمانی لۆزان واژۆ بکەن، نزیکەی ملیۆن ونیوێك یۆنانی ناچاربوون تورکیا بەجێ بهێڵن و نیو ملیۆن تورکیش، یۆنان بەجێ بهێڵن. بەکورتی ئەگەر بڕوانینە مێژووی ئەم وڵاتە، پێکهاتووە لە خاکێکی دزراو و داگیرکراو و کولتوورێکی تێکەڵاو ومیللەتێکی دروستکراو لە (سەلجوقی یا تورك، چەرکەسی، عەرەب، ئەلبانی، جیۆرجی، ئەبجاسی، ئارامی، ئەرمەنی، بۆسنی، ئازەری، یۆنانی، لاز، بولگاری، چیکی، کریمتەتاری، تەتەری، مەشەتی، تاتاجی، تەرەکەمی، ئۆزبەکی، قەوقازی، کازاخی، کرگیزی، گومیکی، تورکمانی، ئیگوری) لەزمانێکی تێکەڵ لەمەنگۆلی و ئازەریی و ئەرمەنی و کوردیی و زۆربەی عەرەبی. بۆ یەکەمجار وشەی تورکجیە یان تورکیە لە سەدەی دوانزەهەمدا داتاشراوە بۆ ئەو میللەتە. لەسەرەتای هاتنیان بۆ ناوچەکەو دروستکردنی میرنشینێکی بچووك و ئیمپراتۆرییەکی گەورەو تورکیایەکی بەناو مۆدێرن و لەسەدەی بیست و یەکدا، رەفتارێکی شەڕانگێزو پەلامارو خاك داگیرکردن و هەڕەشەکردن نەبێت، شارەزای هیچ جۆرە گفتوگۆیەکی دیپلۆماتی و سەردەمییانە نەبوون، تەنیا هێزیان نیشانداوە، تارادەیەك ئەمانەیان بۆ چۆتە سەر لەکاتی داگیرکردنی خاکی وڵاتان و لەناوبردنی ١، ٥ تا ٢ ملیۆن ئەرمەنی و دەربەدەرکردنی ١، ٥ ملیۆن یۆنانی لەخاکی خۆیاندا، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە دەنگی زوڵاڵی کورد کپ بکەن و لەناوی بەرن، کە چەندەها ساڵە هەوڵی بۆ دەدەن و نەگەیشتونەتە ئەو ئامانجەیان، هەرچەندە لەمێژوودا نەیانتوانیوە بەسەرکوردا سەربکەون لەشەڕدا، تەنیا پەنایان بردۆتە بەر پاڕانەوە وسواڵکردنی یارمەتی لەوڵاتان یان بەفریودان و هەڵخەڵەتاندنی سەرکردەو تاکی کورد و یان دروستکردنی لەشکرێك لەخۆفرۆشانی کورد بۆ بەگژداچوونی کورد بەکورد، نمونەمان زۆرە، لەناوبردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی نەمر بەیارمەتی وڵاتانی ئەوروپا، گرتنی بەڕێز ئۆجەلان بەیارمەتی ئیسرائیل وئەمەریکا ویۆنان، شەڕی ساڵەکانی ٩٠ لەدژی (PKK) بەهاوکاریی کوردانی باشوور (یەکێتی و پارتی). لەسەردەمی عوسمانییش لەشکرێك لەجەنگاوەرانی کورد پێکهاتبوو بۆ لەناوبردنی کوردان و ئەرمەنی وداگیرکردنی وڵاتانی تر. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەتاتورك و چاوێك بەمناڵی ناوبراودا بخشێنینەوە، دەبینین ژیانی مناڵی بەهەتیوویی و نەبوونی و دەربەدەریی ماڵان و بێکەسی بردۆتە سەر، باری دەروونی کاری لەکەسایەتی کردووەو هەست بەکەمی وای لێ کردووە بەگەورەیی رەفتاری فاشییانەو دیکتاتۆرانە و رەگەزپەرستانەی لێ دەرکەوێت و هەوڵی ئەوە بدات کە نەتەوەیەك هەیە زۆر رەسەنە و ئەوروپین، چونکە لەمناڵیدا لەشاری سالۆنێکی یۆنانی ژیاوەو هەستی بەو جیاوازییە کردووە کە لەنێوان ئەوان ویۆنانیدا هەیە. بەداخەوە شوێنی ستراتیژیی ئەم ناوچەیە وایکردووە کە لەلایەن ئەمەریکاو ئەوروپاوە گرنگی پێبدرێت و هەردەم بەدەنگیانەوە بچن تابتوانن بۆ نیازەکانی خۆیان بەکاری بهێنن، دەسەڵاتدارانی تورکیش، ئەمەیان بەهەل وەرگرتووەو لەپێناوی ئەو خزمەتکاریی ونۆکەرییەی پێشکەش بە ئەوروپاو ئەرمەنەکان کردووە، هەوڵی یارمەتی وسواڵکردنیان داوەو بۆ هەموو شوێنێك داوای دەیان ملیۆن دۆلارو چەکیان کردووە، هەر لەبەرئەمەش بوو لەساڵی ١٩٥٢ بوون بەئەندام لەناتۆ. لەساڵی ١٩٦٣ەوە لەهەوڵی ئەوەدان ببن بەئەندام لەناو یەکێتی ئەوروپادا، نەك لەبەر بڕوابوون بەیاساو پرەنسیپەکانی ئەو یەکێتییە، بەڵکو بۆ رزگارکردنی باری ئابوورییە تەپیوەکەیان و وەرگرتنی یارمەتی زۆرتر بۆ دژایەتی کردنی کورد بەناوی لەناوبردن ودژایەتی کردنی تیرۆرەوە. لەساڵانی ١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠ سوپا دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و هەرچی ناوی دیموکراتی بێت جێبەجێ نەکراوەو دەنگی ئازادیی کپکراوە، دەشیانویست جیهان هەڵخەڵەتێنن بەناوی دیموکراتی دەستکردەوە. ئەگەر سەیری رەفتاری هەر تاکێکی تورك بکەین، لوتبەرزیی و شانازیی بەرابردووەو زۆر دەکەن وخۆیان بەباشترین نەتەوە پێناس دەکەن، بێ ئەوەی بنەماو ئاستێکی زانستی و رۆشنبیرییان هەبێت. لەئەوروپادا و بەتایبەتی لەئەڵمانیادا هەرچی کاری پیس و رەش و مامەڵە بەمادەی بێهۆشکەرەوەیە دەیکەن، لەزۆربەی شوێندا خەریکی ئاودەست و ریستۆرانت و ماڵان‌و فەرمانگە پاککردنەوەن و زۆر بەسووکی سەیر دەکرێن و لەئاستی ئەوروپیدا زۆر کزۆڵەو سەرکزن، بەڵام بەرامبەر بەکورد لوتبەرزن و بەسووکی سەیرمان دەکەن و ئامادەنین لەگەڵ سەرۆك کۆماری عێراق دانیشتن کە کوردە یان بەکەمی دەزانن لەگەڵ شاندێکی کوردییدا گفتوگۆ بکەن، لەبەرئەوەی ئەوان میوانن لەخاکەکەمانداو ئێمە خاوەن ماڵ و ئێمە نەتەوەیەکی رەسەن و ئەوان دروستکراو. لەکۆتاییدا هیوادارم سیاسەتمەدارانی کورد هێندە خۆیان لاواز نەبینن لەبەرامبەر تورکاندا، بەرهەڵستی زۆرتر نیشان بدەن لەو پاڵەپەستۆ سیاسییەی لەسەریانەو هەوڵبدرێت خواستی کورد یەکبخرێت و کورد بەکورد لەناو نەبرێت، تا ئێستا کارێکی دیبلۆماتی باش کرا لەلایەن سەرکردەی کوردەوەو هیوادارم هەر بەردەوام بن و سەرکەوتن هەر بۆ بزاڤی رەوای کوردو لەناوچوونیش هەر بۆ داگیرکارو دیکتاتۆرانە.

# راپەڕینی خەڵکی قیرغیزستان ..
# ئەڵقەیەك لەشۆڕشە رەنگاورەنگەكانی جیهان, ئێمە بۆ كەی ؟



**عەلی مەحمود محەمەد - هۆڵەندا**

### كورتەیەك لەسەر قیرغیزستان

رووپێوی قیرغیزستان ١٩٨,٥٠٠ كم دووجایە, دابەشكراوە بەسەر ٧ ولایەتدا, تەنیا ٧,١٪ زەوی ئەم وڵاتە بە كەڵكی كشتوكاڵ دێت, زۆربەی رووپێوەكەی ٩٠٪ لەچیای بەرز وبیابان پێكهاتووە . جیپۆلیتیكی شوێنەكەی گرنگە, بەتایبەت هاوسنوورییەكەی لەگەڵ چیندا, سەرە رێی بەیەكگەیشتنی ئۆزبەكستان, كازاخستان, چین, پاكستانە.لەگەڵ چین ٨٥٨ كم, تاجیكستان ٨٧٠ كم,كازاخستان ١٠٥٠كم, ئۆزبەكستان ١٠٩٩ كم هاوسنووریی هەیە. بۆیە ئەگەر لەهەموو كێشەكانی پێشووتری ناو وڵاتانی سۆڤییەتی پێشوو چین تەماشاكەر بووبێت, ئەوا لەم كێشەیە بەتەماشاكەریی نامێنێتەوەو دەبێتە یاریكەرێكی سەرەكی لەم گەمە سیاسییە, بۆیە زوو یان درەنگ دێتە ناو یاریەكەوە. ژمارەی دانیشتوانی قیرغیزستان ٥,٠٨١,٤٢٩ كەسە, بە گەشەی ساڵانەی ١,٢٥٪ لە ساڵی ٢٠٠٤. رێژەی تەمەن ٦٧,٨٤ ساڵە , ژنان ٧٢,٠٥ ساڵ و پیاوان ٦٣,٨٤ ساڵ. وڵاتێكی فرە نەتەوەیی وفرە ئاینییە, پێكهاتەی نەتەوایەتی بەمشێوەیەی خوارەوەیە: ٦٤,٩٪ قیرغیز. ١٣,٨٪ ئۆزبەك, ١٢,٥٪ رووس, ١٪ ئۆكراین, ١٪ ئۆگۆر (توركی چینی), ٠,٩٪ تەتەر, ٠,٣٪ئەڵمان و هتد.. هەرچی پێكهاتەی ئاینییە: ٧٠٪ دانیشتوانەكەی ئیسلامی حەنەفین, ٢٠٪ كریستانی ئەرسەدۆكسی رووسی, ١٠٪ ئاینەكانی دیكەن. ئاستی خوێنەواریی لەم وڵاتە بەرزە، لەناو ژنان ٩٨٪ و لە ناو پیاوان ٩٩٪, بەشێوەی گشتی ٩٨,٧٪ خەڵكەكەی خوێنەوارن,هەرچەندە قیرغیزستان دواكەوتوترین وڵاتی سۆڤییەتی پێشوو بوو.٤٦٪دانیشتوانەكەی شارنشینن و٣٣,٦٪ لادێنشینن,٥٢,٤٪ هێزی كاری ئەم وڵاتە لەكەرتی كشتوكاڵ كاردەكەن, ١١,٦٪ لەكەرتی پیشەسازیی و ٣٦٪ لەكەرتی خزمەتگوزاریی, كۆی هەمووی ٢,٧ ملیۆنە. بەرهەمی نەتەوەیی ئەم وڵاتە ساڵی ٢٠٠١ گەیشتە ١,٥ ملیار دۆلار بەگەشەی ساڵانەی ٥,٣٪, ساڵی ٢٠٠٢ گەیشتە ١,٦٣٢ ملیار, ساڵی ٢٠٠٣ گەیشتە ١,٣٧ ملیار دۆلار, لەساڵی ٢٠٠٣دا رێژەی گەشەكردنی ساڵانەی بەرهەمی نەتەوەیی وڵات ٦,٧٪ بوو, بەڵام بەگوێرەی هێزی كڕینەوە بەرهەمی نەتەوەیی ٦,٧ ملیار دۆلار بوو لەهەمان ساڵدا. بەڵام بێكاریی لەساڵی ١٩٩٩ رێژەی ٧,٢٪ بوو, لە ساڵی٢٠٠١ بەرز بووەوە گەیشتە ٩٪ .بڕی قەرزاریی وڵاتیش ١,٦ ملیار دۆلار بوو لە ساڵی ٢٠٠١, لەساڵی ٢٠٠٣ گەیشتە ١,٨ ملیار دۆلار, بە گوێرەی داهاتی نەتەوەییەوە ئەم وڵاتە لە وڵاتە زۆر قەرزارەكانی جیهانە. لەرووی ژێرخانی ئابوورییەوە وڵاتێكی دواكەوتووە,هەردوو كەرتی پیشەسازیی وخزمەتگوزاریی بەشدارییان كەمە لە كۆی ئابووری وڵات, لەساڵی ٢٠٠٣دا كەرتی كشتوكاڵ ٣٨,٧٪ و پیشەسازیی ٢٢,٦٪ و خزمەتگوزاریی ٣٨,٤٪ ی ئابوری وڵاتییان دیاری كردووە,رێژەی بەشداری كشتوكاڵ لە ئاستی جیهاندا ٤٪ ە.

٥٠٪ دانیشتوانی قیرغیزستان لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژێن, خەڵكی باشوور لەچاو باكوورەوە هەژارترن, لە كاتێكدا لەپێش ساڵی ١٩٩١ ئەم هەژاریی وجیاوازیی لەداهاتە بوونی زۆر كەم بووە, گواستنەوەی ئابووری لە ئابوری سەرمایەداریی دەوڵەتی

سەردەمی بەناو سۆسیالستییەوە بۆ سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد جگە لەهەژاریی ودواکەوتن هیچیکەی بەدیاری نەهێناوە بۆ ئەم گەلە. ١٠٪ هەژارترین بەشی دانیشتوان خاوەنی ٣,٢٪ سامانی وڵاتن, بەڵام ١٠٪ی دەوڵەمەندترین خاوەندی ٢٧,٥٪ داهاتی وڵاتن (بەگوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٩٧), ئێستا جیاوازیی لەنێوان هەژاران ودەوڵەمەندان زۆر زیاترە,قەڵەشی نێوان باری ژیانی هەژاران و دەوڵەمەندان فراوانتر بووە,هەژاران هەژارتر ودەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر بوونە. لەسەردەمێکدا لەجیهان تەلەفزیۆن و رادیۆ چۆتە هەموو ماڵ وشوێنێکی گشتییەوە, کەچی لەم وڵاتە کە ماوەیەك لەمەوبەر بەشێك بوو لە وڵاتێکی زلهێزی جیهانی, هەر ١٠٠٠ کەس ٤٩یان تەلەفزیۆن و ١١٢رادیۆیان هەیە, لەهەزاردا ٢٩,٨٢ کەس ئینتەرنێت بەکاردەهێنێت,ئەوەش بەشی هەرە زۆری لەشوێنە گشتییەکان. قیرغیزەکان گەلێکی رەوەند بوون پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر, دوور بوون لەشارستانییەت وخوێنەواریی وشارنشینییەوە . لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە رووسیای قەیسەریی ئەم دەڤەرەی خستە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیەوە.پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران و چاکسازیی کشتوکاڵی بووە هۆی ئەوەی قیرغیزەکان لەشارەکان نیشتەجێ بن و گۆڕانکاریی ریشەیی بێت بەسەر باری کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی و ئابووریيان بێت, لە رەوەندییەوە یەکسەر بگۆڕێن بۆ شارنشینی. لە ساڵی ١٩٢٦ کۆماری سۆسیالستی قیرغیزستان راگەیەنرا, لە




ساڵی١٩٩١ لەسۆڤییەت جیا بووەوە. قیرغیزستان خاوەن یەدەگێکی زۆری هێزی ئاوە کە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردەهێنرێت,هەروەها خەڵوز,نەوت, گاز,زێڕ. خاوەنی چەند پیشەسازییەکی سادەیە وەك دروستکردنی دینەمۆی کارەبا وچەمەنتۆو کەرەسەی بیناسازیی وشووشە. ساڵانە ١٣,٤٥ ملیار کیلۆ وات کارەبا بەرهەمدەهێنێت بە گوێرەی ئاماری ساڵی ٢٠٠١ , کاربوردی ناوخۆی ١٠,٤٦ ملیار کیلۆ واتە, واتە بەرهەمی کارەبای لە پێداویستی خۆی زیاترەو بەشێکی دەفرۆشێت بەدەرەوە, ئەم پیشەسازیی وتۆڕی کارەبایە هەمووی پێش ١٩٩١ بنیاتنراوە, لەدوای نەمانی سۆڤییەتەوە حکومەتی نوێ جگە لەداخستنی کارگە دەوڵەتییەکان هیچی دیکەیان نەکردووە . کۆی ناردەی وڵات ٤٨٥,٥ ملیۆن دۆلارە , ١٦,٢٪ بۆ رووسیا و ٨,٨٪ بۆ چین, هەرچی هاوردەیە بایی ٥٨٦,٧ ملیۆن دۆلارە, لەرووسیا ١٩,٥٪ و چین ١٠٪ و کازاخستان ٢١,٥٪ . لە ساڵی ١٩٩٠ رێژەی ناردە بۆ وڵاتانی سەر بەیەکێتی سۆڤییەت ٩٨٪ی ناردەی وڵاتی پێکدەهێنا. لەساڵی ٢٠٠٣ داهاتی دەوڵەت ٣٧١,٥ ملیۆن دۆلار بوو, هەرچی خەرجیی دەوڵەتە ٣٨٧,١ ملیۆن دۆلار بووە. ئەمەو ژمارەی قیرغیزستان بەگوێرەی لیستی گەشەپێدانی تاك لەساڵی ١٩٩٨ لە ژمارە ٩٨دا هاتووە لەکۆی ١٧٤ وڵات.

### ئیسلام و دواڕۆژی لەم وڵاتە

خەڵکی قیرغیزستان لەسەدەی ١٢وە بوونە بە ئیسلام, لەساڵی ١٩٢٨وە پیتەکانی نووسین لەم وڵاتە لە عەرەبییەوە گۆڕاوە بۆ پیتی لاتینی ودواجاریش گۆڕا بۆ پیتی رووسی. لەسەرەتای هەزارەی دوودا, ٢٠٠٠ ئیسلامی سەر بەقاعیدە لەرێگای تاجیکستانەوە گەڕانەوە بۆ قیرغیزستان,بەنیازی دامەزراندنی وڵاتێکی ئیسلامی لەچەشنی تالیبان لە ئۆزبەکستانی خۆرهەڵات بەهاوکاریی قاعیدە , بەڵام هەوڵەکەیان بەنەزۆکی مایەوەو بەری نەگرت. بەڵام دەبێت دوای ئەم هەلومەرج وبۆشایی سیاسییە جارێکی کە شانسی خۆیان تاقی نەکەنەوە لەم وڵاتە, ئایا زەمینەی ئەوە لە بارە بیکەنە عێراقێکی کە؟سەرزەمینی ئەم وڵاتە دەبێت بە پیت بێت وەك سێکوچکەی سوونی؟تاکە هێزی ئیسلامی لەم ناوچەیە (ئاسیای ناوەڕاست) چالاك بێت حزبی تەحریرە, ئەمانەش گروپێکی توندڕەون وباوەڕیان بەزیندووکردنەوەی دەسەڵاتی خەلافەت هەیە. هەر جوڵەو چالاکییەکی ئەمان بەرەو رووی نارەزایەتی ئەمەریکاو رووسیا وهێزە عەلمانییەکانی ناوخۆو ٣٠٪ دانیشتوان کە نا موسڵمانن دەبێتەوە, سەرباری ئەوەی ئیسلامی سیاسی تەنیا لەناو ئۆزبەکەکانی قیرغیزستان بوونی هەیە, ئۆزبەکەکانیش ١٣,٨٪ دانیشتوان پێکدەهێنن کە لەباشوری رۆژئاوای وڵات دەژین. هەرچی قیرغیزەکانە پەیوەندییان لاوازە بەمزگەوت وتەکییەو سۆفی و مشایەخەوە,خەڵکەکەی تا ئێستا پەیوەندیی رەوەندییان هەیە, ئیلتزامییان لاوازە بۆ تقوساتی ئاینی و زۆریان لەژێر کاریگەریی بیری عەلمانی وسۆسیالستیدان. جگە لە ئۆزبەکستان لە هیچ ٥ وڵاتەکەی کەی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست شانسی گەشەی ئیسلامی سیاسی نییە, هەرچەندە لەتاجیکستان نەهزەی ئیسلامی توانی ٧,٥٪ دەنگەکان و ٢ کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت, ئەمانیش زیاتر لەژێر کاریگەریی بیری سۆفییەتیدان نەك ئیسلامی رادیکاڵی وەهابی, بۆیە دەتوانین بڵێین شانسی هاتنە مەیدانی ئیسلامی سیاسی وکەڵك وەرگرتن لەم هەلومەرجە لاوازە,بەڵام دەکرێت لەناو ئۆزبەکەکانی قیرغیزستان ببنە هێزێك لە هێزەکان.

### راپەڕین

لەشاری ئوشەوە رابوون دژ بەساختەکاریی لەهەڵبژاردنەکانی قیرغیزستان دەستیپێکرد (ئوش دووەم شاری قیرغیزستانەو لەو شوێنە جوگرافیای وڵات دەبێت بەدوو شێوەوە), سەرۆك عەسکەر ئەکایف بڕیاریدا چاوێك بە ئەنجامەکانی هەڵبژارن بخشێنێتەوە, بەڵام ئۆپۆزسیۆن درێژە بەناڕەزایەتییەکانیان دەدەن وگوێی لێ ناگرن. سەرەتا ناڕەزایەتی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بوو. راپەڕین تەشەنەی کرد بۆ شاری جەلال ئاباد پاشان بەشکیکیشی گرتەوە, خۆپیشاندانەکان بەئێستاشەوە سنووردارن

لەچەند دەهەزارێك تێپەڕییان نەكردووە, سەرۆك بەرگەی نەگرت وهەڵات شۆڕشی نێرگزیی سەركەوت. رژێمی عەسكەر ئەكایف وا بەخێرایی رووخا, تەنانەت ئۆپۆزسیۆنیش پێشبینی وای نەدەكرد,خۆی بۆ گۆڕانكاریی وا گەورەو كتوپڕ ئامادە نەكردبوو. دەسەڵاتدارانی ئاسیای ناوەڕاست كە بەدوای هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت هاتنە سەر حوكم, دەسەڵاتدارانی تاكڕەو وخێزانی وعەشایەرین, قیرغیزیاش دواكەوتووترین وڵاتیانە. عەسكەر ئەكایف لەساڵی ١٩٩١وە دەسەڵاتدارە لەم وڵاتە, تا ئێستا دوو هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی كراوە تیایدا سەركەوتوو بووە, لە دواینیاندا كە لە ٢٩ ی ئۆكتۆبەری ٢٠٠٠ ئەنجامدرا ٧٤,٤٪ دەنگەكانی هێنایەوە , ئەو ڕێژەیەش بۆ سەركردەیەك لە وڵاتێكی وەك قیرغیزستان نۆرماڵە. لەسەرەتای ڕاپەڕیندا هێرشكرایە سەر رووسەكان كە ١٢,٥٪ دانیشتوانی وڵات پێكدەهێنن, بەڵام زیاتر هۆكاری هێرشەكان تاڵانی بوو نەك هۆكاری سیاسی. دەوڵەمەندەكانی شار هەڵدێن لە ترسی تاڵان, دوكانی چینییەكان تاڵان دەكرێت و ٥ كەسیشیان بریندار بن, حكومەتی چین بڕیارە دەدات چینییەكان سەردانی ئەم وڵاتە نەكەن, زیانی توركەكان گەیشتە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن دۆلار, ١١٩ توركیایی بە فڕۆكە گوازرانەوە, كاروانی دووەمیش ١٢٣ توركی دیكەیە خۆیان ئامادە كردووە وڵات بەجێبهێڵن . لەكۆی رووداوەكان ٥ كەس كوژران وسەدانیش بریندار بوون, ٥٠ كەسی دیكەش گیرا,هەر ئەمەش وایكرد, سەرۆكانی ئۆكراین وجۆرجیا بەیاننامەی هاوبەش دەربكەن و نیگەرانی خۆیان دەربڕن لە بەرامبەر ئەم كردارانە , شۆڕشی ئەوان خوێنی تێكەوت, ترسی ئەوە هەبوو شۆڕشەكە بە خوێن سوور بێت .

## شۆڕشە رەنگاوڕەنگەكان

پێ دەچێت سەدەی بیست و یەك سەدەی شۆڕشە رەنگاوڕەنگەكان بێت, شۆڕشی گوڵ لەساڵی ٢٠٠٣ سەری ئیدوارد شیفەرنادزەی دۆستی رۆژئاوای خوارد, ساڵی ٢٠٠٤ نۆرە گەیشتە ئۆكراین شۆڕشی پورتەقاڵی سەركەوت, بەڵام سەركەوتنی ئۆكراین بەرژەوەندیی ڕوسییای یەكلایی نەكردەوە لەو وڵاتە, بەهۆی بوونی كەمایەتییەكی گەورەی رووسی لە بەشی خۆرهەڵات, كە شادەماری ئابووری وڵات بە دەستیانەوەیە, هەروەها بوونی هێزی چەپی بەهێز كۆمۆنیست وسۆسیالیستەكان ڕێگرن لەبەردەم نەخشەكانی ڕۆژئاوا. عەسكەر ئەكایف پێش شۆڕش وتی:دژە ڤایرۆسی شۆڕشمان ئامادە كردووە, بەڵام كە دەستیپێكرد نەیتوانی تەنانەت یەك رۆژ بەرگریی بكات,دژە ڤایرۆسی لەگەڵ خۆیدا بە دوو قۆناغ گواستەوە بۆ رووسیا. شۆڕشە رەنگاو ڕەنگەكان هەرچەندە دژ بە گەندەڵی ئەنجامدران, بەڵام خۆی بەگەندەڵی لەدایكبوو ,گوڵەكەی بۆگەنی كردووە , لەئۆكراین ئەوەی ئاڵای پرتەقاڵی هەڵگرتایە ٥٠ دۆلاری وەردەگرت, ئەوەی خێمەشی هەڵدایا شەوی بە نارەزایەتی بردایەتە سەر ئەوا ٢٠٠ دۆلاری خۆی حەلاڵ دەكرد. خواردن وخواردنەوە وجگەرە مەزەی شۆڕشن لەم ڕاپەڕینانە, بێ ئەمانە ئەم شۆڕشە رەنگاو ڕەنگانە ناگەن بەئەنجام. شۆڕشی گوڵی وپرتەقاڵی ولیمۆنی نۆرەی خۆیان وەرگرت ونۆرەی رەنگەكانی دیكەیە, دەسەڵاتداری گەندەڵ وديكتاتۆر لەپانتایی جیهان دەسەڵاتدارن وچاوەڕوانی شۆڕشن,ئەم شۆڕشانە نۆرەی خۆیان بەهەندێك شۆڕشی سووریش دەدەن لەداهاتوودا بۆیە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بكرێت شۆڕشە رەنگاوڕەنگەكان هەمووی لە بەرژەوەندیی رۆژئاوادا بێت .

## ململانێی دەوڵەتان

پۆتین پێشتر دژ بە گۆڕانكارییەكانی جۆرجیاو ئۆكراین بوو, بەڵام زوو سەری رەزامەندیی بۆ گۆڕانكارییەكان قیرغیزستان ڕاوەشاند و وتی: ئێمە ئۆپۆزسیۆن دەناسین, لەرابردوودا كارمان پێكەوە كردووە, زۆربەیان پەیوەندییان باشە لەگەڵ رووسیا. هاوكات رووسیا مافی پەنابەری سیاسیدا بەسەرۆكی پێشوو, بەمەش پەیوەندیی خۆی وەك مەرجەعی هەردوولا هێشتەوە .رووسیا پایگایەكی سەربازیی لەنزیك پایتەختە كە ٥٠٠








سەربازی تێدایە، هاوکات لە دوای ڕووداوەکانی سێپتەمبەرەوە سەربازگای ئەمەریکیش لە ئۆزبەکستان لە نزیک پایتەختە . باکاییفیش سەرکی نوێ ووتی: لە ڕووسیا دوور ناکەوینەوە بەڵکە پەیوەندییەکانمان باشترەکەین. وەزیری ناوخۆی نوێ وتی:ڕووسیا نەوت وکارو بەنزینمان دەداتێ، ئەمەریکاش دۆلار، نیوەی بودجەی دەوڵەت لەو کرێکارانەوە دێت کە لەڕووسیا کار دەکەن، ئێمە ناتوانین بە لایەکیان بڵێین بڕۆن.قیرعیزستان ئەندامی ڕێکخراوی شەنگەهایشە، بڕیار وابوو ئەم هەفتەیە ڕووسیاو قیرغیزستان وتاجیکستان وکازاخستان مانۆڕێکی ئەزموونی سەربازیی هاوبەش لەقیرعیزستان ئەنجام بدەن، بەڵام بەهۆی ڕووداوەکانی قیرغیزستانەوە دواخرا بۆ مانگی داهاتوو گوازراشەوە بۆ تاجیکستان.لەهاوکێشەکانی ڕابردوو،چین بەشێك نەبوو لێیان، بەڵام قیرغیزستان بەهۆی پەیوەندیی ئابووری وسنووریی بەربڵاوی هاوبەش لەگەڵ چین و بوونی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بەهێز تیایدا،وا دەکات لەناو ئەم هاوکێشە نوێیە بێت ولێی دوورنەکەوێتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە دوای گۆڕانکارییەکان نفوزی لەم ولاتە زیاتر بێت.

## وڵات بەرەو کوێ؟

بەگوێرەی یاسای قیرغیزستان ئەگەر سەرۆك ئامادە نەبێت سەرۆك وەزیران شوێنی دەگرێتەوە، ئەگەر ئەویش نەبێت سەرۆکی پەرلەمان شوێنی دەگرێتەوە. باکاییف کە سەر بەبەرەی گەل وسەرۆك وەزیرانی پێشووە، پەرلەمان هەڵیبژارد بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران وسەرۆك بەوەکالەت، هەروەها پاڵێوراوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی لە ٢٦ی حوزەیرانی داهاتوو. دوو لەسەر سێی پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کۆن دەنگیان بۆیدا , لە بەرواری ٢٨-٣ بە کۆی گشتی٥٨پەرلەمانتاری ئامادەبووی پەرلەمانی نوێش دەنگیان بۆیدایەوە بۆ هەمان پۆست. ناوبراو پاش خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠٠٢ کەتیایدا تەقە لەخۆپیشاندەران کرا، خەریکبوو ئاکامەکەی بگاتە شەڕی نەتەوەیی نێوان قیرغیز و ئۆزبەك وازی هێنا لە سەرەك وەزیرانی .ئێستا لەم وڵاتە دوو پەرلەمان هەیە، هەرچەندە لەدوا کۆبوونەوە کە لە ٢٨-٣ ئەنجامدرا شەرعییەت بە پەرلەمانی نوێ درا، هەر ئەو پەرلەمانە کە کێشە لەسەر هەڵبژاردنەکەی ڕاپەڕینی بەرهەمهێنا، شەرعییەتی یاسایی پێدرا، پاش ئەوەی قایل بوو بە هەڵبژاردنی باکایف بە سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆمار بە لەجیاتی، ئەم هەنگاوەش بۆ یەکێتی پێویست بوو . داگای باڵا لایەنگریی لەپەرلەمانی کۆن ولیژنەی باڵای هەڵبژاردن لایەنگریی لەپەرلەمانی نوێ دەکات، هەرچەندە بە بڕوای ئەوان کێشە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن لە ١٠ ناوچە هەیە نەك هەموو. هەردوو پەرلەمان هەریەکەی لە هۆڵێك کۆبونەوەی خۆیان ئەنجامدا. دوو پەرلەمانی ئەنجامی ئەوەی لێدەکرێت بگات بە دوو سەرۆك تەنانەت دوو دەوڵەتیش، بەڵام پێی دەچێت بەسەرکەوتنی یەکجاریی پەرلەمانی نوێ ئەنجام بشکێتەوە. ترس لەشەڕی ناوخۆیی ودابەشبوونی وڵات هێشتا هەیە. باکایف شوێنی چاوپێکەتنە ڕۆژنامەنووسییەکەی خۆی گۆڕی لە بەرواری ٢٧-٣-٢٠٠٥ لەترسی نەیاران. سەرۆکی پەرلەمانی نوێ ڕایگەیاند هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی شەرعییەتی نابێت تاسەرۆك ئەکایف دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕانەگەیەنێت. پێی ناچێت سەرۆکی کۆنیش وا بەسانایی شەرعییەت بەهەڵبژاردنی نوێ بدات، لەم کێشمە کێشە دەبێت شۆڕشی نێرگز بەکوێ بگات؟ سەردەگرێت وەك جۆرجیا و ئۆکراین یان ئەنجامی وەك فەنزویلای لێدەکەوێتەوە؟بەڵام ئەکایف وەك شافێز خاوەن جەماوەر نییە، بۆیە شانسی دووەم لاوازە بۆ ئەو .

## یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی قیرغیزی

پەرلەمانی قیرغیزی لە ٧٥ ئەندام پێکدێت , تەنیا ٢٥٪ کورسییەکان بۆ دەنگی پارتە سیاسییەکانە , ٧٥٪ ی بۆ دەنگە تاکەکانە،ئەمەش ڕێگریی لەبەردەم پارت ولایەنەکان دەگرێت بچنە پەرلەمانەوە وتایبەتمەندیی نا دیموکراسی پێ دەبەخشێت، بۆیە یاسای هەڵبژاردن دوورە لە دەنگی ڕاستەقینەی خەڵك و ئارەزوو ویستە سیاسییەکانیان، ئەم یاسایە لەخزمەتی دەوڵەمەندان و دەسەڵاتدارانە .

## ڕاگەیاندنی کوردیی و هەڵوێست لەسەر گۆڕانکارییەکانی قیرغیزستان

ئەوەی من خوێندمەوەو بینیم، ڕۆژنامە کوردییەکان بەشەوقەوە هەواڵەکەیان وەرگرت، شیکردنەوەی خۆیان لەسەر ئەو بنچینەیەدا کە ئەمە دوارۆژی هەموو دەسەڵاتێکی گەندەڵ و دیکتاتۆر وبنەماڵەییە، وەك ئەوەی لە ناو ئەو پارتانەی ڕۆژنامەکانییان وتارەکانیان بڵاوکردۆتەوە، پێویست بەگۆڕانکاریی نەکات، دیموکراسی سەرتاپای پارتەکەیانی گرتبێتەوەو هەر چەند ساڵ جارێك سکرتێر دەگۆڕێت وئابووری حیزب و وڵات بۆ هەمووان ڕوونە و کەس وبنەماڵە کۆنترۆڵیان نەکردبێت،بەڵام من دەڵێم سەردەمی نوێ سەردەمی شۆڕشە خێراکانەو دەست نەکردەوەی دەسەڵاتداران خەریکە ببێتە نەرێتی باو،هەژاران بەم شۆڕشانە هیچ لە دەست نادەن، بەڵکە لەسەما بۆگوڵ نزیك دەبنەوە، کوردستانیش لە ڕابوونێکی جەماوەریی وەهاوە نزیکە، بەڵام ڕەنگەکەی جارێ دیار نییە.

# بەهۆی جەنگەوە.. مرۆڤەكان گیان لەدەستدەدەن

جەنگ بەیەكێك لەهۆكارە سەرەكییەكانی لەناوچوونی مرۆڤ لەسەر زەمین دادەنرێت، ئەوەندەی مرۆڤ بەهۆی جەنگەوە ژیانی لەدەست دەدات، نەخۆشییە كوشندەكان هێندە هۆكار نین. سەرەڕای ئەو راستییانەش، كەچی بەهۆی بەرژەوەندییە رامیارییەكانەوە ژمارەی قوربانییەكانی جەنگ بەكەمترین كوژراو ئاشكرا دەكرێن وجارێكی تریش بەزۆرترین. ئێستاو پاش ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەیەكی زانستیی دەركەوتووە، كەبەهۆی جەنگەوە ژمارەیەكی یەكجار زۆر لەمرۆڤ گیان لەدەستدەدەن، زۆر زیاتر لەوەی تاوەكو ئێستا دەزانرا.

### راستیی یەكەمین قوربانیی جەنگە

چەپەڵیی جەنگ وناهەمواریی تەنیا كوشتن و وێرانكردن ناگرێتەوە، بەڵكو بەهۆیەوە راستیش دەبێتە قوربانیی، یەكەمین قوربانیی. جەنگی چەپەڵی هەڵگیرساو لەوڵاتی عێراق نموونەیەكی زیندوو وبەرچاوە. هەر لایەنێك و رێكخراوێك ودەزگایەك وهتد... هەڵدەستن بەباسكردنی ژمارەی قوربانییەكان ئەو جەنگە چەپەڵەی هەڵگیرساوە.

(ziad obermeyer)و هاوەڵەكانی لە (and evaluation institute for health metric) لەناوچەی (seattle)ی ئەمەریكیی پێیانوایە، كەژمێریارە پەیڕەوكراوەكانی ئێستای كوژراوەكانی جەنگ نادروستن و ناكرێت وەك سەرچاوەیەكی دروست پشتیان پێببەسترێت. ئێستا توێژەرانی پەیمانگای ناوبراو بەگەڕانەوە بۆ داتا بڵاوكراوەكانی رێكخراوی تەندروستیی جیهانیی (who) هەڵساون بەداڕشتنەوەی چۆنێتی ژمێریاركردنی قوربانییەكانی جەنگ. لەئاكامدا توێژەران گەیشتوونەتە راستیی ئەوەی، كەلەپەنجا ساڵی پێشوودا بەهۆی جەنگەوە ژمارەی ئەوانەی گیانیان لەدەستداوە، سێ ئەوەندە زیاتر بووە وەك لەوەی تاوەكو ئێستا بانگهێشتی بۆ كراوە. توێژەران لەسەر رووپەڕی ( British Medical Journal)دا دەنووسن: كەلەكاتی هەڵگیرساندنی جەنگدا دەزگا سیڤیلییەكان لەكار دەكەون وهیچ خزمەتگوزارییەك پێشكەش بەهاووڵاتیان ناكەن وبەهۆیەوە ئاماركردنی قوربانیانی جەنگ رادەوەستێت. كێشەیەكی دیكەی نادروستیی ئامارەكانی قوربانیانیی جەنگ بۆ پێشكەوتوویی وڵاتان دەگەڕێتەوە: جەنگ زیاتر لەو وڵاتانە هەڵدەگیرسێت، كەپێش جەنگ پێشكەوتوو نەبوون وهیچ دەزگایەكی پەیوەندییداری خزمەتكردنی هاووڵاتیان لەئارادا نەبووە. هەر بۆیە زۆر لەدەزگا بێلایەنەكان لەكاتی هەڵگیرساندنی جەنگدا پشت بەئامارەكانی كەسانی نزیك رووداوەكان یان راپۆرتی رۆژنامەنووسەكان دەبەستن، كەئەوانەش ناكرێت وەك سەرچاوەیەكی دروست باوەڕداربن. لەمیانەی گەڕان بەدوای ژمێریارییەكی دروستدا(ziad obermeyer) وهاوەڵەكانی هەڵسان بەلێكدانەوەی داتا وەرگیراوەكانی رێكخراوی تەندروستیی جیهانیی، لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٣ دا رێكخراوی ناوبراو بۆ زانینی هۆكارەكانی مردن لە٤٥ وڵات هەڵسان بەئەنجامدانی راپرسییەك. لەم راپرسییەشدا رێكخراوی تەندروستیی جیهانیی لەهەر ماڵێك بەشێوەیەكی رێكەوت كەسێكی هەڵدەبژارد وپرسیاری دەكرد، ئایا لەنێوان ساڵی ١٩٥٥ بۆ ٢٠٠٢ هیچ كەسێك لەئەندامی خێزانەكەیان مردووە؟ ئەو مردنە بەهۆی جەنگەوە بووە؟ تیمی توێژینەوەی ئەمەریكیی بەشێوەیەكی زیاتر تیشك خستنە سەر ١٣ وڵات، لەوانەش: بەنگلادیش، بۆسنە، ڤێتنام وكۆنگۆ، چونكە رێژەی مردنی ئەندامانی خێزان لەو ١٣وڵاتەدا زۆر زیاتر بووە لەچاو وڵاتانی دیكەدا. ئەنجامەكانی لێكۆڵینەوە دەریانخستووە، كەلەنێوان ساڵەكانی ١٩٥٥ بۆ ٢٠٠٢ نزیكەی ٥٤ملیۆن مرۆڤ بەهۆی جەنگەوە لە١٣ وڵات گیانیان لەدەستداوە. ٧٠٠٠ لەوڵاتی كۆنگۆ و ٣,٧ ملیۆن مرۆڤ لەڤێتنام. بەمشێوەیەش دەركەوتووە كەرێژەی قوربانیانی جەنگ سێ ئەوەندە زیاتر بووە، وەك لەوەی ئامارە پێشكەشكراوەكانی تاوەكو ئێستا دەریانخستووە. توێژەران گەورەترین جیاوازیی ئاماریان لەوڵاتی بەنگلادیش و زیمبابۆی بەدیكرد. لەكۆتاییدا توێژەران دەڵێن، كەژمارەی قوربانییەكانی جەنگ لەسەدەی بیستەمدا رووی لەكەمبوون نەكردووە، بەڵكو بەرزبوونەوەی تێدا بینراوە. جا بۆیە باشترە بیرێك لەوە بكرێتەوە، كەپێشكەوتنی تەكنۆلۆژیای جەنگ نەبۆتە هۆی كەمكردنەوەی ژمارەی قوربانیانی جەنگ.



# قەیرانی نرخی خۆراك: كێ بەرپرسیارە؟




**دكتۆر ئیمانوێڵ مارتا***

ئەو ئاژاوانەی برسێتی كە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراكەوە روودەدەن دراماییەكی دزێوی مرۆڤایەتییە. نرخی جیهانیی گەنم لەماوەی سێ ساڵدا نزیكەی سێ ئەوەندە بەرزبۆتەوەو لەماوەی ساڵی رابردووشدا دوو ئەوەندە بەرز بۆتەوە، نرخی برنجیش لەماوەی سێ مانگدا زیاتر٥٠٪ بەرزبۆتەوە. نرخی ژەمێك خواردن لەزۆربەی وڵاتە هەژارەكاندا ٤٠٪ گرانترە لەچاو ساڵێك لەمەوبەردا. كاتێك كەكڕینی خۆراك دەكرێت ٧٥٪ی بودجەی ماڵێك پێكبهێنێت، ئەوا ئەم نرخ زیادبوونانە دەبنە كابووس. دەكرێت ئەمە مانای ئەوەبێت كەملیۆنان دەچنەوە ژێر هێڵی هەژاریی وهەوڵی گەشەسەندنی چەند ساڵێك دەسڕێتەوە. ئایا هۆكارەكانی ئەمبارە چین؟ لەبەرئەوەی كەئابووری پێكهاتووە لەتۆڕێكی پێكداچووی ئاڵۆز، ئەوا دەبێت بەشێوەیەكی قووڵتر لەوەی كەهەمیشە دەكرێت بەدوای هۆكارە راستەقینەكانی ئەم قەیرانەدا بگەڕێین. ئەم قەیرانە دەكرێت وا لێكبدرێتەوە كەرێگە لەبڕیار بەدەستتان دەگرێت لەوەی بەشێوەیەكی بەرپرسانە مامەڵە بكەن. بەڵام سەرەتا، با ئەوە بێنینەوە یادی خۆمان كەساڵانە ملیۆنان خەڵك خۆیان لەهەژاریی قووتار دەكەن، فەزڵی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێكەڵبوونی ئابوورییەكەیان بە بەجیهانیبوون. بەراستی ئەمە هەواڵێكی زۆر دڵخۆشكەرە بەڵام ئەمە بۆتە هۆی زیادكردنی داواكاریی لەسەر خۆراك وبەتایبەتی گۆشت(مەڕ ومالآتیش پێویستییان بەدانەوێڵە هەیە). ئێستاش دەبێت لەوە تێبگەین كەئایا بۆچی دابینكردنی(supply)خۆراك نایەتەوە لەگەڵ -یاخود رێگەی پێنادرێت بێتەوە لەگەڵ- داواكارییدا. لەكاتێكدا پێویستە مەترسییەكانی كەشوهەوا بەهەند وەربگرین (وەك وشكەساڵیی لەئوسترالیا)، بەشێوەیەكی گشتیی دەبێت لەو رەگەزە سیاسییە راستەوخۆ وناراستەوخۆیانە وردبینەوە كەرێگە لەبازاڕ دەگرن بۆ گونجاندنی چەندێتی وهێشتنەوەی نرخ بەشێوەیەكی رێژەیی لەهەر بارێكدا كەگونجاو بێت. كاریگەرییە پێچەوانەكانی كۆمەكی دارایی وپاراستنخوازیی(١) هەندێكجار كۆمەكی دارایی لەوڵاتە دەوڵەمەندەكانەوە بەشێوەیەكی دروست ئاماژەی پێدەدرێت. ئەو كۆمەكانە دوو جۆر كاریگەریی دەخەنەوە: یەكەم، كۆمەكی دارایی بەرهەمهێنەران رادەكێشێت بەرەو بەرهەمهێنانی دانەوێڵەی كۆمەككراو. كاتێكیش كەحكومەت كۆمەكی دارایی كشتوكاڵكردن دەكات لەپێناو بەرهەمهێنانی خۆراكەوە (ئەو وزەیەی كە لەخۆراكەوە بەرهەم دەهێنرێت وەك ئیسانۆڵ)، ئەمە مانای ئەوەیە كەكشتوكاڵكردن بۆ خواردن كەم دەكات ونرخی دانەوێڵەش بەرز دەبێتەوە.

دووەم كاریگەریی ئەوەیە كەكۆمەكی دارایی هاوشانی گومرگ لەوڵاتە دەوڵەمەندەكاندا دەبنە هۆی دەرگا داخستن بەسەر وڵاتە هەژارەكاندا، ئەمەش رێگەی ئەوەیان لێدەگرێت كە لەبازاڕی وڵاتە دەوڵەمەندەكاندا كێبەركێ بكەن وگەشە بەسوودی كێبەركێی خۆیان بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەش بێنینەوە یادی خۆمان كەئابووری پاراستنخوازیی، بەتایبەتی لەوڵاتە ئەفەریكییەكاندا، دەستدەخاتە بینە قاقای ئابووری ئەو وڵاتانەوە لەرێگەی كەمكردنەوەی ئەگەرەكانی هەبوونی بازاڕی ناوچەیی بەرهەم -هاندەر. لەبەرئەمە سیاسەتی كاری ئابووری

پاراستنخوازیی تابەشێك بەرپرسیارێتی لەئەستۆیە. پێویستیی هەبوونی مولکداریی زەوی کشتوکاڵیی ڕێکخستنە دامەزراوەییەکان بۆ مولکداریی زەوی کشتوکاڵیی فاکتەری بنەڕەتین لەتێگەیشتنماندا بۆ گرفتەکانی خۆراك لەرۆژگاری ئەمڕۆدا. لەهەندێك وڵاتدا کاڵاْ بیانییەکان تەنیا هۆکاری کەمی دابینکردنی خۆراك نین. تۆ ناتوانیت لۆمەی ئەو بازاڕە بکەیت کەناتوانێت گەشە بکات. لەئەفەریکا کێشەی سەرەکیی کشتوکاڵ ئەوەیە کەمافەکانی مولکداریی زەوی بەشێوەیەکی ناتەواو دیاریکراون وئەمەش دژە هاندەری وەبەرهێنانە. گەورەترین زەحمەتی سیاسەتی کاری گەشەسەندن بریتییە لەهاندانی فراوانبوونی کشتوکاڵ لەهەندێك وڵاتاندا لەرێگەی ڕێگەدان بەرێکخستنی دامەزراوەیی - ئاوێتەبوو بەنەریتە خۆماڵییەکان- بەگرتنە دەستی بەرپرسیارێتی (ئەنترۆپەنۆرە کێڵگەدارەکان) (٢). تەنیا هاندەری لەمشێوەیە دابینکردنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان لەهەندێك وڵاتدا بەراستیی سەرهەڵدەدەن. لەم ڕووەوە بەم دواییانەدا وڵاتی چین پاراستنی مافەکانی مولکداریی جوتیارەکانی بەهێز کرد. ئەمە نموونەیەکە دەکرێت شوێن پێی هەڵبگیرێت. ڕۆڵی ڕێکخراوە کۆمەکبەخشە نێودەوڵەتییەکان سیاسەتی کارە دەستتێوەردەرەکانی بانکی جیهانیی و ڕێکخراوی نەختی نێودەوڵەتیی تاراددەیەك هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیڤی لێنەکەوتەوە لەچاو ئەو بڕە پارە زۆرەدا کە لەپرۆسەی کۆمەککردنەکەدا لووشدراوە. سەرەڕای ئەوەش هەندێك ئابووری هەژاریان والێکرد کە "بەرهەم پشتبەستۆبن" (واتە پشت ببەستن بەلایەنێکی دەرەکیی وەك کۆمەك). لەرێگەی"تەکانی گەورە"ی خەیالاْویی دژە بەرهەمهێنانەوە قەرزی بێشومار دراون کەبەدوایاندا بەرنامەکانی گونجاندنی بنەڕەتیی هاتوون. بەم پێیەش، مەرجی سەر وڵاتە کۆمەککراوەکان ئەوەبوو کەهەندێکجار گەشە بەکشتوکاڵی ناخۆراکیی وەك لۆکە بدەن بۆ ناردنە دەرەوە بۆ ئەوەی کەقەرزەکانیان بدەنەوە. بەمشێوەیە ئەم سیاسەتی کارە کۆمەکئامێزە ئاسایشی خۆراکی هەندێك وڵاتی هەژاری تێکدا. بەڵام لەهەمان کاتدا حکومەتە نابەرپرس وگەندەڵەکانیشی دەوڵەمەند کرد ولەشوێنی خۆیان هێشتنییەوە. تائێستاش ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پارەیان بەقەرز دەدەنێ لەکاتێکدا

ئەوانیش سەرقاڵی سەرکوتکردنی خەڵکەکانی خۆیانن ورێگەی ئەوەیان لێدەگرن کەسوود لەئازادیی ئابووری وەربگرن. کاریگەریی قەیرانە دراوییەکان تاراددەیەك کاریگەریی هەبوو لەسەر بازاڕی خۆراك، لەبەرئەوەی کەئێستا برنج وگەنمەشامی بوونەتە جێگەی متمانەی وەبەرهێنان لەلایەن پێشبینیکەرانی نرخەوە. بۆیە ئێمە دەبێت بەدوای لێکدانەوەیەکی ناراستەوخۆی قەیرانی خۆراکدا بگەڕێین کەلەپشت قەیرانە دراوییەکانەوەیە. ئەوەی کەدەیبینینەوە ئەوەیە کە بانکە ئەمەریکییەکان قەرزێکی زۆری سەرکەش (ئەو قەرزەی کەئەگەری فەوتانی زۆرە بەبڕی سووی زۆر دەدرێت بەقەرز وەرگر) دەدەن بەقەرزکەران. بەڵام خەڵکێکی کەم دەرك بەوە دەکەن کە بەشێوەیەکی بەهێز پەیوەندیی بەسیاسەتی کاری بانکی ناوەندیی ئەمەریکاوە هەیە. کەزۆرجار پێی دەوترێت "بیروباوەڕی گرینسپان"(٣) بەلایەنی کەمەوە یەك کاریگەریی گەورەی پێچەوانەی دروستکردووە: ئەویش ئەوەیە کەبانکی ناوەندیی بەرێگەیەك لەرێگەکان "زەمانەتی" ئەو دۆڕاوانە (بانکەکان) دەکات کە بەدەستی ئەنقەست سەرکەشیی دەکەن. سیاسەتی کاری ئەم هاندەرە هەڵەیە وای لەبانکەکان کرد کەبەشێوەیەکی نابەرپرسانە مامەڵە بکەن ولەئەنجامیشدا ئەو ڕەفتارانە قەیرانی جیهانیان لێکەوتەوە. لێرەدا هاوشێوەبوونێکی سەرنجڕاکێش لەهەڵسوکەوتی بانکی جیهانیی وڕێکخراوی نەختی نێودەوڵەتیدا: ڕێکخراوە لوتکەییەکان وا لەرێکخراوەکانی ژێر کۆنترۆڵیان دەکەن کە نابەرپرس بن. لەکاتێکدا، دەوڵەت وبازاڕ تەنیا ئەو کاتە بەشێوەیەکی کاریگەرانە کار دەکەن کەبەرپرسیارێتی بڕیاردەرەکان مایەی ئەوەبێت سزا بدرێت (لەکاتی هەڵەدا). بەرزیی نرخی نەوت، دواجار بەرزبوونەوەی نرخی نەوت کاریگەریی لەسەر نرخی گواستنەوە داناو دەرئەنجامیش لەسەر نرخی خۆراك. بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەوەی کەپەیوەندیی بەزیادبوونی داواکارییەوەوە هەیە لەسەر ئاستی جیهانیی کەلەبنەڕەتدا دابینکردن کەکۆمەڵەی بەرهەمهێنەران کۆنترۆڵیان کردووە، ئەوەندە نەگۆڕە وەبەرهێنانی نەکردووە بۆ خۆ گونجاندنی بەرهەمەکانی. ئەمە جگە لەوەی کەنەوتیش لەجێگەی متمانەی وەبەرهێنانە بۆ پێشبینیکەرانی نرخ لەم ساتی قەیرانەدا: بۆیە زیادکردنی نرخ

دەکرێت بەشێوەیەکی هێندەکیی وناراستەوخۆ بگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کەبەرپرسن لەم قەیرانە داراییە. کۆمەکی فریاکەوتن پێویستە بۆ دەربازکردنی خەڵك لەکارەسات. بەڵام پاش چارەسەرکردنی دەرکەوتەکان ئێمە دەبێت لەو هۆکارە قووڵە بنەڕەتییانە بکۆڵینەوە کەبوونەتە هۆی دروستکردنی ئەم نایەکسانییە. هێشتاش نوێنەرە "بەرپرسەکان"ی ڕێکخراوەکان ودەوڵەتان هەڵگری گوتارێکی بەرپرسانە نین. گوێبیستی باسکردن بووین لە"ڕەوشی نوێ" بۆ کۆمەکی لاوەکیی درێژخایەن لەلایەن سەرۆکی بانکی جیهانییەوە، لەبارەی تێکدانەکانی بازاڕی نوێ، تەنانەت گوێشمان لەهێشتنەوەی ئابووری پاراستنخوازیی ئەوروپی بوو لەلایەن وەزیری کشتوکاڵی فەرەنسییەوە. ئەمانە ئاماژەی خراپن. ئەم قەیرانە دەبێت ببێتە هەلێك بۆ برەودان بەبیرۆکەی بەرپرسیاربوون لەسیستمەکەدا ودووبارە بیرکردنەوە لەسیاسەتی کاری گەشەسەندن لەفراوانترین مانایدا. ئەمەش مانای گۆڕینی چۆنێتی مامەڵەکردنە لەناو ڕێکخراوە جیهانییە کۆمەککەرەکاندا، لەناو حکومەتی وڵاتە هەژارەکاندا وبێگومانیش لەوڵاتە دەوڵەمەندەکاندا.

**داریژە:**

١- پاراستنخوازیی بریتییە لەرێبازی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی لەکێبەرکێی بەرهەمی دەرەکیی لەرێگەی سەپاندنی گومرگی زیادەوە لەسەر هاوردن وهەروەها بەخشینی کۆمەکی دارایی بە بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان ئەمەش لەلایەن حکومەتەوە دەکرێت.

٢- ئەنترۆپەنۆر: بەو کەسانە دەوترێت کەخاوەنی بیرۆکەی ئابووری نوێن وسەرکەشی ئەوە دەکەن کەپرۆژە وکاری نوێ دابمەزرێنن.

٣- لە ئالان گرینسپانەوە هاتووە کەبەڕێوەبەری بانکی ناوەندیی ئەمەریکیی بوو بۆ ماوەی پێنج سووڕی یەك لەدوای یەك لەساڵی ١٩٨٧-٢٠٠٦. بیروباوەڕی گرینسپان پەیوەندیی بەداشکانی نرخی سووەوە هەیە بۆ زیادکردنی پارە لەبازاڕ وهاندانی وەبەرهێنان.

*** دکتۆر ئیمانوێل مارتا سەرنووسەری پرۆژەی فرانس زمانی ڕێکخراوی کەیتۆیە.**



# چەند ساتێك لەگەڵ ئالوودەبووان بەماددە بێهۆشکەرەکان

**راپۆرتی : بەشدار عەلی**

لەم چەند ساڵەی دواییدا، رۆژ لەدوای رۆژ لە کوردستاندا بەکارهێنەرانی ماددەی بێهۆشکەر روو لەزیادبوون دەکات، لەم نێوەندەشدا گەنجان و لاوان زۆرترین رێژەی ئالوودەبووان پێکدەهێنن و وەکو خۆیان باسیان کرد لەناچارییدا لەدەست زۆری کێشەو گرفتەکاندا دەست بۆ بەکارهێنانی دەبەن بۆئەوەی بەقسەی خۆیان چەند ساتێکی (ئارام) بگوزەرێنن، ئەوەی زیاتر جێگای هەڵوێست و قسە لەسەرکردنە ئەوەیە کە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لەگەڵ ئێران زۆرترین رێژەی بەکارهێنانی تیایە، بۆیە ئێمەش بۆئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ ئالوودەبووان قسە بکەین وهۆکارەکانی تێبگەین بەپێویستمانزانی سەردانێکی قەزای (سۆران ) بکەین کە خاڵێکی سنووریی ئێرانە و ژمارەیەکی زۆری کوردە گەڕاوەکانی ئێرانیشی تیایدا نیشتەجێیە کە ئەم کوردانە تا ئێستاش لە پەیوەندییەکی پتەودان لەگەڵ ئێراندا، شایەنی گووتنە لەسۆراندا بەئاسانی توشبووان و ئالوودەبووانی ئەو ماددە سڕکەرانەمان دەستکەوت و ئامادەبوون قسەمان بۆ بکەن، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون وێنەیان بگرین و ناوی تەواویان بەرین.

لەسەرەتادا لەدوکانێکی کۆنە فرۆشتندا چاومان کەوت بە گەنجێکی رەنگ گەنمیی باڵا مام ناوەندیی و قژ درێژ کە خەریکی خۆسڕکردن بوو ویەکسەر گووتی : وەرە بامن قسەتان بۆ بکەم (من ناوم حامیدە و ماوەی ٥ ساڵە لەو وڵاتە خۆشە (ئێران) هاتووینەتەوە ئەو سۆرانە، لە سەرەتایترین پێداویستییەکانی ژیان بەهرەمەند نین و دەستمان بەهیچ شتێك راناگات نە ئاو نە کارەبا نە شەقام نە کارو کاسبی نەخانوو و جێگای حەوانەوە و نە ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر،ئەگەرچی هەموو ئەوانە و بگرە بەزیادەوەش لەئێراندا کە وڵاتی خۆشمان نەبوو بەئاسانی دەستت دەکەوت، چۆن پەنا بۆ خۆسڕکردن نەبەم، کە کەسێك نییە لێمان بپرسێتەوە).

(ب،ر)ش گوتی: من سەرەتای بەکارهێنان یاخود دەستپێکردنی من بەم ماددەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٦ کە یەکەم جار لەکوردستانی ئێران بەکارم هێنا، چۆنییەتی دەستکەوتنی ئەم ماددەیەش لەرێگای هاوڕێیانم بوو کە زۆر بێ حاڵ بووم لەدەست دەروونم بۆیە ناچار بووم روو لەم ماددەیە بکەم،زۆرم دەخوارد تا وام لێدەهات کە نەمدەتوانی بچمە دەرەوە هەر کاتێك ئەم ماددەیەشم نەمابوایە وەکو شێتانم لێ دەهات، ئەم ماددەیەم بۆ هێمنکردنەوەی مێشکم بەکاردەهێنم.

(ت، و) بازرگانی بەم ماددەیە دەکات و دەڵێت: ئەگەر سەیری گەنجی وەکو خۆم وهاوڕێکانم بکەم بەرێژەیەکی زۆر بەدوای ئەم ماددەیەوەین بۆ بازرگانییکردن و بەکارهێنانی، دەستکەوتنی ئەم ماددەیەش لەرێگای ئەو کەسانەوە دەبێت کە لەئێران دێن بۆ کارکردن لەکوردستان زۆربەی ئەو کەسانەش لەگەڵ خۆیان دەیهێنن بۆ پەیداکردنی پارەی خۆیان تاوەکو دەگەڕێنەوە خەریکی ئەم کارە دەبن،لەسنووری هەرێمی کوردستان و ئێران زۆر بەئاسانی ئەم ماددەیە دەهێننە نێو قەزای سۆران. گەنجێك نییە لەم سۆرانە لەنێو ماڵی خۆی ئەم ماددەیە بەکارنەهێنێ، بۆ ماوەی ١٢ ساڵە خەریکی بەکارهێنانی ئەم ماددەیەم، هیچ کاتێك لەلایەنی پۆلیسەوە دەستگیر نەکراوم، چونکە پۆلیس لەسەر سنوورەکان چاودێر نییە تەنیا بۆ ماوەی هەفتەیەك چاودێریی دەکەن دواتر واز لەم چاودێرییکردنە دەهێنن بۆیە ئێمە ئێستا شارەزای پۆلیس بووینەو ناتوانن بەئاسانی دەستگیرمان بکەن. ئەم ماددەیە لەراستیدا خۆی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ

لەناوبردنی گەنجی کورد ڕەوانەی کوردستانی دەکات.

(ش، ا) یەکێکە لەو گەنجانەی کە ناتوانێ واز لەم ماددەیە بهێنێت، ئەو دەڵێ: ئەو ماددانە گەلێ جۆرن شێوازی بەکارهێنانی ئەم جۆرانەش جیاوازە لەیەکتری و لە ئێران ئێستا ڕێژەیەکی زۆر ئەم ماددەیە ڕەوانە دەکات بۆئەوەی گەنج هۆشیار نەبێ و لەهیچ شتێ بەئاگا نەبێ،لەگەڵ ئەوە من زۆر کات ماددەی تلیاك بەکاردەهێنم تەنیا چەند جارێ هیرۆینم لەرێگای دەرزی لێدانەوە بەکارهێناوە،جگە لەم دوو ماددەیە ئیتر هەن کە زۆر مەترسیدارە بۆسەر مرۆڤ هەرەشەی کوشتنی لێ دەکات ئەوانیش وەکو کریستاڵ و کراك وات لێدەکات هەرگیز ئاگات لەژیان نەبێت،ناشتوانی بەئاسانیی وازی لێ بهێنی هەر کاتێکیش کە ئەم ماددەیەت نەما بێگومان هەموو دەمارەکانی گیانت ئازاری تیادەبێت و ئێسکی قاچەکانت ژان دەکات وخەوت نامێنێ، بۆیە مەحاڵە وازهێنان لەماددەی سڕکەر. ئەو کەسانەی ئەو ماددەیە بەکاردەهێنن لەژیان بێزارن وکۆمەڵگا قبووڵیان ناکات.

(س. ع) ئەم ماددەیەی بەکارهێناوە و فرۆشتوویەتی،ئەو دەڵێ: لەراستیدا ئەو کەسانەی ماددەی بێهۆشکەر بەکاردەهێنن کەسی ئاسایی نین ئەوانەن کە لەژیان هیچ شتێکیان نەماوە کە گوزارشت لەبوونیان بکات لەنێو ئەم کۆمەڵگایە، کەسی ئاسایی روو لەم ماددەیە ناکات. خۆم هەر کاتێك بمەوێت دەتوانم ئەم ماددەیە بەدەست بهێنم هەر هەموو ئەو کەسانەی کە بەکاریدەهێنن وەکو خۆمان هیچ بڕوایەکمان بەژیان نەماوە بۆیە ناچارین بەم ماددەیە دنیا لەبیر ببەینەوە، جگە لەوە کە کۆمەڵێ گەنجی مودمین هەن وەهەمانە تەنیا هەفتەی یەك دووجار بەکاری دەهێنێ. جگە لەبەکارهێنانی، ئەم ماددەیەم فرۆشتووە و هێناومەتە کوردستان و ئێستاش بەردەوام دەستم دەکەوێت و دەتوانم بیفرۆشم، بەڵام دەبێ ئێمە ئەوە بزانین کە تەنیا لەسۆران نییە بەڵکو لە دهۆك ناوچەی تەناهی زۆرترین ڕێژەی تێدایە و لەحاجی ئۆمەرانەوە دەگاتە لایان.

*مونتەنا ومەگنال و دوو جۆر پاکەتی ماددەی بێهۆشکەرن کە ئێستا ئێران دەیەوێت ڕەوانەی کوردستانی بکات. (ح، ك) ش کە دووچاربوویەکی تری ماددە سڕکەرەکان بوو گووتی: ئێستا جگە لەو ماددانەی کە بەکاری دەهێنین هەواڵی ئەوەم لەلا هەیە ئێستا ئێران خەریکی بەرهەمهێنانی دوو جۆرە پاکەتی ماددەی سڕکەرە کە بەناوی (مەگنال و مونتەنا)یە بۆیە دەڵێم ئەگەر ئەو ماددانە یاخود ئەم جۆرە پاکەتە بگاتە ئێرە،کوردستان تووشی هەڕەشەیەکی ترسناك دەبێ و دڵنیاشم کە ئەم دوو پاکەتە دەگاتە سۆران و هیچ کەسێ ناشتوانێ ئاشکرای بکات، چونکە هەستی پێ ناکرێ.

هەر سەبارەت بە هۆکاری بەکارهێنانی ئەو ماددانە بەرێژەیەکی زۆر لەلایەن گەنجان و لاوانەوە، ئیسماعیل ئیبراهیمی ڕۆژنامەنووس بەمشێوەیە هاتە قسەکردن: (هۆکارەکانی کەوای لە گەنجی سۆران و کورد کردووە روو لە ماددەی بێهۆشکەر بکەنەوە ئەوەیە هەوڵ نادرێت بەدوای هۆکاری سەرەکی بگەڕێن کە وایکردووە گەنجان ئەم ماددەیە بەکاربێنن، گەورەترین فەخرو شانازیی ڕێکخراو ودەزگای لاوان ئەوەیە لەم سنوورە خولێکی وەرزشی یاخود دروومان دەکاتەوە بیر ناکاتەوە کە گەنج هەیە دیناری لەنێو گیرفانیدا نییە، ئیتر ئەمە وا لەگەنج دەکات لەبن دیوارەکان سیکۆتین بخۆن و بەرەو مەرگ بڕۆن وتلیاك بەکاربێنن. وەزارەتێکی گەورە بەنێوی وەرزش و لاوان دامەزراوە کە ئەم وەزارەتە وادەزانێ تەنیا هەولێر کێشەی لاوی تیایە رۆژێ یەك کاتژمێریش نەهاتووە بزانێت گەنجی ئەم شارە وێرانە چی بەسەر هاتووە کێشەی چییە؟. ئا لەو کاتە کە گەنج هیچ کەسێ گوێی لێ نەگرێت و باوەشی بۆ نەکاتەوە و دەستی بگرێ لەسەر کارێکی دابنێت بێگومان پەنا بۆ شوێنێ دەبات دەردی دڵی خۆی بیر بچێتەوە بۆ یەك ساتیش بێ ناچارە ئەم ماددەیە بەکاردەهێنێ بۆ کەمکردنەوەی ئازارە دەروونییەکانی). گەورەترین کار ئێستا لەم سنوورە لەسەر گەنج دەکرێت بەچەکدار کردنییەتی کە تەمەنی ١٨ ساڵ دەبێ دەیکات بەچەکدار کە بیست ڕۆژ لەنێو شاخدا دەبێت ناچارە کە لە شاخ دێتەوە پەنا بۆ ماددەی سڕکەر و کۆچکردن دەبات جگە لەمە پەلاماری کچی خەڵکەکە دەدات. هەموو ئەم شتانەی کە هەن حکومەت لێی بەرپرسیارە ئەنجومەنی وەزیران پەرلەمانی کوردستان و ڕێکخراوە گەنجییەکان، پەرلەمانێك چواردە لیژنەی دیاریکردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان شەرمی بەخۆی بوو لیژنەیەك بۆ لاوان دابنێت! کە تۆ خاوەن پەرلەمانێکی ئاوابیت چ گەنجێکت لێ دەردەچێ بۆیە ڕۆژ بەڕۆژ بەکارهێنانی ئەم ماددەیە زیاد دەکات. تاوەکو ئێستا حکومەت بیری لەوە نەکردۆتەوە دەزگایەك لەسۆران دابنێت بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك، ئێمە ئاماری چڕوپڕمان لاهەیە و بەردەوام دەستمان دەکەوێت کە هەفتانە چەند گەنجی ئەم ناوچەیە دەستگیر دەکرێت، حکومەتیش تاوەکو ئێستا بیری لەوە نەکردۆتەوە کە دەزگایەکی هۆشیاریی بۆ خەڵك دابمەزرێنێت کە لایەنی خراپەکانی ومەترسی ئەم ماددەیە دیاری بخات کە ژەهراوییە و کوشتنی لەسەرەخۆیە



بۆ کۆمەڵ ڤایرۆسێکە لەنێو کۆمەڵگەدا،حکومەت وهەموو دەزگاکانی تر لێی بێ خەمن،ئەوەندەی بیر لە گۆڕینی سەیارە و باڵەخانە و خانوو دەکەنەوە بیر لەم مەترسییە ناکەنەوە بۆسەر کۆمەڵگا،ئەوەندە بیر لەپەراوێزکردنی گەنج و بەحیزبیکردنی گەنج دەکەنەوە بیر نەکراوەتەوە لەوەی گەنجێکی تەندروست بەرهەم بهێنرێت . بۆیە دەڵێم حکومەت تاوانبارە چاودێریی سەر سنوور ناکات و ڕێگاچارەی بۆ دانانێت.

پۆلیسی سۆران لەگەڵ ئەوەش توانایەکی زۆری نییە بۆ ئەوەی بەتەنیا چارەسەری ئەم کێشە مەترسیدارە بکات. لەکۆتاییدا چاومان کەوت بە( سەرکەوت قادر) کە گەنجێکی نزیکە لەئالوودەبووان بەمادەی بێهۆشکەر کە دوکانی مۆبایلی هەبوو لەنێو بازاڕی سۆران و لەبارەی جۆری ماددەکان و هۆکاری ئالوودەبووانە گووتی:

(ئەم ماددانەی لێرە بەکاردەهێنرێت زۆرن بە پلەیەك تلیاك وهیرۆین و حەشیشن کە گەلێك زۆرترە کریستال جۆرێکی ترە لەگەڵ حەشیشە کە ئێستا لەنێو کوردستان بەتایبەتی سۆران گەلێك زۆرە ئەو کەسەی بەکاریدەهێنێ لەنێو ماڵدا بەکاریدەهێنێت لەپشت دەرگاکان ئەمانەن کە دوای ئەوەندە خوێندن کە لایەنگری حیزبێ نەبن لەهیچ شوێنێ دانامەزرێت و ناتوانن ژیان بگوزەرێنن ناچارن پەنا بۆ ئەم ماددەیە دەبەن. ئەو کەسانە گەنجی ئەم شارەن هەموو ناخی پڕە لەوشەی جوان پڕە لەگوڵ، کە قسە دەکەن شیعر لەدەمیان دەبارێت کە تووڕە دەبن بەگوڵ خۆیان نیشان دەدەن لەبەرئەوەی زمانی ئەوان گوڵە ئەوانی بەرامبەریان زمانیان چەکە).

# سوريا.. بازاڕەکانی کوردستان پڕ دەکات لەرەقسی شەرقی





**راپۆرت: بەكر فارس- هەولێر**

رەواجی رەقسی لەبازاڕەكانی سیدی فرۆشان زیاد دەبێت، ئەگەرچی ئەو سەمایە مێژوویەكی خۆی هەیە، بەهونەرێكی جیهانیش ناسراوە، بەلاَم وەك سیدیفرۆشەكان باسی دەكەن لەهەولێر گەنجەكان بەهۆی وروژانی سێكسییەوە سیدی رەقس دەكرن، هەر سیدیفرۆشەكان ئاماژە بەوە دەكەن كەئەو رەقسانە لەسوریاوە دێن و لەگەڵ هاتنی عەرەبەكانی باشووریش بۆ كوردستان رەواجیان لەبازاڕ زیاد بووە، سەمای رۆژهەلاَتیی جۆرێك سەمایە، بریتییە لەجولاَندن ویاریپێكردنی تەواوی جەستە. هەروەها سەمایەكی سەرنجراكێشەو بەتەنیا لەگەڵ مۆسیقا ئەنجام دەدرێت،سەماكاری سەمای رۆژهەلاَتیی،بەكاریگەریی وشەومۆسیقا، لەرێگەی سەماوە گوزارشت لەهەستەكانیان دەكەن، تەنانەت گەر سەماكەیان چەند جموجوڵێكی سادەش بێت. ئامانجی سەماكارەكان دروستكردنی جۆرێك لەپەیوەندییە لەگەڵ ئامادەبووان‌دا لەرێگەی بەرجەستەكردنی هەست و ئیقاعی مۆسیقاوە. سەمای رۆژهەلاَتی كۆنترین جۆری سەمایە لەجیهاندا. زۆر كەسیش لایوایە تەنیا سەمای ئافرەتانە، هەندێكی تریش پێیانوایە سەماكارە گەنجەكان،ئەزموونێكی سنووردارییان هەیە، كەبتوانن ئەو جۆرە سەمایە ئەنجام بدەن. بەلاَم سەرەرای بەناوبانگیی ئافرەتە سەماكارەكان لەو سەمایەدا، كەچی پیاوانیش زۆرجار سەمای رۆژهەلاَتیی ئەنجام دەدەن، هەرچەندە ئەو حاڵەتە لەنێو پیاوانی عەرەبدا زۆر باو نییە. ئەو جۆرە سەمایە بەپێی هەندێك سەرچاوە، مێژووەكەی بۆ سەردەمی فیرعەونەكانی میسر دەگەڕێتەوە، دواتر بەهەموو دونیا بلاَوبۆتەوە، ئێستا میسر لەپێشەنگی ولاَتانی دنیایە لەسەمای رۆژهەلاَتیدا، گەورەترین مەشقكارانی ئەو سەمایەش هەر لەمیسرن، ئەگەر پێشووتر ئەو سەمایە لەلایەن پیاوان وژنانەوە لەپەرستگاكان ئەنجامدراوە، بەلاَم ئێستا تایبەتە بەژنان و لەزۆر شوێنیش ئەو سەمایە لەمەلهاكان دەكرێت، ئەوەی سەرنجی پیاوانی بەلای ئەو سەمایەدا رادەكێشێت ئەوەیە ئێستا ئەو سەمایە بەجۆرە جلێكی تایبەتەوە دەكرێت، كەبەشێوەیەكە سەماكارەكە زۆربەی شوێنە وروژێنەرەكانی دەردەكەوێت، بۆیە زۆرجار تەماشاكەرانی ئەو سەمایە بەهۆكارێكی تێركردنی هەستی سێكسییان دەزانن. وەك لەقسەی سیدیفرۆشەكانی هەولێریش دەدەكەوێت، گەنجانی كوردیش هەر لەدیدێكی سێكسییەوە سەیری ئەو سیدیانە دەكەن، كە هەر بەناوی رەقسی شەرقی لەبازاڕی سیدیفرۆشەكان دەفرۆشرێت، رەواجی ئەو سیدیانە زیاد دەكەن. كوڕێكی گەنج كەچەند ڤیدیۆیەكی لەدەستدابوو، بەعەرەبیی لەسەریان نوسرابوو (بەزمی شەوانەی كچەكانی سوریا)، ئەو كوڕە بەشەرمەوە وتی: من لەبەر رەقس نەمكڕیوە، گۆرانییەكان خۆشن. دواتر ئەو كوڕە كەنایەوێت ناوی خۆی بلێت وتی: راستییەكەی من حەزم لەبینینی ئەو كچە جوانانەیە كەهیچ جلیان لەبەردا نییە، من پێشتر نەمدەزانی رەقسی شەرقی چییە، ئەگەر ئەو ژنانە جلیان لەبەرنەبووایە من ئێستاش نەمدەزانی.

سامی سیروان - یەكێكە لەسیدیفرۆشەكانی دەلاَلخانەی هەولێر، لەسەر ئەو مێزەی بەردەمی چەندین دەستە سیدی ودی ڤی دی هەبوو، كەناوی رەقسیان لەسەر نوسرابوو، سامی وتی (لەمێژە لێرە هەیە، بەلاَم ئێستا زیاتر دەفرۆشرێت، چونكە عەرەبەكان بۆ خۆیان دەیكڕن، تەمەنیشیان لەبیست وپێنج ساڵیدان، كورد كەم دەیكرێت، ئەوانەشی دەیكڕن زۆربەی گەنجن).

ئەكرەم محەمەد كەسیدیفرۆشێكە، وەهای نیشاندەدا كەسەرچاوەی هاتنی ئەو سیدیانە دەزانێت، بۆیە وتی (خەڵك لێرەوە دەچن بۆ سوریا وێنە دێنن، كەلەگەڵ وێنەكاندا نوسخەیەكی سیدییەكەش دێن ولێرەوە سەنتەرەكان لێیان دەكڕن، خۆی ئەو سیدیانە ئاهەنگی سەری ساڵە وجەژنی لەدایكبوونی منداڵ وبۆنەی بووك و زاوایە، بەلاَم لێرە لەسەنتەرەكان دەیكرن). ئەكرەم هەر پێیوایە هۆكاری كرینی ئەو سیدیانە ئەوەیە كەژنەكان نیمچە رووتن، ئەكرەم وتی: لەبەر ئەوەیە نیمچە رووتن ، ئەگەر جلوبەرگی تەواویان لەبەردابێت كەس نایكرێت.

رۆژگار یەكێكە لەخاوەن سەنتەرەكان كەسیدی رەقس كۆپیّ دەكات، ئەو كورە گەنجە وتی: لەسوریاوە دەیهێنن و دابەشی دەكەن بەدوكانەكاندا، هەندێك لەسەنتەرەكان دەیكرن وبەلاَم هەندێكیان نایكرن، ئەوانەی لای ئێمە دەیبەن سیدیفرۆشەكانی دەلاَلخانەن یان زۆرجار لەسلێمانیش دێن بۆی، زۆریشیان دەیكرن بۆ ماڵەوە، زیاتر گەنجەكان دەیكرن. جگە لەو قسانەش، رۆژگار وتی: كورد دەچن بۆ سوریا، بۆ گۆرانی بەلاَم لەگەڵ خۆیاندا لەو وێنانەش دەهێنن ودەیفرۆشن ولەبازاڕیش سەرڤ زۆرە. هۆكارەكەیشی بۆ ئەوە گێرایەوە گەنجان زۆر حەزی لێدەكەن، چونكە ئافرەتی بەنیوە رووتەوە دەبینێت رەقس دەكات، رەقسەكانیش سوورین.



# پاپا و دەستدرێژیی سێکسی قەشەکان لەئەمەریکا




محەمەد مەلا مەحمود– ئەمەریکا

قەشەکانی کاسۆلیك مێژوویەکی زۆر کۆنیان هەیە لەبواری دەستدرێژیکردنی سێکسی بۆسەر قوتابیانی پەرستگای خۆیان. بەپێی رۆژنامەی (Daily News Record) مێژووەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٠، لەو کاتەوە تا ئێستا ٤٠٠٠ قەشە تاوانبار کراون بە ئەنجامدانی کاری سێکسی لەگەڵ قوتابیانی قوتابخانەی تایبەت بە (مەزهەب)ی کاسۆلیك لەئایینی مەسیحی، هەروەها ٢ ملیار دۆلاری ئەمەریکی سزایان لێسەندراوە، زۆربەی ئەم پارەیە لەشەش ساڵی رابردوو بووە و تا ئێستاش شەش پەرستگا داوای قەڵۆشیان (الافلاس) کردووە. لەسەرەتای ئەم سەدەیە ئەم کارە ناپەسەندە زۆر بەزەقی دەنگی دایەوە لە ئەمەریکاو جیهاندا، زۆربەشی لەشاری بۆستن پایتەختی ویلایەتی مەسەچوستس روویداوە، بەهۆی ئەم کارە دڵتەزێنە چەندەها قەشە راپێچی زیندانەکانی ئەمەریکا کراون. پاپای ڤاتیکان لەسەردانەکەی بۆ ئەمەریکا چەندەها کۆبوونەوەی سازدا لەگەڵ قەشەکانی کاسۆلیك و ئەو کەسانەی دەستدرێژیان کراوەتە سەر، پاپا کۆبوونەوەی گشتی و تایبەتی هەبوو، لەرۆژی سێیەمی سەردانەکەی لەشاری واشنتۆن لەیاریگای بیس بۆڵ بەراشکاویی باسی کاری سێکسی دەکرد بۆ قەشەو جەماوەر، بەئامادەبوونی هەزاران کەس و وەرگێڕانی قسەکانی بۆ دە زمان، هەروەها قسەی تایبەتی هەبوو هەریەکی بەجیا، بۆ قەشەکان، لێقەوماوەکان، سەرۆکی کالیژ، سەرۆکی زانکۆ، بەڵام گفتوگۆی تایبەتی هەبوو لەگەڵ لێقەوماوەکان لە باڵیۆزخانەی ڤاتیکان لەواشنتۆن و دڵدانەوەیەکی زۆری کردن و هانیدان کە بەردەوامبن لە ژیاندا، هەروەها نوێژیشی لەگەڵ کردن، زۆر لەو لێقەوماوانە فرمێسکیان لەچاوان دەهاتە خوارەوە، زۆریشیان بەدەنگەوە دەگریان. دانیشتوانی ئەمەریکا چاوەڕوانیان دەکرد جارێك باسی ئەم کارە بکاو بەس، بەڵام پاپا لەهەموو کۆڕەکان رووی لە قەشەکان دەکردو دەیگوت: ئەمە کارەساتێکی زۆر دڵتەزێنە و مرۆڤایەتی قێزی لێدەکاتەوە و بۆتە خاڵێکی رەش بەنێوچاوانی پیاوانی ئایینی کاسۆلیکەوە.

پاپا پەیمانی شەرەفی بەلایەنگیرانی (مەزهەب)ی کاسۆلیك دا کە ئەمجارە کەسانێك پەروەردە بکەن بۆ قەشایەتی کە شایەنی ئەم کارە گرنگە بن، چونکە ئەم کارەساتە زیانی گەورەی بە کۆمەڵگەی مەسیحییەت گەیاندووە. پاپا لەپارکی ناشناڵ بەئامادەبوونی زیاتر لە ٤٥٠٠٠ کەس بەشێوەیەکی توندوتیژ بە قەشەکانی گوت: ئێوە بە نەزانانە کارتان کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. لەگەڵ ئەوەش خوا ئێوەی دیاری کردووە بۆ چارەسەری کێشەکان و ساڕێژکردنی برینەکان، کەواتە پێویستە لەسەر ئێوە یارمەتی دەروونی لێقەوماوەکان بدەن. یەکێك لە قەشەکانی بۆستن لیستێکی ئامادەکرد بۆ پاپا، لەنێو ئەم لیستە ناوی زیاتر ١٠٠٠ کەسی تێدا بوو کە دەستدرێژیی سێکسییان کرابوویە سەر لەیەك لە پەرستگاکانی بۆستن. پاپا ئاماژەشی بەوە کرد کە وڵاتانی ئەمەریکا زەمینەیەکی گونجاوە بۆ هەموو بواری ژیان، بەڵام کەسانێك هەن بەکاری خۆیان هەڵناستن و دەبنە هۆی بێ ئومێدیی خۆیان و کەسانی تریش، هەروەها گووتیشی: باپیرەکانتان هاتنە ئەمەریکا بۆ وەدەستهێنانی ئازادیی، بەڵام لەراستیدا زۆر کەسیش ئازادیی لەدەستچوو، وەك: رەش پێستەکانی ئەفەریکا و ئەمەریکییە رەسەنەکان.

## چیرۆکی پێڵاوەکەی گاندی

دەڵێن جارێکیان گاندی بەپەلە رای دەکرد تا بەشەمەندەفەرەکەی رابگات،لەگەڵ خۆ فڕێدانی بۆ ناو شەمەندەفەرەکە کە خەریکبوو بڕوات تاکە پێڵاوێکی لێ دەکەوێتە خوارەوە، گاندی بەپەلە تاکەکەشی تریشی داکەندووەو بەتوندیی بۆ لای تاکە لێکەوتووەکەی فڕێداوە، هاوڕێکانی بەسەرسوڕمانەوە لێیان پرسی بۆچی واتکرد؟. گاندی لەوەلآمدا وتی: حەزمکرد کەئەو هەژارەی پێڵاوەکەی دەدۆزێتەوە هەردوو تاکەکە بدۆزێتەوە. تاکێك پێڵاو نە بەکەڵکی ئەو دێت نە بەکەڵکی من. بائێمەش فێربین ئەگەر شتێك لەدەستی ئێمە چوو و بەر یەکێکی تر کەوت بادڵخۆش بین و خەفەت لەوە نەخۆین کە لەدەستمان چووە.

**ئا: نازەنین عوسمان**



# زوو ژنهێنان تەمەن درێژیی منداڵ مسۆگەر دەکات



ئەو ژنانەی لەتەمەنێکی پیرییدا منداڵیان دەبێت،تەندروستی ئەو منداڵانەیان ناهەموار دەبێت. لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریدەخات،کەهەروەها ئەو باوکانەی بەچوونە تەمەنەوە منداڵ دەخەنەوە،تەندروستی منداڵەکانیان ناهەموار دەبێت وبەهۆیەوە ئەگەرەکانی کورتبوونەوەی تەمەن روو لەبەرزبوونەوە دەکات. زانیارییە پزیشکییەکانی پێشوو دەریانخستووە،تەمەنی ژنان کاریگەریی نێگەتیڤ دەکاتە سەر خستنەوەی منداڵ. بەڵام لەناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەیەکی نوێوە دەردەکەوێت:کەهەروەها تەمەنی پیاوان کاریگەریی نێگەتیڤی بۆ سەر تەندروستی منداڵان هەیە. لێکۆڵینەوەی زانستیی نوێ روونی دەکاتەوە،ئەو پیاوانەی لەسەرەتای تەمەنی ٤٥ساڵییەوە منداڵ دەخەنەوە،ئەگەری مردنی منداڵەکانیان بەرێژەیەکی زۆر بەرز دەبێتەوە. ئەگەر لەگەڵ پیاوانی ٢٥-٣٠ ساڵ بەراورد بکرێن. توێژەران لەزانکۆی(Arhus)ی دانیمارکی لەئاکامی لێکۆڵینەوەیەکیان پێیانوایە، تێپەڕبوونی تەمەن کاریگەریی دەکاتە سەر باشی جۆری سپێرمەکان و ئەوەش کاردانەوەیەکی نێگەتیڤ لەسەر تەندروستی منداڵە لەدایکبووەکە جێدەهێڵێت. هەروەك بۆ توێژەران دەرکەوتووە،بەتێپەڕبوونی تەمەن پەڕین لەخانە تۆوییەکاندا زیاتر روو دەدات. دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە،ئەو منداڵانەی لەباوکێکی پیر دێنە ژیانەوە،ئەگەری مانەوەیان لەژیاندا زۆر کەمە و زۆربەشیان لەسکی دایکیاندا دەمرن و رێژەی ئەو مردنەش زۆرجار دەگاتە دوو ئەوەندە. هۆکاری ئەو مردنەش بۆ نەخۆشییە بۆماوەییەکان دەگەڕێتەوە،کەدەبێتە هۆی لێنەدانی دڵ بەشێوەیەکی تەندروست وناڕێکی لەبڕبڕەی پشتدا. هەروەها پێدەچێت بەهۆیەوە بریندداربوون و ژەهراویبوونی کۆرپەکان دوو ئەوەندە زیاتر بن. (Jin Liang Zhu) نووسەری ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەیە وهۆکاری مردنی منداڵان بۆ دەرکەوتنی نەخۆشییەکانی وەك پەرکەم وگۆشەگیریی دەگەڕێنێتەوە، ناوبراو لەدرێژەی پەیڤەکانیدا دەڵێت (لەرێگای ئەو دوو نەخۆشییەوە منداڵان زیاتر هەوڵی خۆ بریندارکردن یان خۆ ژەهراویکردن دەدەن). توێژەری ناوبراو وهاوەڵەکانی لەیەکێك لەگۆڤارەکاندا دەنووسن: گرفتەکانی منداڵ دروستکردن لەتەمەنێکی درەنگدا زۆر ئاڵۆزترە،وەك لەوەی تاوەکو ئێستا هەستی پێدەکرا.

# چۆن دەزانیت هاوسەرەکەت درۆ دەکات؟



هونەری خوێندنەوەی بیرەکان،کتێبێکی تازەیە کە لەلایەن هێنریك فیکیۆسەوە نووسراوە. نووسەر لەم کتێبە دانسقەیەیدا باسی ئەوە دەکات چۆن ژنان وپیاوان دەتوانن یەکتری تاقی بکەنەوەو بزانن ئایا بەرامبەرەکەیان لەکاتی قسەکردندا راست دەکات یان پێچەوانەکەی؟. نووسەر لەکتێبەکەیدا گەڕاوەتەوە بۆ چەند نموونەیەك کەیەکێکیان (بێڵ کلینتۆن)ی سەرۆکی پێشووی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە کە بەبڕوای نووسەر زۆر شارەزایانە درۆی دەکرد بەتایبەت لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بەهۆی سکەندالی (مۆنیکا لوینسکی)یەوە، نووسەر دەڵێت: بێڵ کلینتۆن سەرەڕای ئەوەی سەیری کامێراکانی دەکردو بەردەوام سەری بەرز دەکردەوە، بەڵام لەیەك شتدا درۆکانی ئاشکرابوون ئەویش ئەوبوو کە ٢٦ دەستی کردە کوونە لووتییەوە. بەپێی مەزندەی نووسەر و لەبابەتەکەیدا کە لەئیکپرس بلاْوکراوەتەوە باسی شەش (٦)نیشانەی درۆکردن کراوە کەخۆیان لەمانەدا دەبیننەوە: ١- تووڕەبوون لەکاتێکدا پێویست بەتووڕەیی نەکات. ٢- کاتێك لینسی چاوەکان فراوان دەبێت. ٣- خێراتر هەناسە بکێشرێت. ٤- تەنیا یەك چاو لەبەرامبەرەکە بنووقێنرێت. ٥- سووربوونی دەموچاو (نەك لەبەر شەرمنی بێت). ٦-بەرزکردنەوەی دەست بۆ دەموچاووەك خورانی دەموچاو یان دەستکارییکردنی قژ بەدەست.

# ڕواڵەتی دەموچاوی دایك وباوك کاریگەریی بۆ سەر شیرەخۆرە هەیە



توێژەران بۆیان دەرکەوتووە،ڕواڵەتی دەموچاوی دایك وباوك لەتەمەنی سێ مانگییەوە کاریگەریی لەسەر شیرەخۆرە هەیە، ئەو کاریگەرییەش هەر دەبێت، ئەگەرچی دایکان وباوکان ڕاستەوخۆ سەیری منداڵەکانیان نەکەن. ( Stefanie hoehl) لەپەیمانگای(Max –planck) بۆ زانستەکانی مێشك لەشاری (Leipzig) ی ئەڵمانیا دەڵێت (پێشتر دەزانرا،ڕواڵەتی دەموچاوی دایك وباوکی سەرەتا بەچوونە تەمەنی یەك ساڵییەوە کاریگەریی دەبێت). بەڵام ئێستا وپاش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی خاتوونی ئەڵمانی ناوبراو بەهاوبەشی لەگەڵ دوو توێژەری دیکە پێچەوانەوەی ئەو زانیارییەی پێشوویان بۆ دەرکەوتووە. لە لێکۆڵینەوەکەیاندا توێژەرانی ئەڵمانی هەڵسان بەتاقیکردنەوە لەسەر٤٥ شیرەخۆرە. لەمیانەی لێکۆڵینەوەکەیاندا توێژەران وێنەی هەمەچەشنیان نیشانی شیرەخۆرەکاندا. وێنە نیشاندراوەکانیش بریتی بوون لەیاریی هەمەچەشن ودەموچاوی مرۆڤی ڕووخۆش وتووڕە. بەیارمەتی ئامێریEEG توێژەران هەڵسان بەپێوەرکردنی چالاکیی مێشکی منداڵەکان. هاوکات شیرەخۆرەکان لەسەر کۆشی دایك یان باوکیان دانیشتبوون، لەپاشان هەمان شێواز دووبارە کرایەوە، بەڵام ئەو سات شیرەخۆرەکان تەنیا وێنەی یارییەکانیان بەبێ دەموچاوەکان بەرچاو کەوت. توێژەران لەسەر ڕووپەڕی (Plos one) دا دەنووسن: شیرەخۆرەکان زۆر بەسەرنجەوە تەماشای ڕواڵەتی دەموچاوی ناو وێنە نیشاندراوەکانیان کردووە. شێوازی ڕواڵەتی دەموچاوی ناو وێنەکان دەبنە هۆکاری ڕاکێشانی سەرنجی شیرەخۆرەکان، ئەوەش زۆر زیاتر بەتەماشاکردنی یارییەکانی ناو وێنەکان. (Stefanie hoehl) دەگاتە بەڵگەی ئەوەی کە شیرەخۆرە لەتەمەنی سێ مانگییەوە ڕواڵەتی دەموچاوی دایك وباوك کاریگەریی دەکاتە سەری و بەسەرنجەوە تێی دەڕوانێت.

# بۆچی و بەچی ژنان لەهاوسەرەکانیان تووڕە دەبن؟



پیاوان خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکن کەدەبێتە هۆی تووڕەبوونی هاوسەرەکانیان و ئەگەر ئەو تایبەتمەندییانە بەردەوام بێت ئەوە کۆتاییەکی خۆشی نابێت. ئەو جۆرە پیاوانەشی هاوسەرەکانیان لێیان تووڕەیە ئەمانەن:

•ئەو پیاوانەی زۆر فەرمان دەکەن بەسەر ژنەکانیاندا.
•ئەو پیاوانەی کەهەموو شتێك لەپشتی پەردەیەکەوە دەشارنەوە.
•ئەو پیاوانەی تاقەتی قسەکردنیان نییەو هەمیشە بێدەنگن.
•ئەو پیاوانەی بەردەوام ناوچاو تاڵ و تووڕەن.
•ئەو پیاوانەی کە داوا و ویستەکانیان بەهاوسەرەکانیان ناڵێن .
•ئەو پیاوانەی کەهەستەکانیان لەناخیاندا دەشارنەوەو دواتر وەك بۆمبێك دەتەقنەوە.
•ئەو پیاوانەی لەناوەڕاستی قسەکردندا ژوور بەجێدەهێڵن و دەڕۆن.
•ئەو پیاوانەی گاڵتە بەهەستی هاوسەرەکانیان دەکەن.
•ئەو پیاوانەی بەمەبەستی ڕاکردن لەکێشەکانیان پەنا دەبەنە بەر درۆکردن.
•ئەو پیاوانەی زۆر دڵ ناسکن وزوو دڵگران دەبن و حەق بەخۆیان دەدەن.



# سیٚ هۆکاری قەڵەویی لەناو کچە گەنجەکاندا

ئاژانسی هەواڵنێری (نووڤیستی) رووسیا لەراپۆرتێکدا بەپشت بەستن بەبڵاوکراوەیەکی پزیشکیی ئەمەریکیی ئاماژە بەهۆکارەکانی قەڵەوبوونی کچە گەنجەکان دەکات. بەپێی ئەم بڵاوکراوەیە، کەم خەویی، زۆرخواردنەوەی ئەلکهول وتێپەڕاندنی کات لەسەر ئینتەرنێت سیٚ هۆکاری سەرەکین بۆ قەڵەوبوونی کچان. نووسەری ئەم بابەتە (دکتۆرە کاترین برکی) دەڵێت: بەگشتیی ئەو کچانەی کەپێدەنێنە تەمەنی لاوێتی زۆربەیان تووشی زۆربوونی کێش دەبن کەزۆرجار هۆکارەکەی روون نییە. زانایان لەم پێوەندییەدا پشکنینی پزیشکیان لەسەر پێنج هەزار کچی تەمەن ١٤-٢١ ساڵە کردووە لەپەنجا ویلایەتی ئەمەریکا، دەرئەنجامەکان دەریدەخات ئەو کچانەی کاتی زۆر لەسەر ئینتەرنێت تێدەپەڕێنن وخواردنەوەی ئەلکهولیی زیاتر دەخۆنەوە کێشی ئەوان لەکۆتایی ساڵدا زیاتر دەبێت. بەڵام کچانی سەرەوەی ١٨ ساڵ وبەرەو سەر کەزیاتر لەیەك جار لەهەفتەیەکدا دەخۆنەوەو کەمتر لە ٦ کاتژمێر شەوانە دەخەون وکاتی زۆرتر لەسەر ئینتەرنێت تێدەپەڕێنن، دوو کیلۆ لەو کچانەی کەلەم تاقیکارییە پزیشکیانەدا ئامادەبوون زیاتر قەڵەو دەبن. دکتۆرە برکی دەڵێت: بۆ ئەوەی کێشەی خۆیان بەئاسایی رابگرن پێویستە کچەکان هەوڵبدەن کاتی کەمتر لەسەر ئینتەرنێت تێپەڕێنن، لەخواردنەوەی ئەلکهولٚ زیاتر خۆ بپارێزن و زیاتریش بخەون.

# شووتی و ڤیاگرا وەك یەکن



توێژەرانی ئەمەریکی لەلێکۆڵینەوەیەکی تازەدا ئاشکرایان کرد کەشووتی سوودێکی گرنگ بەپیاو دەبەخشێت، چونکە ماددەیەکی گرنگی تێدایە کەکاریگەرییەکانی هاوشێوەی کاریگەریی ئەو ماددانەیە کەحەبی (ڤیاگرا)ی لیٚ دروستکراوە، بەوەش شووتی کاریگەرە بۆ چارەسەرکردنی لاوازیی سێکسیی پیاوان. توێژەرانی سەنتەری باشکردنی میوە وسەوزە لەزانکۆی (تەکساس)گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامەی شووتی بڕێك ماددەی سروشتیی تێدایە کەکاریگەریی ئیجابیان هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ، بەتایبەتی لیکوبین وبیتا وکاروتین. لەمبارەوە (دکتۆر بیمۆ باتیل) لە (کولدج ستایشن ئەی ئێم) لەتەکساس دەڵێت: شووتی سوور لەماددەی phyto-nutrients پێکهاتووە کەسوودێکی زۆر باشترکردنی باری سێکسیی پیاو هەیە وباری تەندروستیش بەرەو باشتر دەبات. هەروەها ئاماژەشی بەوەدا خواردنی شووتی کەئەو ماددەیەی تێدایە، ترشەڵۆکی Arginine دەڕژێنێت بەسەر هەندێك ئەنزیمەکانی لەشدا. باتیل تەئکیدشی کردەوە کەپەیوەندییەك لەنێوان Arginine-Citrulline هەیە کەکاریگەریی باشی هەیە بۆ پاراستنی مرۆڤ لەنەخۆشییەکانی دڵ ونەخۆشی دووەمی شەکرە. لەبەشێکی لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە: ئەگەرچی شووتی ناتوانێت وەك ڤیاگرا کاربکات بەڵام کاریگەرییەکی لەوجۆرەی هەیە وهیچ زیانێکی لاوەکیشی لەو بوارەدا نییە.

# ناوی گەورە ودێی وێران



دێرین جەمال محەمەد

شێرپەنجە ئەو حاڵەتە مەترسیدارەیە کە لەدێرزەمانەوە خەڵك بەبیستنی ناوەکەیشی سڵ دەکەنەوە، ئەو نەخۆشییەی کەساڵانەو رۆژانە چەندین کەس دەکەوێتە ناو ئەندێشەی وئازار ودەردە دەروونییەکانییەوە. بوونی زۆربەی حاڵەتەکانی شێرپەنجە لەرووە زانستییەکەیەوە نەزانراوە، خودی شێرپەنجەش زۆربەی زۆری تا ئەمڕۆ زاناکانی بواری پزیشکیی سەغڵەت کردووە بەدۆزینەوەی چارەسەری گونجاو وکاریگەر، چەندین بابەتی بوێری ولێکۆڵینەوە رۆژانە دەخرێنە روو لەبارەی هۆکار وفاکتەری دروستبوونی شێرپەنجەوە، شێرپەنجە وەکو هەر نەخۆشییەکی دیکە بگرە لەنەخۆشییەکانی دیکە زیاتریش کاردەکاتە سەر تێکچوونی باری تەندروستیی لەش وهۆکاری گەورەی دەروونی دروست دەکات، هەر لەگۆشەگیریی وخەمۆکیی ودڵەڕاوکێ وبێئومێدییەوە تد...، بەهەرحاڵ لەوڵاتێکی وەك وڵاتی ئێمەدا لەپاش ئەم هەموو کارەساتە گەورانەی وەکو کیمیاباران و تاقیکردنەوەی چەکی جۆراوجۆر ودروستبوونی چەندین تیشکی پەخشکراوەی کارگەکان ودەزگاکانی راگەیاندن و بەرەڵاکردنی بازاڕی ئازادی بازرگانیی مەوادی شێرپەنجەو هێنانی خواردمەنی خراپ وئێکسپایەر وستۆك وچەندین هۆکاری دی، بێگومان ئەمانە هەمووی پێویستیی بەبەدواداچوون ولێکۆڵینەوەی ورد هەیەو پێویستیی بەرێگەچارەی گونجاوە لەلایەن خودی دەسەڵاتی کوردیی ولایەنە پسپۆڕ وپەیوەندیدارەکانەوە. ئەمانە زۆربەی زۆری کوشتنی رۆحە بێتاوانەکانەو مەرگێکی شاراوەی خەڵك وتاکەکانی کۆمەڵەو رەنگە بڵێین هیچی کەمتر نییە لەکوشتنی بەکۆمەڵ وجینۆسایدی خەڵکی کورد. لەپاش راپەڕین و بەو خۆری ئازادییەی کەهەموو چاوەڕێی بووین، دەرگای ئازادییەکانمان لێکرایەوە، وەکو ئەوەی هیچمان نەدیبێت کەوتینە کاسپیکردن وهەڵپەکردن بۆ بەدەستهێنانی گەورەترین دەستمایەو پارەوپوول، کەوتینە دروستکردنی کۆمپانیاو کارگەو بازرگانیی وڵاتانی دراوسێ وبێگانە بۆ هێنان ودروستکردنی کەلوپەل بەهەموو جۆرەکانییەوە بەبێ گوێدانە کوالێتی وشایستەیی ئەو بابەتانەی دێنە بەردەستی جەماوەرەوە، لەمەشدا بەداخەوە کەسانی بەرپرسیار وخودی دەسەڵاتیش هاوشان وخاوەن پشکی شێر بوون. ئەمانە وایکرد خەڵکی هەژار جەستەو دەروونی پڕبێت لەئەندێشەو نەخۆشیی بەرامبەر بەپڕبوونی گیرفانی سەرمایەداران وبەرپرسیاران. شایەنی باسە هەندێ لەدڵسۆزان کەوتنە بیرکردنەوە لەچارەسەر وکردنەوەی سەنتەری تایبەتی بۆ چارەسەری کێشە جەستەیی ودەروونییەکان، بەڵام دەسەڵات بەرێژەیەکی زۆر کەم ئاوڕی لەکێشەو نەخۆشییەکان دایەوە بەتایبەتی لەنەخۆشیی شێرپەنجە کەبەشێوەیەکی بەرچاو رۆژ بەرۆژ روو لەزیادبوونە. ئەوەتانێ لەژێر سایاتی ئازادیی ومافی مرۆڤ ومافی توخمی ئافرەتدا سەنتەرێك هەیە بۆ چاودێرییکردنی نەخۆشییەکانی مەمکی ئافرەتان وشێرپەنجەی مەمك، بەڵام من خودی خۆم رێم کەوتە ئەوێ بۆ چارەسەر، بینیم کەسەنتەر لەم وڵاتەدا بریتییە لەژوورێ یان چەند ژوورێك وهۆڵێك، بەڵام ماڵی بەرپرسیارێك هێندەی باڵەخانەی گەورەترین دەزگای تەندروستییە، بەکورتی سەنتەری بوژانەوەی چارەسەری شێرپەنجەی مەمك سەنتەری ماڵەباجێنە وسەر تەنووری ژنانە، سەرەتا کەچوومە ژوورەوە چوومە ناو هۆڵێکی نیمچە گەورەی چەند دەرگایی کەژوورێکی لەسەر بوو بەرامبەر بەیەك، لەبەردەم هەر ژوورێکدا چەند کورسییەك دانرابوو، نەمدەزانی کامە ژووری بلیتبڕەو کامەش بۆ چارەسەرە، چونکە لەسەر هەر دیوارێکی ژوورەکان ناوی چەندین پزیشك نوسرابوو، دەبوایە هەلور بلورم بۆ بکردایە تاژووری بلیتبڕ بدۆزمەوە. بەهەرحاڵ بەپرسیارکردن ژووری بلیتبڕم دۆزییەوە، لەپاشان لەبەردەم ژووری پزیشك سەرەتا وەکو هەموو نەخۆشخانەیەکی تر چاوەڕوان بووم تاسەرەم بێت، کاتێك دانیشتم تەماشای چوار دەورم کرد، دەرکم بەوە کرد کەتووشبوون بەو نەخۆشییە زۆرە، نەخۆشەکان هەریەك بەشێوازێك لەئازاری جەستەو دەروونییان دەدوان کەرۆژانە سەردانی چەندین پزیشك دەکەن بۆ چارەسەر، بەهەرحاڵ سەرەی خۆم هات وچووم بۆ لای پزیشکەکە، لەپاش پشکنین پێی وتم، پێویست دەکات سۆنەرێکم بۆ بکەیت لەپاشان چارەسەرت بۆ دەکەم، بەڵام ئەمڕۆ ناتوانم نەتیجەکەی ببینم چونکە فریا ناکەوم، سبەینێ بۆم بێنە، بەڵام دەبێت سۆنەرەکە لەنەخۆشخانەی فێرکاریی بکەیت!! سەیر بوو لام، باشە سەنتەرێکی وەها کەبۆ چارەسەری مەترسیدارترین نەخۆشیی دانراوە، چۆن سۆنەری تیانییە؟ ئەی نەخۆش چۆن بەو ئازارەوە ئەم وەرەو بڕۆیە بکات؟ بەهەر شێوەیەك بێت چووم بۆ نەخۆشخانەی فێرکاریی لەوێش هەمان گێروگرفت هەبوو، کاتێك چووم بۆ بەشی سۆنەر، پێیان وتم دەبێت سەرەی مانگێك یان زیاتر دابنێیت!! لەپاشان وەرەوە سۆنەرەکەت بۆ دەکەین، تاکە رێگەش ئەوەیە کەلەدەرەوەی نەخۆشخانەکان لەعیادە ئەهلییەکاندا سۆنەرەکەت بکەیت تازووتر چارەسەرت بۆ بکرێت، هەرچۆنێك بێت لەدەرەوەی نەخۆشخانەکان سۆنەرەکەم کرد وبۆ رۆژی دوایی چوومەوە بۆ سەنتەرەکە، لەپاش چاوەڕوانییەکی زۆر چوومە لای پزیشك ونەتیجەی سۆنەرەکەم نیشاندا، بەسەرسووڕمانێکەوە پێی وتم: ناتوانم هیچ زانیارییەکت بدەمێ دەربارەی نەخۆشییەکەت، چونکە من پسپۆڕی تایبەت نیم بەم نەخۆشییە، ئەو پزیشکەی تایبەتە بەم نەخۆشییە ئەمڕۆ نایەت، هەر هەمان پزیشك ناونیشانی پزیشکێکی پێدام بۆچارەسەر، ئەمەش زیاتر لاوازیی ئەو سەنتەرەی بۆدەرخستم، ئەوەی کەجێگەی سەرسووڕمان بوو لای من، لەنەتیجەی سۆنەرەکەمدا لەپاش بەکارهێنانی عیلاجێکی زۆر کەبەنرخێکی زۆر گران کڕیم، دەرکەوتبوو نەخۆشییەکەم بەرێژەی ٥٠٪ زیادی کردبوو، بەو عیلاجەی کەلەلایەن پسپۆڕی تایبەتەوە بۆم نوسرابوو.